زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی ڕاگەیاندن/ تەلەڤزیۆن


# دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان لە پارێزگای سلێمانیدا


**نامەیەکە خوێندکار**

**هەژان هێرش عەلی**


**پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندن/ تەلەڤزیۆن-دا**


**بە سەرپەرشتی**

**پ.ی.د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا**



**۲۷۲۲ کوردی ۲۰۲۲ زاینی ۱٤٤۳ کۆچی**

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خویندكار (هەژان هێرش عەلی) بە ناونیشانی (دراما توركییە دۆبلاژكراوەكان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای كۆمەڵایەتی گەنجان لە پارێزگای سلێمانیدا) بە چاودێری ئێمە لە كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان / زانكۆی سلێمانی ئامادەكراوە، بەشێكە لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن)، پێشنیار دەكەین پێشكەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بكرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار:

پلەی زانستی:

ڕێكەوت: / / ٢٠٢٢

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشكەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەكەم.

واژۆ:

ناو:

سەرۆكی بەشی ( )

ڕێكەوت: / / ٢٠٢٢

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (هەژان هێرش عەلی) بە ناونیشانی (دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان لە پارێزگای سلێمانیدا) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک ولایەنەکانی تری کردەوە، بڕیارماندا بە پلەی ( ...................... ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی ( ...........) پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو:
سەرۆکی لیژنە:
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام:
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام و سەرپەرشتیار:
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی - پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو:
ڕاگری کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

# پێشکەشکردن

* بە (دایکم) ... ئەو فریشتەیەی خۆی کردە چرا بۆ ڕووناککردنەوەیماڵم.

* بە (باوکم) ... ئەو ئازیزەی هێزی پێبەخشیم و بووە باشترین نموونە بۆ پانتایی ژیانم.

* بە (باران) ... ئەو دیارییەی خواوەند، کە ڕووناکی بەخشییە تاریکییەکانی ڕۆژگارم.

توێژەر

# سوپاس و پێزانین

* سوپاس بۆ سەرپەرشتیارم (پ. ی. د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا) کە بەردەوام هاوڕێ و هاوکارم بووە.

* سوپاس بۆ مامۆستایان (پ. د. سابر بۆکانی)، (پ. ی. د. ئیبتیسام ئیسماعیل قادر)، (پ. ی. د. پەیمان عەبدولقادر مەجید)، (پ. ی. د. سەلام نەسرەدین محەمەد)، (پ. ی. د. ڕێبەر گۆران)، ( م. کاروان عەبدوڵا محەمەد)، ( م. نەبەز ئەحمەد)، (ئارام مەحموود) کە بە درێژایی نووسینی ئەم توێژینەوەیە بە زانیارییە بەسوودەکانیان پاڵپشت و پشتیوانم بوون.
* سوپاس بۆ سەرجەم کارمەندانی کتێبخانەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی.
* سوپاس بۆ سەرجەم کارمەندانی کتێبخانەی گشتی لە شاری سلێمانی.
* سوپاس بۆ سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی کە لە دامودەزگا حکومییەکاندا هاوکارم بوون و کارئاسانیان بۆ کردووم.
* سوپاس بۆ بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری بەشی دۆبلاژی ئەو کەناڵە ئاسمانیانەی زۆر هاوکاربوون و زانیاریان پێبەخشین، ئەوانیش (کوردسات، پەیام، سپێدە، ئێن ئارتی دوو، ئێن ئارتی چوار، نێت تیڤی، کوردماکس، کوردماکس شۆ، وارتیڤی، ئاڤا میدیا).
* سوپاس بۆ ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ بەڕێزان (پ.ی.د. سامان جەلال مەولود) ، (پ.ی.د. شێرکۆ جەبار محمد) ، (پ.ی.د. کاروان محمد حەسەن) کە بە گفتوگۆ زانستییەکانیان ئەم توێژینەوەیان دەوڵەمەندتر کرد.

توێژەر

# لیستی بابەتەکان


| لاپەڕە | ناوی بابەتەکان | زنجیرە |
|---|---|---|
| أ | بەرگی توێژینەوەکە | |
| ب | ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | |
| ت | ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ | |
| ث | پێشکەشکردن | |
| ج | سوپاس و پێزانین | |
| ح | لیستی بابەت | |
| ذ | لیستی خشتەکان | |
| س | لیستی شێوەکان | |
| س | لیستی پاشکۆکان | |
| ش | پوختە | |
| ١ | پێشەکی | |
| ٣ | **بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە** | |
| ٤ | کێشەی توێژینەوەکە | ١-١ |
| ٤ | ئامانجی توێژینەوەکە | ١-٢ |
| ٥ | گرنگی توێژینەوەکە | ١-٣ |
| ٦ | گریمانەکانی توێژینەوەکە | ١-٤ |
| ٦ | جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە | ١-٥ |
| ٧ | کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە | ١-٦ |
| ٧ | ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | ١-٧ |
| ٧ | سنوری توێژینەوەکە | ١-٨ |
| ٧ | ڕاستی ئامڕازی توێژینەوەکە | ١-٩ |
| ٩ | جێگیری داتای توێژینەوەکە | ١-١٠ |
| ١٠ | هاوکێشە ئاماری و بیرکارییەکانی توێژینەوەکە | ١-١١ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | دياريكردنی چەمك و زاراوەكانی توێژینەوەكە | ١-١٢ |
| ١١ | توێژینەوەكانی پێشوو | ١-١٣ |
| ١٦ | تیۆرە بەكارهاتووەكان لە توێژینەوەكەدا | ١-١٤ |
| ٢٤ | **بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەكە هونەری دراماو ڕەنگدانەوەی لەسەر بەها كۆمەڵایەتییەكان** | |
| ٢٥ | پێگە و بایەخی هونەری دراما | ٢-١ |
| ٢٥ | دراما لەڕوانگەی زمانەوانییەوە | ٢-١-١ |
| ٢٧ | مێژووی سەرهەڵدانی دراما لە جیهاندا | ٢-١-٢ |
| ٢٩ | بایەخی دراما | ٢-١-٣ |
| ٣١ | تایبەتمەندییەكانی دراما | ٢-١-٤ |
| ٣٢ | زنجیرە درامای تەلەڤزیۆنی | ٢-١-٥ |
| ٣٨ | بوونیادی هونەریی دراما | ٢-١-٦ |
| ٤٠ | دەروازەیەک بۆ هونەری دۆبلاژ لە درامادا | ٢-٢ |
| ٤٠ | چەمك و پێناسەی دۆبلاژ | ٢-٢-١ |
| ٤١ | مێژووی دۆبلاژ | ٢-٢-٢ |
| ٤٢ | سەرهەڵدانی درامای توركی دۆبلاژكراو و قۆناغەكانی گەشەسەندنی | ٢- ٣ |
| ٤٢ | درامای توركی دۆبلاژكراو | ٢-٣-١ |
| ٤٢ | مێژووی سەرهەڵدانی درامای توركی دۆبلاژكراو | ٢-٣-٢ |
| ٤٣ | ناوەرۆكی دراما توركییەكان | ٢-٣-٣ |
| ٤٤ | هۆكارەكانی بڵاوبوونەوەی درامای توركی دۆبلاژكراو | ٢-٣-٤ |
| ٤٥ | هۆكارەكانی پەیوەستبوون بە دراما توركییە دۆبلاژكراوەكانەوە | ٢-٣-٥ |
| ٤٦ | لە گرنگترین كاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەكانی درامای توركی دۆبلاژكراو | ٢-٣-٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤-٢ | پێگەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا | ٤٨ |
| ٥-٢ | بەها و بەهای کۆمەڵایەتی لە نێو دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکاندا | ٥٩ |
| ١-٥-٢ | گرنگی بەها لە بوارە جیاجیاکاندا | ٦٠ |
| ٢-٥-٢ | سەرچاوەکانی بەها | ٦١ |
| ٣-٥-٢ | پۆلێنکردنی بەهاکان و جۆرەکانی | ٦٣ |
| ٤-٥-٢ | بەها و پەیوەندی بە هەندێک دەستەواژەی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە | ٦٦ |
| ٥-٥-٢ | بەها کۆمەڵایەتییەکان | ٧١ |
| ٦-٥-٢ | تایبەتمەندییەکانی بەهاکۆمەڵایەتییەکان | ٧٢ |
| ٧-٥-٢ | گرنگی بەها کۆمەڵایەتییەکان | ٧٣ |
| ٢- ٦ | ڕەنگدانەوەی پەیامە میدیاییەکان لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان | ٧٤ |
| ١-٦-٢ | گەنج و تایبەتمەندییەکانی | ٧٤ |
| ٢-٦-٢ | ڕۆڵی گەنجان لەنێو کۆمەڵگەدا | ٧٥ |
| ٣-٦-٢ | ڕەنگدانەوەی میدیا لە سەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان | ٧٧ |
| | **بەشی سێیەم: چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکە پێگە و ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان** | ٧٩ |
| ١-٣ | پێگەی درامای تورکی دۆبلاژکراو لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا | ٨٠ |
| ٢-٣ | ئەنجامی وەڵامی بەرتوێژان سەبارەت بە دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان لە پارێزگای سلێمانیدا (ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی) | ٨٥ |
| ١-٢-٣ | تایبەتمەندی دیمۆگرافی لێتوێژراوانی توێژینەوەکە | ٨٥ |
| ٢-٢-٣ | تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەلایەن گەنجانەوە | ٨٧ |
| ٣-٢-٣ | درامای تورکی دۆبلاژکراو و بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان | ٩٢ |
| ٤-٢-٣ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەکان وشیکردنەوەیان | ١٠٦ |
| | دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان وپێشنیارەکان | ١٢١ |

| | | |
|---|---|---|
| | سەرچاوەکان | ١٢٥ |
| | پاشکۆکان | ١٣٦ |
| | پوختەی عەرەبی | ١٦٦ |
| | پوختەی ئینگلیزی | ١٦٧ |


## لیستی خشتەکان


| ژمارەی خشتە | ناوی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | جێگیری داتای توێژینەوەکە | ٩ |
| ٢ | ژمارەی درامای تورکی دۆبلاژکراو لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا | ٨٠ |
| ٣ | پێگەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان بەراورد بە دراما بیانییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا | ٨١ |
| ٤ | جۆری درامای تورکی دۆبلاژکراو لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا | ٨١ |
| ٥ | شێوازی دەستنیشانکردنی درامای تورکی بۆ دۆبلاژکردن لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا | ٨٢ |
| ٦ | جۆری دیالێکتە کوردییەکان لە پەخشکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکاندا | ٨٣ |
| ٧ | ناوەندی دۆبلاژکردنی دراما تورکییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا | ٨٣ |
| ٨ | دەستکەوتی مادی لە ڕێگەی پەخشی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکانەوە | ٨٤ |
| ٩ | جۆری سانسۆر لەسەر دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان بەر لە پەخشکردنیان | ٨٥ |
| ١٠ | خستنەڕووی زانیارییە دیمۆگرافییەکانی لێتوێژەران | ٨٦ |
| ١١ | کاتژمێری تەماشاکردنی دراما تورکی دۆبلاژکراو لە لەلایەن گەنجان لە ڕۆژێکدا | ٨٧ |
| ١٢ | تەماشای درامای تورکی دۆبلاژکراو لەگەڵ دەوروبەر | ٨٨ |
| ١٣ | ئامڕازی بەکارهاتوو بۆ تەماشاکردنی درامای تورکی دۆبلاژکراو لەلایەن گەنجان | ٨٩ |
| ١٤ | دیارترین ئەو کەناڵانە ئاسمانییە کوردیانەی کە گەنجان تەماشای دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکانی لێوە دەکەن | ٨٩ |
| ١٥ | تەماشاکردنی درامای تورکی دۆبلاژکراو لە لەلایەن گەنجان لە ڕۆژێکدا | ٩٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦ | دیارترین جۆری ئەو دراما تورکییە دۆبلاژکراوانەی گەنجان تەماشای دەکەن | ٩١ |
| ١٧ | گفتۆگۆی گەنجان لە کاتی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا | ٩١ |
| ١٨ | ئەو بابەتانەی کە گەنجان گفتوگۆی لەسەر دەکەن | ٩٢ |
| ١٩ | پاڵنەرە دەروونییەکانی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان | ٩٤ |
| ٢٠ | پاڵنەرە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان | ٩٦ |
| ٢١ | پاڵنەرە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان | ٩٨ |
| ٢٢ | پاڵنەری جوانیناسی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان | ١٠٠ |
| ٢٣ | تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان | ١٠٢ |
| ٢٤ | تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر کەسێتی گەنجان | ١٠٤ |
| ٢٥ | ڕای گەنجان سەبارەت بە دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان | ١٠٥ |
| ٢٦ | چۆنێتی بەردەوامبوونی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پەخشکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان | ١٠٥ |
| ٢٧ | پەیوەندی لە نێوان تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان | ١٠٦ |
| ٢٨ | پەیوەندی لەنێوان تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتی گەنجان | ١٠٧ |
| ٢٩ | پەیوەندی لە نێوان تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و پاڵنەرە دەروونییەکان | ١٠٧ |
| ٣٠ | پەیوەندی لەنێوان تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و پاڵنەرە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان | ١٠٨ |
| ٣١ | پەیوەندی لەنێوان تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و پاڵنەرە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا | ١٠٨ |
| ٣٢ | پەیوەندی لەنێوان تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و پاڵنەرە | ١٠٩ |

| | | |
|---|---|---|
| | جوانیناسییەکان | |
| ٣٣ | جیاوازی لە نێوان ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی بەپێی تایبەتمەندی دیمۆگرافی ڕەگەزی گەنجان | ١٠٩ |
| ٣٤ | ئەنجامی جیاوازی نێوان ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی گەنجان | ١١٠ |
| ٣٥ | جیاوازی نێوان ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی بەپێی تایبەتمەندی دیمۆگرافی تەمەنی گەنجان | ١١٠ |
| ٣٦ | ئەنجامی جیاوازی نێوان ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی بەپێی تەمەنە جیاوازەکانی گەنجان | ١١٠ |
| ٣٧ | جیاوازی نێوان ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندنی گەنجان | ١١١ |
| ٣٨ | ئەنجامی جیاوازی نێوان ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندنی گەنجان | ١١٢ |
| ٣٩ | جیاوازی لە نێوان ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی و پیشەی گەنجان | ١١٢ |
| ٤٠ | ئەنجامی جیاوازی نێوان ڕەنگدانەوە لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی و پیشە جیاوازەکان | ١١٢ |
| ٤١ | جیاوازی لە نێوان ڕەنگدانەوە لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی و باری خێزانی گەنجان | ١١٣ |
| ٤٢ | ئەنجامی جیاوازی نێوان ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی و باری خێزانی گەنجان | ١١٣ |
| ٤٣ | جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لە نێوان ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی و خەرجی مانگانەی گەنجان | ١١٣ |
| ٤٤ | ئەنجامی جیاوازی نێوان ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی و خەرجی مانگانەی گەنجان | ١١٤ |
| ٤٥ | جیاوازی لە نێوان ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەرکەسێتی گەنجان بەپێی تایبەتمەندی دیمۆگرافی ڕەگەز | ١١٥ |
| ٤٦ | ئەنجامی جیاوازی ڕەنگدانەوە لەسەر کەسێتی بۆ هەریەک لە نێر و مێ | ١١٥ |
| ٤٧ | جیاوازی نێوان ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتی بۆ تەمەنی جیاوازی گەنجان | ١١٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٨ | ئەنجامی جیاوازی نێوان ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتی بەپێی تەمەنە جیاوازەکانی گەنجان | ١١٦ |
| ٤٩ | جیاوازی نێوان ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتی و ئاستی خوێندنی گەنجان | ١١٦ |
| ٥٠ | ئەنجامی جیاوازی نێوان ڕەنگدانەوە و ئاستە جیاوازەکانی خوێندن | ١١٧ |
| ٥١ | جیاوازی لە نێوان ڕەنگدانەوە لەسەر کەسێتی و پیشەی گەنجان | ١١٧ |
| ٥٢ | ئەنجامی جیاوازی لە نێوان ڕەنگدانەوە لەسەر کەسێتی و پیشە جیاوازەکاندا | ١١٧ |
| ٥٣ | جیاوازی لە نێوان ڕەنگدانەوە لە سەر کەسێتی و باری خێزانی گەنجان | ١١٨ |
| ٥٤ | ئەنجامی جیاوازی لە نێوان ڕەنگدانەوە لە سەر کەسێتی و باری خێزانی گەنجان | ١١٨ |
| ٥٥ | جیاوازی لە نێوان ڕەنگدانەوە لەسەر کەسێتی و خەرجی مانگانەی گەنجان | ١١٩ |
| ٥٦ | ئەنجامی جیاوازی نێوان ڕەنگدانەوە لەسەر کەسێتی و خەرجی مانگانەی گەنجان | ١١٩ |


## لیستی شێوەکان


| ژمارەی شێوە | ناوی شێوە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | تیۆری بەکارهێنان و تێربوون | ١٨ |
| ٢ | تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری | ٢١ |
| ٣ | پەیکەری پێویستییەکان لە تیۆری (ماسلۆ)دا | ٦٧ |
| ٤ | دیاریکردنی هەڵسوکەوت بە بەها و ئامانج | ٦٩ |


## لیستی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆ | ناوی پاشکۆ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | فۆڕمی وەرگرتنی ڕا (اِستطلاعی) دانانی ئەنجامی فۆڕمی وەرگرتنی ڕا | ١٣٧ |
| ٢ | وەڵامی لێتوێژەران بۆ فۆڕمی وەرگرتنی ڕا (اِستطلاعی) | ١٤١ |
| ٣ | فۆڕمی چاوپێکەوتنی زانستی | ١٥٢ |
| ٤ | فۆڕمی ڕاپرسی | ١٥٥ |
| ٥ | بەهاکۆمەڵایەتییەکان و خستنە رووی سەرچاوەکانیان | ١٦٣ |
| ٦ | ناوی بەڕێوەبەری کەناڵ و بەشی دۆبلاژی ١٠ کەناڵی ئاسمانی کوردی | ١٦٤ |

# پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان ورەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان لە پارێزگای سلێمانیدا)یە، مەبەستی سەرەکی دیاریکردن و بە ئاگابوونە لە ڕادە و هۆکاری تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەلایەن گەنجانی پارێزگای سلێمانییەوە و ئەو کاریگەریانەی دروستیکردووە، بە تایبەت لە بڵاوکردنەوەی بەهای کۆمەڵایەتی جیاواز و نامۆ، بۆ ئەم مەبەستە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ژمارەیەک سامپڵ وەربگرێت لە نێو کۆمەڵگەدا. ئامانج لەم توێژینەوەیە بە ئاگابونە لە ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان لە پارێزگای سلێمانیدا، ئەم هەوڵە زانستیەش گرنگی خۆی هەیە بەو پێیەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە هەیە. ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەسفیەکانە و پشتی بەستووە بە میتۆدی رووپێویکردن بە بەکارهێنانی ڕاپرسی بۆ سامپڵێکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار بۆ گەنجان لەپارێزگای سلێمانی کە ژمارەیان (٣٠٢) گەنجە.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێکی دیاریکراو لەوانە:

١. گەنجان لە ڕێی ئامێری تەلەڤزیۆنەوە تەماشای دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان دەکەن لەگەڵ خێزانەکانیاندا.

٢. کەناڵی کوردماکس پڕبینەرترین کەناڵی ئاسمانییە لەلای گەنجان لە پارێزگای سلێمانیدا.

٣. زۆرینەی بەرتوێژەکانی توێژینەوەکە تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان دەگەڕێننەوە بۆ پاڵنەری دەروونی کە (خوپێوەگرتن)ە، یەکێکی تر لە پاڵنەرەکانی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان پاڵنەرە کلتوری و کۆمەڵایەتیەکان (پڕکردنەوەی کاتەبەتاڵەکان)ە. بەرزترین و دیارتین وەڵامی لێتوێژەران بۆ پاڵنەری پەروەردە و فێرکاری پاڵنەری (زانینی سروشت و جوگرافیای وڵاتانی تر)ە، هەروەها لە گرنگترین پاڵنەرەکانی جوانیناسیدا بڕگەی (جوانی دیکۆری ناوماڵ) بەرزترین و گرنگترینە لە لای گەنجان.

٤. زۆرینەی گەنجان لە تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتییان پێیانوایە کە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ناپاکی لە نێوان هاوسەرەکاندا، بەو پێیەی لەنێو دراما تورکییەکاندا بەهای کۆمەڵایەتی نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردی لەخۆ دەگرێت کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ناپاکی.

٥. دراما تورکییەکان ڕەنگدانەوەیان لەسەرکەسێتی گەنجان هەیە و دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوە.

٦. پەیوەندی ئاماژەی ئاماری هەیە لە نێوان تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان لە پارێزگای سلێمانیدا.

٧. پەیوەندی ئاماژەی ئاماری هەیە لە نێوان تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتی گەنجان.

٨. جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لە نێوان ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی بە پێی تایبەتمەندی دیمۆگرافی ڕەگەزی گەنجان، ئەم جیاوازیەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێدایە.

# پێشەکی

لە سەرەتای دروستبوونی تەلەڤزیۆنەوە دراما پانتاییەکی بەرفراوانی لە پەخشی زۆرێک لە کەناڵەکان داگیرکردووە و توانیویەتی ببێتە ژانەرێکی گرنگ بۆڕاکێشانی جەماوەر بەلای خۆیدا، جگە لەوەی دراما توانیویەتی چەندین پەیامی جۆراوجۆر ئاراستەی جەماوەر بکات. دوای بڵاوبوونەوەی کەناڵی تایبەتمەندیش بواری دراما بەشێکی گرنگی کەناڵە هونەرییەکان بووە لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان و لە نێو هەرێمی کوردستاندا دراما هەمیشە بەشێک بووە لە بابەتە تەلەڤزیۆنییەکان، بە لۆکاڵی و ئاسمانییەکانەوە، هەروەک دراما توانیویەتی بە تێپەڕاندنی سنورەکانی کات و شوێن جەماوەرێکی گەورە بەلای خۆیدا پەلکێش بکات، بەو پێیەی هەمیشە کار لەسەر بوونیادنانی وێنە دەکات و پەیامە درامییەکان توانای ئەوەی هەیە ڕەنگدانەوە و کاریگەریی زۆر لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان و فەرهەنگ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دروستبکات، بە جۆرێک لە سایەی ئەو گەشەسەندنە تەکنەلۆژییەی مرۆڤایەتی پێی ئاشنابووە، پەیامی درامای تەلەڤزیۆنی توانیویەتی شێوە جۆراوجۆرەکانی هۆشیاری بوونیادبنێت، کە لە وێناکردن و بیرۆکە و فەرهەنگی هەمەجۆر و تێکەڵەیەکی گواستراوە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە بەرجەستە ببێت، کە بەلای هەندێک کۆمەڵگەی ناوخۆییەوە ئەو هۆشیارییە بە سنوربەزێن لەقەڵەم بدرێت، بەوشێوەیە ڕەنگە شێوەی جیاوازی گۆڕانکاری لە ژیانی فیکری و رووکەش و ڕەفتار و نەریت و بەهای کۆمەڵایەتیدا بخوڵقێت.

دراماکان بەهۆی ئەو بابەتانەی کە پێشکەشی دەکەن، هەموو ڕێگرییە ڕۆشنبیرییە تەقلیدییەکانیان شکاندووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی زۆرکات دراماکان کێشەیەکی ناو کۆمەڵگەیان هێناوە و بەرگێکی دراماییان بە بەرداکردووە، بە جۆرێک نزیک بێ لە واقیع، بە هۆی ئەمەوە کۆمەڵگەکان نزیکبوونەوەیان بە خۆیانەوە بینیوە و ئاشنابوون بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی دراماکانیان تیادا بەرهەمهێناوە.

لەپاش بەرهەمهێنانی ئەو درامایانە لەلایەن وڵاتی تورکیاوە، پاشان بە بازاڕکردنی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، لەلایەن بەشێکی زۆری وڵاتان کاری دۆبلاژ و وەرگێڕانی بۆ ئەنجامدراوە و هەر وڵاتەو بە زمانی خۆی پێشکەشی بینەرە ناوخۆییەکانی کردووە و لەم نێوەندەشدا توانیویانە لە ماوەیەکی کورتدا شاشەی تەواوی کەناڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگیربکەن و بچنە نێو تەواوی ماڵەکانەوە. ئەم دراما تورکیانە پڕن لە بەهای کۆمەڵایەتی، کە لە ڕۆشنبیری و بەهای کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی ئەو وڵاتەوە سەرچاوەیان گرتووە.

دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان گرنگییەکی گەورەیان هەیە لە پێکهێنانی ڕەفتاری تاک و ئاراستەکردنی، هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر ڕەگداکوتانی بەهایەکی کۆمەڵایەتی، یان لاوازبوونی بەهایەکی کۆمەڵایەتی، یان گۆڕانکاری بەسەریاندا. دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی بینەرەکانی لە جیهاندا، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕادەی کاریگەریی ئەو درامایانە لەسەر ڕایگشتی و تاکەکان لە هەڵکشاندایە و مایەی گفتوگۆ و ڕاڤەکردنی جیاوازە.

تەماشاکردنی زۆری دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەلایەن بینەرانەوە، بە تایبەتی گەنجان، کە تـوێژێکی زۆر هەستیار و گرنگن بۆ بوونیادنانی داهاتووی هەر کۆمەڵگەیەک و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکانیان و کەسێتیان، بە تـایبەتی کە دەبێتە هـۆی ئەنجامـدانی ڕەفتـاری نـامۆ و لاسـاییکردنەوەی ستایلی جلوبەرگ و دیکـۆراتی ناومـاڵ، یـان زیـادبوونی ڕێـژەی سـەردانیکردنی شـوێنە گەشـتیارییەکان لەلایەن گەنجانەوە.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کـۆمەڵایەتی گەنجـان لە پارێزگـای سـلێمانیدا)یە، مەبەسـتی سـەرەکیی لێـی دیـاریکردن و بەئاگـابوونە لە ڕادە و هۆکـاری تەماشـاکردنی درامـا تـورکییە دۆبلاژکراوەکـان لە لایەن گەنجـانی پارێزگـای سـلێمانییەوە و ئەو کاریگەریـانەی دروستیکردووە، بە تـایبەت لە بڵاوکـردنەوەی بەهـای کـۆمەڵایەتی جیـاواز و نـامۆ و لە گرنگتـرین ئامانجەکـانی توێژەر ئاشکراکردنی ئاستی ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجانە.

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە سێ بەش، بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتـۆدی تـوێژینەوەکە کە پێکهـاتووە لە (ناونیشـانی تـوێژینەوەکە، کێشـەی تـوێژینەوەکە، ئامـانجی تـوێژینەوەکە، گرنگـی تـوێژینەوەکە، گریمانەکـانی تـوێژینەوەکە، دیـاریکردنی چەمـک و زاراوەکـان، توێژینەوەکـانی پێشـوو، تیـۆرییە بەکارهاتووەکـان لە توێژینەوەکەدا). بەشی دووەمیش کە چوارچێوەی تێۆری توێژینەوەکەیە پێکهـاتووە لە (پـێگە و بـایەخی هـونەری دراما، دەروازەیەک بۆ هـونەری دۆبـلاژ لە درامـادا، سـەرهەڵدانی درامـای تـورکی دۆبلاژکـراو و قۆناغەکـانی گەشەکردنی، پێگەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، بەها و بەهای کۆمەڵایەتی لە نێو دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکاندا، ڕەنگدانەوەی پەیـامە میـدیاییەکان لە سـەربەهای کـۆمەڵایەتی گەنجـان). بەشی سێیەم کە چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکەیە لە دوو بەش پێکهاتووە (پێگەی درامای تورکی دۆبلاژکراو لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا)،(دراما تـورکییە دۆبلاژکراوەکـان و ڕەنگدانەوەیان لەسـەر بەهـای کـۆمەڵایەتی گەنجان لە پارێزگای سلێمانیدا). پاشان دیـاریکردنی گرنگتـرین دەرەنجـام و پێشـنیار و ڕاسپاردەکان و پـوختەی توێژینەوەکە بەزمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی.

لە کۆتاییدا پێویسـتە ئامـاژە بەوەبـدرێت ئەم تـوێژینەوەیە هەوڵێکـی مـرۆییە بـۆ گەیشـتن بە ئامانجێـک، کە بێگومان بێ کەموکوڕی نییە، بەو پێیەی کامڵبوون تەنها بۆ خواوەندە و تەنها ئەو ناکەوێتە هەڵەوە.

# بەشی یەکەم
# چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

١-١- کێشەی توێژینەوەکە

١-٢- ئامانجی توێژینەوەکە

١-٣- گرنگی توێژینەوەکە

١-٤- گریمانەکانی توێژینەوەکە

١-٥- جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە

١-٦- کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە

١-٧- ئامرازەکانی توێژینەوەکە

١-٨- سنوری توێژینەوەکە

١-٩- ڕاستی ئامرازەکانی توێژینەوەکە

١-١٠- جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە

١-١١- هاوکێشە ئامارییەکانی توێژینەوەکە

١-١٢- دیاریکردنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە

١-١٣- توێژینەوەکانی پێشوو

١-١٤- تیۆرییە بەکارهاتووەکان لە توێژینەوەکەدا

# بەشی یەکەم
# چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

## ١-١- کێشەی توێژینەوەکە:

دیاریکردنی کێشە هەنگاوی یەکەمە و تیایدا کێشەکە دەناسێنرێت، کێشەی توێژینەوە ڕەنگە پرسیارێک بێت لە بابەتێکی دیاریکراو، یان خاڵی ناکۆکی نێوان ئەنجامی تێژینەوەکان بێت، یان لایەنێکی تەواونەکراوی مەعریفە بێت.(بۆکانی، ٢٠١٦: ٣٦) کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ئاشکراکردنی ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجانی هەرێمی کوردستان. لەبەر ڕۆشنایی ئەو کێشەیە دەکرێت پرسیارەکانی توێژینەوەکە بەمشێوەیە بخرێنەڕوو:

١. ئاست و قەبارەی تەماشاکردنی گەنجان لە پارێزگای سلێمانی بۆ دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا چەندە؟

٢. کامانەن جۆری ئەو دراما تورکییە دۆبلاژکراوانەی کە لێتوێژەران لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە تەماشای دەکەن؟

٣. کامانەن ئەو پاڵنەرانەی کە لە پشت تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکانەوەن لە لای گەنجان لە پارێزگای سلێمانیدا؟

٤. ئاستی ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لیتوێژەران چەندە؟

٥. ئاستی ڕەنگدانەوەی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر کەسێتی گەنجان لە پارێزگای سلێمانیدا چەندە؟

٦- ئەو کەناڵانە کامانەن کە گرنگی زۆریان بە پەخشکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان داوە؟

٧- گەنجان لەگەڵ کێ تەماشای دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان دەکەن؟

## ١-٢- ئامانجی توێژینەوەکە:

توێژەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەوە ئەم ئامانجانەی خوارەوە بەدیبێنێت:

١. ئاشکراکردنی ئاست و قەبارەی تەماشاکردنی گەنجان لە پارێزگای سلێمانی بۆ دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.

٢. خستنەڕووی دیارترین جۆری ئەو دراما تورکییە دۆبلاژکراوانەی کە لێتوێژەران لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە تەماشای دەکەن.

٣. به ئاگابوون له دیارترین پاڵنەرە ( دەروونی و کولتووری وکۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و فێرکاری و جوانیناسی)یەکان له تەماشاکردنی دراما تورکییه دۆبلاژکراوەکان له لایەن گەنجانی پارێزگای سلێمانییەوە.

٤. دەرخستنی ئاستی ڕەنگدانەوەی دراما تورکییه دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لێتوێژەران.

٥. زانینی ئاستی ڕەنگدانەوەی تەماشاکردنی دراما تورکییه دۆبلاژکراوەکان لەسەر کەسێتی گەنجان پارێزگای سلێمانیدا.

٦- ئاشکراکردنی ئەو کەناڵە کوردییانەی کە زۆرترین درامای تورکی دۆبلاژکراو پەخش دەکەن.

٧- زانینی شێوازی تەماشا کردن و گفتوگۆی نێوان گەنجان و ئەندامانی خێزان له بارەی ناوەرۆکی دراما تورکییه دۆبلاژکراوەکان.

## ١-٣- گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە دووگۆڕاوی گرنگ لەخۆدەگرێت، ئەوانیش (درامای تورکی و بەهای کۆمەڵایەتییە) لای گەنجان.

بۆیە ئێمە لە بەرامبەر ئاوێنەیەکین کە دوو ڕۆشنبیری جیاواز بەرپەرچ دەداتەوە، ڕۆشنبیرییەکی دەرەکی کە لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایی پەیوەندییەوە گەیشتووە پێمان. هەروەها ڕۆشنبیرییەکی ناوخۆیی ڕەسەن کە ڕەگی لە کۆمەڵگەدا داکوتاوە. لە ڕێگەی ئەم دوو گۆڕاوەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت کە هەوڵدەدات کاریگەرییەکانی ڕۆشنبیرییە دەرەکییەکە لەسەر ڕۆشنبیرییە ناوخۆییەکە دەربخات، جا بە ئەرێنی بێت، یان نەرێنی. هەروەها مەودای هۆشیاری گەنجان بەم گۆڕانکاریانەی کە ڕوودەدەن بەسەر ئەو بەهاکۆمەڵایەتیانەی کە لە باوک و باپیرانەوە دەستکەوتووە.

توێژەر وایدەبینێت ئەم توێژینەوە گرنگی هەیە لە ڕووی:

١. **گرنگی ئەکادیمی:** لەپێناو پەرەدان بە لایەنی زانستی بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنییە کە بریتییە لە دراما، بە تایبەت دراما دۆبلاژکراوەکان، کە دەبێتە توێژینەوەیەکی زانستی و کەلێنێک لەنێو کتێبخانەکانی ناوەندە ئەکادیمییە جۆراوجۆرەکاندا پڕدەکاتەوە لە هەرێمی کوردستاندا.

٢. **گرنگی پراکتیکی:** بەو پێیەی دراما یەکێکە لەو ژانەرە خەیاڵئامێزانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە هەیە، گرنگە لەو کاریگەریانە تێبگەین کە لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان دروستیدەکات، بەتایبەت لە هەرێمی کوردستاندا کە ڕووبەرووی لێشاوێک لە پەیامی میدیایی جۆراوجۆر دەبێتەوە بە بێ ئەوەی فلتەری پێشوەختەی بۆ دابنرێت، هەروەها ئەم توێژینەوەیە بەرچاوڕوونییەک دەدات بە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردییەکان تا لەوە بەئاگا بن کە ئەو درامایانە بە گشتی چی ڕەنگدانەوەیەک لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە وگەنجان بە تایبەتی دروستدەکەن.

**٣. گرنگی بۆ کۆمەڵگە:** بەو پێیەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان خۆیان دەکەن بە گشت ماڵێکدا و لە ڕێگەی شاشەکانەوە پەیام و بەهای جۆراوجۆر بڵاودەکەنەوە و کاریگەری دەکەنە سەرپرۆسەی پەروەردەکردنی تاکەکان لەنێوخێزانەکاندا، بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە بەرچاوڕوونییەک بۆ شێوازی مامەڵەی خێزان لەگەڵ ئەو درامایانە و بە ئاگابوون لە ناوەرۆک و بەهاکانی.

## ١-٤- گریمانەکانی توێژینەوەکە:

- **گریمانەی یەکەم:** پەیوەندی ئاماژەی ئاماری هەیە لە نێوان تاماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان لە پارێزگای سلێمانیدا.

- **گریمانەی دووەم:** پەیوەندی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەرکەسێتی گەنجان.

- **گریمانەی سێیەم:** پەیوەندی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و پاڵنەرەکاندا.

- **گریمانەی چوارەم:** جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەلایەتی گەنجان بەپێی تایبەتمەندییە دیمۆگرافیەکان.

- **گریمانەی پێنجەم:** جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر کەسێتی گەنجان و تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکان.

## ١-٥- جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

### - جۆری توێژینەوەکە

جۆری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە توێژینەوە وەسفییەکان، چونکە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە وەسفکردنی تایبەتمەندییە وردەکانی دیاردەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکانە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر گەنجانە لە پارێزگای سلێمانیدا.

### - میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە میتۆدی ڕووپێوی کردن بە هەردوو جۆرەکەی ڕووپێوی وەسفی و ڕووپێوی کردنی شیکاری، کە دیارترین میتۆدی بەکارهاتوون لە توێژینەوە وەسفییەکانی بواری گەیاندن و ڕاگەیاندندا.

لە ئامرازەکانی میتۆدی ڕووپێوی کردن، چاوپێکەوتنی زانستی (چاوپێکەوتنی شەخسی)، فۆڕمی ڕاپرسی (ڕاپرسی دەستی) بەکارهێنراوە.

## ١-٦- کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە:

گەنجان لە پارێزگای سلێمانی نمایشی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکەن و توێژەر سامپڵێکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار بۆ (٣٠٢) گەنج لە پارێزگای سلێمانی هەڵبژاردووە بەپێی تایبەتمەندی دیمۆگرافی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، پیشە، باری خێزانی، خەرجی مانگانە).

## ١-٧- ئامڕازەکانی توێژینەوەکە:

**١/ فۆڕمی ڕاپرسی:** توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە ئامڕازی فۆڕمی ڕاپرسی بەستووە بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری پەیوەست و پەیوەندیدار بە پرسیار و ئامانجی توێژینەوەکە.

**٢/ چاوپێکەوتنی زانستی:** توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ئامڕازی چاوپێکەوتنی زانستی بەکارهێناوە بەمەبەست و ئامانجی زانین و کۆکردنەوە و گەیشتن بە زانیاری دیاریکراو و هەندێک داتای پێویست و تایبەت بە دراما بیانی و تورکییە دۆبلاژکراوەکان.

## ١-٨- سنوری توێژینەوەکە:

بۆ دیاریکردنی بواری توێژینەوەکە سێ بواری سەرەکی تێدا ڕەچاوکراوە:

١. **سنوری بابەت:** درامای تورکی دۆبلاژکراو و بەهای کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.

٢. **سنوری مرۆیی:** گەنجان لە پارێزگای سلێمانی دەگرێتەوە.

٣. **سنوری شوێن:** پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە.

٤. **سنوری کات:** توێژەر کاتی ئامادەکردنی توێژینەوەکەی دەکەوێتە نێوان ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بەڵام ماوەی پراکتیزەکردنی ئامڕازی توێژینەوەکە لە (٢٠٢١/٩/١ تاوەکو ٢٠٢١/١٢/١).

## ١-٩- ڕاستی ئامڕازەکانی توێژینەوەکە:

١/ بۆ دەرهێنانی دروستی فۆرمی توێژینەوەکە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە ڕاستی ڕواڵەت بەستووە بۆ پرسیار و بڕگەکانی ئامڕازی بەکارهاتوو، کە بریتییە لە پیشاندانی فۆڕمەکە بە ژمارەیەک هەڵسەنگێنەری ئەکادیمی(*) بۆئەوەی هەڵوێستی خۆیانی لەبارەوە بخەنە ڕوو، دوای گەڕانەوەی فۆڕمەکە لەلایەن هەڵسەنگێنەرانەوە تێبینیەکانیان بەهەند وەرگیراوە و فۆڕمەکە بە ڕێژەی(٩٤.٤٤٪). ڕێکەوتنی هەڵسەنگێنەرانی وەرگرت کە لە ڕووی زانستییەوە دروستی فۆڕمەکە پیشاندەدات، بە پێی ئەم هاوکێشەیەی لای خوارەوە:

---

* ناوی هەڵسەنگێنەران بە گوێرەی پلەی زانستیان:
١- پ.ی.د فوئاد عەلی، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٢- پ.ی.د نەزاکەت حسێن حمەسەعید، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٣- پ.ی.د سەلام نەسرەدین محەمەد، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٤- پ.ی.د عومەر ئەحمەد ڕەمەزان، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٥- پ.ی.د ڕێبەر گۆران مستەفا، بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلیژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی.
٦- پ.ی.د پەیمان عەبدولقادر مەجید، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ، زانکۆی سلێمانی.
٧- پ.ی.د سامان جەلال مەولود، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.

$$\text{هاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت} = \frac{\text{بڕگە گونجاوەکان}}{\text{کۆی بڕگەکان}} \times ١٠٠$$

$$\text{ڕاستی ڕواڵەت} = \frac{٦٨}{٧٢} \times ١٠٠$$

$$= ٪٩٤.٤٤$$

ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ڕواڵەتی بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە.

٢/ هەروەها لە ڕاستی ئامڕازی چاوپێکەوتنی زانستیدا بە هەمان شێوە توێژەر ڕاستی ڕواڵەتی بەکارهێناوە بۆ ئامرازەکە بۆ پرسیار و بڕگەکانی ئامڕازی بەکارهاتوو، کە بریتییە لە پیشاندانی فۆڕمەکە بە ژمارەیەک هەڵسەنگێنەری ئەکادیمی(*) بۆئەوەی هەڵوێستی خۆیانی لەبارەوە بخەنە ڕوو، دوای گەڕانەوەی فۆڕمەکە لە لەلایەن هەڵسەنگێنەرانەوە تێبینیەکانیان بەهەند وەرگیراوە و فۆڕمەکە بە ڕێژە (٩٣.٣٪). ڕێکەوتنی هەڵسەنگێنەرانی وەرگرت کە ئەمەش لە ڕووی زانستییەوە دروستی فۆڕمەکە پیشاندەدات، بە پێی ئەم هاوکێشەیەی لای خوارەوە:

$$\text{هاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت} = \frac{\text{بڕگە گونجاوەکان}}{\text{کۆی بڕگەکان}} \times ١٠٠$$

$$\text{ڕاستی ڕواڵەت} = \frac{١٤}{١٥} \times ١٠٠$$

$$= ٪ ٩٣.٣$$

ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ڕواڵەتی بڕگەکانی ئامڕازی چاوپێکەوتنی زانستی توێژینەوەکە.

* ناوی هەڵسەنگێنەران بە گوێرەی پلەی زانستیان:
١- پ.ی.د عومەر ئەحمەد ڕەمەزان، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٢- پ.ی.د ڕێبەر گۆران مستەفا، بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلیژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی.
٣- پ.ی.د سامان جەلال مەولود، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

## ١-١٠- جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە:

١- توێژەر بۆ جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە جێگیری ناوخۆیی بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ (Cronbachs Alpha) بەکارهێناوە، کە ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی لای خوارەوەیە:

**خشتەی ژمارە (١)**

**جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە**

| پرسیارەکان | بڕگەکان | ئەنجامی هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ |
|---|---|---|
| ٢١ | ٧٢ | ٠.٩٨٤ |

بە پێی ئەنجامی هاوکێشەی (ئەلفاکرونباخ) کە بریتی بوو لە (٠.٩٨٤) بۆمان دەردەکەوێت کە جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە و جێگیری فۆرمەکە دەسەلمێنێت.

٢- هەروەها توێژەر لە جێگیری ئامرازی چاوپێکەوتنی زانستیدا پشتی بە جێگیری ناوخۆیی لە جۆری (دووبارەکردنەوە) بەستووە بۆ (٢) میدیاکار بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کۆی (١٠) میدیاکاری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە ڕێژەی جێگیری:

$$\text{هاوکێشەی ئاستی جێگیری} = \frac{\text{٢} \times \text{ژمارەی بڕگە پەسەندکراوەکان}}{\text{بڕگەکانی شیکاری یەکەم} + \text{بڕگەکانی شیکاری دووەم}} \times ١٠٠$$

$$\text{ئاستی جێگیری} = \frac{٢ \times ١٣}{١٥ + ١٣} \times ١٠٠$$

$$\text{ئاستی جێگیری} = \frac{٢٦}{٢٨} \times ١٠٠ = ٩٢.٨\%$$

بۆمان دەردەکەوێت کە ئاستی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە و جێگیری فۆڕمەکە دەسەلمێنێت.

### ١-١١- هاوكێشە ئامارییەكانی توێژینەوەكە:

توێژەر بۆ شیكردنەوەی داتا و زانیارییەكانی توێژینەوەكە پشت بە پڕۆگرامی ئاماری (SPSS) دەبەستێت لە ئاماری وەسفیدا بە شێوازی (non parametrical) لەم هاوكێشانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

١- دووبارە و ڕێژەی سەدی.

٢- نێوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و هاوكێشەی جیاوازی.

٣- پلەی ئازادی و ئاستی باوەڕی.

٤- ئامڕازی پەیوەندی سپێرمان (Sperman correlation coefficient).

٥ - تێستی مان ویتنی (Mann- whitney- test) بۆ جیاوازی داتای ڕوتبی نێوان دوو گرووپی سەربەخۆ لە سامپڵی توێژینەوەكە.

٦- تێستی كرۆسكاڵ واڵیس (Kruskal-wallis) بۆ جیاوازی داتای ڕوتبی نێوان زیاتر لە دوو گرووپ لە سامپڵی توێژینەوەكە.

### ١-١٢- دیاریكردنی چەمك و زاراوەكانی توێژینەوەكە:

**درامای توركی دۆبلاژكراو:** ئەو دراما توركییە دۆبلاژكراوە كوردیانە دەگرێتەوە كە لە ڕێی كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكانەوە لە وەرزێكی میدیایی دیاریكراودا پەخشدەكرێن.

**بەهای كۆمەڵایەتی:** ئەو بەهایانەیە كە لەلای كۆمەڵگە پەسەندكراوە بەهۆی باوەڕبوونی تاكەكانی بەوەی كە بەشدارە لە ڕێنمونی كردنی ئاكاری مرۆیی كە ڕێكدەكەوێت لەگەڵ بیروباوەڕ و بەهاكانی كۆمەڵگە. هەروەها بەشداردەبێت لە بەدەستهێنانی ژیانێكی باش و خۆشگوزەران بۆیان. كۆمەڵێك هۆكار دەبنە هۆی دروستبوون و ڕەگداكوتینی ئەو بەها كۆمەڵایەتیانە لە كۆمەڵگەدا وەک (ئایین، ڕۆشنبیری، دابونەریت، سیستمی سیاسی، ئابووری) ئەو ناوچەیە. لە گرنگترین ئەو بەهاكۆمەڵایەتیانەی كە ئاماژەمان پێداوە لەم توێژینەوەیەدا (هاوكاری، پابەندبوون بە بەڵێنەكانەوە، خۆشەویستی، لێبوردەیی، بەهێزكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، ڕاستگۆیی، ڕێز، بەخشندەیی، خودپەرستی، ناپاكی، بەهای كۆمەڵایەتی نامۆ بە كۆمەڵگە).

**گەنجان:** مەبەست لە گەنجان لەم توێژینەوەیەدا ئەو ئەو توێژە دیاریكراو و گرنگەی كۆمەڵگەی كوردی دەگرێتەوە كە لە پارێزگای سلێمانیدا دەژین و هەڵگری تایبەتمەندی دیمۆگرافی جیاوازن، تەماشای دراما توركییە دۆبلاژكراوەكان دەكەن و تەمەنیان سەروو (١٨) ساڵە.

## ١-١٣- توێژینەوەكانی پێشوو:

### توێژینەوەی یەكەم/ أسامة، سدیرة (٢٠١٦-٢٠١٧):

ئەم توێژینەوەیە ساڵی (٢٠١٦-٢٠١٧) توێژەر (سدیرة أسامة) بەناونیشانی (تأثیر الدراما التركیة علی القیم الإجتماعیة لدی الطالبات الجامعیات دراسة میدانیة علی العینة من الطالبات علوم الإعلام و الإتصال بالجامعة)، پێشكەشی كردووە بە زانكۆی (العربي بن مهیدي – أم البواقي-) لە كۆلێژی (العلوم الإجتماعیة و النفسیة) بەشی (العلوم الإنسانیة) بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە العلوم (الإعلام و الإتصال). توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە بە ئامانجی وەسفكردنی دیاردەی تاوتوێكراو و گەیشتن بە چەند دەرئەنجامێک، هاوكات پشت بە فۆڕمی ڕاپرسی وەک ئامڕازێكی توێژینەوە بەستراوە، كۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەكە كچە خوێندكارانی زانكۆی (محمد شریف مساعدیە) بەستووە كە ژمارەیان ١٠٠ كچە خوێندكارە كە بینەری درامای توركین، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ڕۆشنایی خستنەسەر بایەخی درامای توركی و بەها كۆمەڵایەتییەكانە، ئەویش لەپێناو ئاشنابوون بە كاریگەرییەكانی ئەو دراما توركیانە لەسەر بەهای كۆمەڵایەتی كچە خوێندكاران، ئامانجی سەرەكی توێژینەوەكە خۆی دەبینێتەوە لە ئاشنابوون بە كاریگەریی درامای توركی لەسەر بەهای كۆمەڵایەتی خوێندكارە كچەكان. لە گرنگترین دەرەنجامەكانی بریتین لە: بەرتوێژەكان پێیانوایە پاڵنەری تەماشاكردنی درامای توركی پەیوەندی بە ڕووكاری دەرەوەی ئەكتەرەكانەوە هەیە و درامای توركی دەبێتە هۆی هاندانی پەیوەندی قەدەغەكراو لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا، هەروەها ئەو كچانە لە توێژینەوەكەدا وەرگیراون، پێیانوایە تەماشاكردنی درامای توركی یارمەتیدەرە بۆ ناسینی داب و نەریتی نوێ، كە بە بەهای ئەرێنی هەژمار دەكرێت، بەرتوێژەكانی نێو توێژینەوەكە كە لە هەموو ئاستەكانی زانكۆدان پێیانوایە تەماشاكردنی زۆری درامای توركی دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی كارلێكی كۆمەڵایەتی، بە بڕوای بەرتوێژەكان دراما توركییە دۆبلاژكراوەكان دەبنە هۆی بڵاوكردنەوەی بەهای ناپاكی نێوان هاوسەرەكان و بەهای زیادبوونی حاڵەتەكانی جیابوونەوە و داواكردنی جیابوونەوە.

### توێژینەوەی دووەم/ أبوربیع، رائدمحمد (٢٠١٧):

ئەم توێژینەوەیە ساڵی (٢٠١٧) توێژەر (رائد محمد أبوربیع) بەناونیشانی (اِتجاهات الجمهور الفلسطیني نحو تأثیر الدراما التركیة المدبلجة علی القیم الاجتماعیة و الجمالیة في المجتمع الفلسطیني، قطاع غزة نموذجاَ)، پێشكەشی كردووە بە زانكۆی (جامعة الأزهر) لە كۆلێژی (العلوم الإنسانیة) بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە العلوم (الإعلام)، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی وەسفییە، بەو پێیەی توێژەر ڕێبازی ڕووپێوی بۆ جەماوەری كۆمەڵگەی توێژینەوەكەی بەكارهێناوە، ئامڕازی فۆڕمی ڕاپرسی بەكارهێناوە. سامپڵی توێژینەوەكە ( لە نێر و مێ) لە كەرتی غەزە وەرگیراوە كە مەزەندە دەكرێت بە (٥٠٠) كەس.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناسینی ڕادەی تەماشاكردنی درامای توركی دۆبلاژكراوە و پاڵنەرەكانی تەماشاكردنی و ئاڕاستەكانی جەماوەری فەڵەستینییە بەرەو كاریگەری ئەو درامایانە لەسەر بەها كۆمەڵایەتی و ئیستاتیكییەكانی

کۆمەڵگەی فەڵەستینی، لە گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە: ڕادەی تەماشاکردنی ئاستبەرزی درامای تورکی دۆبلاژکراوی دەرخستووە، کە پاڵنەرەکەی چێژوەرگرتن و کات بەسەربردن بووە. درامای تورکی بەشێوەیەکی گەورە کاریگەری لەسەر بەها ئیستاتیکییەکان (جوانیناسییەکان) لە کۆمەڵگەی فەڵەستینیدا هەبووە، بە بەراورد بە کاریگەرییەکەی لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان، بەوپێیەی کاری لە بەهای جوانی لە شێوازی بیرکردنەوە و هۆشیاری و بەهای ڕێکپۆشی لەڕووی ئارایشت و پۆشاکی هاوچەرخی کچان و بەهای شارستانێتی کۆن لەنێو ماڵ و شوێنەوارەکان و بەهای جوانیی گۆڕانی کردووە و لەکۆتاییدا بەهای گرنگیدان بە هەریەک لە سروشت و جوانی ژن ماوەتەوە، هەروەها کاریگەریی سەر بەها کۆمەڵایەتییە فەڵەستینییەکانی بەپێی تێڕوانینی توێژەران دەرخست، وەک بەهای سەخاوەت و ڕێزگرتن لە میوان، بەهای هەستکردن بەوانی دیکە، بەهای گەشەکردنی گیانی هاریکاری لە کۆمەڵگەدا.

## توێژینەوەی سێیەم/ کماش و بلخلفة، رتيبة و حسني (٢٠١٧):

ئەم توێژینەوەیە ساڵی (٢٠١٧) توێژەران (رتيبة كماش و حسنی بلخلفة) بەناونیشانی (البرامج الدرامية و تأثيرها على القيم الإجتماعية لدى الشباب)، پێشکەشیان کردووە بە زانکۆی (محمد الصديق بن يحيى –جيجل) لە کۆلێژی (العلوم الإنسانية و الإجتماعية) بەشی (الإعلام و الإتصال) بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ڕاگەیاندندا. توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پشتییان بە میتۆدی وەسفی بەستووە و ئامرازی فۆرمی ڕاپرسییان وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە خوێندکارانی زانکۆی محمد صديق بن يحيى/ جيجل،سامپڵی توێژینەوەکە سامپڵێکی مەبەستدارە کە ژمارەیان (٩٨) خوێندکارە لە خوێندکارانی ساڵی یەکەمی ماستەر. لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕادەی کاریگەری بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان 'دراما تورکییەکان' لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لەلای گەنجان؟. لە گرنگترین دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، بەرزترین ڕێژەی بەرتوێژەکان لە گەنجان مێینەن و تەماشای کەناڵی MBC٤ دەکەن، بەرتوێژەکان ئامرازی تەلەڤزیۆن بەکاردەهێنن. هۆکاری زۆری تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ دیمەنە ڕۆمانسییەکان و پێیانوایە هونەری سۆزداری ڕۆمانسی فێردەبن لە دراماکانەوە. بەرتوێژەکان پێیانوایە کە بۆشایی سۆزداری بەهێزترین هۆکارە بۆ بڵاوبوونەوەی زۆری دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان. دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیان هەیە لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان، هەروەها جیاوازی ئاماژەی ئاماری نییە لە نێوان نێر و مێ تایبەت بە ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لەلای گەنجانی زانکۆ.

## توێژینەوەی چوارەم/ حمید، صالح محمد (٢٠١٦):

ئەم توێژینەوەیە ساڵی (٢٠١٦) توێژەر (صالح محمد حمید)بەناونیشانی (أثر مشاهدة المسلسلات الدرامية التلفزيونية التركية في القنوات العربية على القيم الفتاة الجامعية اليمنية (دراسة مسحية على طالبات جامعتي صنعاء و العلوم و التكنلوجيا للعام ٢٠١٦)، پێشکەشی کردووە بە زانکۆی (صنعاء) کۆلێژی(العلوم الإنسانية و الإجتماعية) بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ڕاگەیاندندا. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە و فۆڕمی ڕاپرسی وەک ئامڕازی کۆکەرەوەی زانیاری و گەیشتن بە ئامانجەکان بەکارهێناوە. سامپڵی ئەم توێژینەوەیە کچە خوێندکارانی زانکۆی یەمەنییە، ئامانجی توێژینەوەکە پێوانی کاریگەریی تەماشاکردنی درامای تورکی دۆبلاژکراوە لە کەناڵە عەرەبییەکان لەسەر بەهاکانی کچە خوێندکارانی زانکۆی یەمەنی، هەروەها پەیبردنە بە ڕاوبۆچوونی کچە خوێندکارانی زانکۆی یەمەنی بەرامبەر ناوەرۆک و ئامانجەکانی درامای تورکی دۆبلاژکراو و بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو هەگبەی ئەو درامایانە و تێڕوانینی کۆمەڵگەی وەرگر بۆیان. دیارترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە: لە توێژینەوەکەدا زۆرترین ڕێژەی تەماشاکردن خۆی لە بەرنامە هەمەجۆرەکاندا دەبینێتەوە، بە تایبەت فیلم و درامای بیانی، ئەمەش جەخت لە ڕادەی پەلکێشکردنی کچە یەمەنییەکان دەکاتەوە بەرەو درامای بیانی و تورکی، هەروەها ناوەرۆکی نەرێنی دراما تورکییەکان خۆی لە ناپاکی و چەوساندنەوە و لەکەدارکردنی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی سۆزداری لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری و پاشان دیاردەی خۆڕوتکردنەوە و وروژاندن دەبینێتەوە، تەماشاکردنی درامای تورکی لەلایەن کچە خوێندکاری زانکۆوە نابێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پەنابردن بۆ گۆشەگیری، تەماشاکردنی درامای تورکی کاریگەریی نەرێنی لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری کچە خوێندکارانی زانکۆ نەبوو.

## توێژینەوەی پێنجەم/ زین، صباح (٢٠١٤-٢٠١٥):

ئەم توێژینەوەیە ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٥) توێژەر (صباح زين) بەناونیشانی(تأثير المسلسلات المدبلجة على منظومة القيم الإجتماعية لدى الشباب)، پێشکەشی کردووە بە زانکۆی (الوادي) بەشی (الإعلام) بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ڕاگەیاندندا. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستووە و فۆڕمی ڕاپرسی وەک ئامڕازی کۆکەرەوەی زانیاری و گەیشتن بە ئامانجەکان بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە خوێندکارانی زانکۆی شەهید (محمد خضر) لە وادی و سامپڵی توێژینەوەکەش (٧٠) خوێندکارە لە هەردوو ڕەگەز. توێژەرکێشەی ئەم توێژینەوەیە لە پرسیارێکی سەرەکیدا دەخاتەڕوو (ئایا دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان کاریگەریان هەیە لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان لای گەنجان؟). بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەم کێشەیە، کە هەڵدەستێت بە لێکدانەوەی شێوازی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەلایەن گەنجانەوە. هەروەها هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە لەو هۆکارانەی کە پاڵ بە گەنجانەوە دەنێن تەماشای ئەو درامایانە بکەن، هەروەها باسکردن لە ڕەنگدانەوەی تەماشاکردنی ئەو دراما تورکییە دۆبلاژکراوانە لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێیگەشتووە، لە گرنگترین پاڵنەرەکانی تەماشاکردنی دراما

تورکییە دۆبلاژکراوەکان لایەنی ڕۆمانسی و جوانی ئەکتەرەکانە. دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان پاڵنەرن بۆ پەیوەندییە ناشەرعییەکان لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا. دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی بەهای ڕاستگۆیی و پابەندبوون بە بەڵێنەکانەوە لە لای گەنجان.

## توێژینەوەی شەشەم/ جلال، هەژار محمد (٢٠١٤):

ئەم توێژینەوەیە ساڵی (٢٠١٤) توێژەر (هەژار محمد جلال) بەناونیشانی (تأثیر المسلسلات المدبلجة على منظومة القيم الإجتماعية لدى الشباب في اِقليم كوردستان – العراق)، پێشکەشی کردووە بە زانکۆی (الدول العربية) لە بەشی (البحوث و الدراسات الإعلامية) بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ڕاگەیاندندا. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە و ئامڕازەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ ڕووپێویکردنی ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی کە لەنێو زنجیرە دراما دۆبلاژکراوەکاندا بوون و هەروەها ئامڕازی فۆڕمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بەرتوێژەکانی بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە گەنجی کوردە و سامپڵی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە (٤٥٠) بەرتوێژ لە گەنجی کورد کە تەمەنیان لە نێوان (١٩ بۆ ٣٥) ساڵە بۆ زانینی کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی زنجیرە تورکی و کۆرییە دۆبلاژکراوەکان. لە گرنگترین دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، تەماشاکردنی دراما دۆبلاژکراوەکان بەشێوەیەکی کۆمەڵ بووە و لەگەڵ خێزاندا بە پلەی یەکەم هاتووە، کە هێمایە بۆ ئەوەی خێزانەکان درکیان نەکردووە بەو مەترسیانەی کە ئەم زنجیرانە هەیانە لەسەر بەهای خێزانی و کۆمەڵایەتی. دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان بە پلەی یەکەم هاتوون وەک زۆرترین بینەر لە نێو دراما دۆبلاژکراوەکاندا لە لایەن بەرتوێژەکانەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جوانی شوێنی وێنەگرتن و دیمەنی سروشتی دڵڕفێن، هەروەها بەهۆی جوانی و سەرنجڕاکێشی ئەکتەرانی نێو دراماکە، لە لایەکی ترەوە ناوەڕۆکی دراماکان سەرنجڕاکێش و ڕۆمانسی و بیری سەربەخۆیی لای گەنجان دروستکردووە، کە وایکردووە سەرنجی گەنجان ڕابکێشێت. سەبارەت بە تێبینی کردنی بەها و ڕەفتارەکانی ناو دراما دۆبلاژکراوەکان لە لایەن بەرتوێژەکانەوە، ئەوا بەهای ئەرێنی و ڕەفتارە نەرێنییەکان یەکسانبوون و لە پلەی یەکەمدان. بە نزیکەیی نیوەی بەرتوێژەکان حەزناکەن ڕەفتاری کەسایەتییەکانی نێودراما دۆبلاژکراوەکان دووبارە بکەنەوە لە ژیانیاندا لەگەڵ ئەوەی زۆربەیان ڕەزامەندبوون بەرامبەر بەوەی ناوەڕۆکی دراماکان پێشکەشی دەکەن.

## توێژینەوەی حەوتەم/ هميسي، منى (٢٠١٣-٢٠١٤):

ئەم توێژینەوەیە ساڵی (٢٠١٣-٢٠١٤) توێژەر (منى هميسي) بەناونیشانی(المسلسلات التركية المدبلجة و أثرها على الشباب، طلبة جامعة الوادي "أنموذجأ")، پێشکەشی کردووە بە زانکۆی (الوادي) کۆلێژی (العلوم الإجتماعية و الإنسانية)بەشی (العلوم الإنسانية) بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە ڕێبازی وەسفی بەستووە، هەروەها ڕووپێوی و ڕاپرسی بەکارهێناوە و سامپڵی توێژینەوەکە ١٨٠ کەسی لە زانکۆی الوادی (بە نێر و مێ)وە. گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە ئاشنابوونە بە کاریگەری دراما تورکییەکان لەسەر خوێندکارانی زانکۆی الوادی. لە گرنگترین دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:

گەنجان دووچاری هیچ جۆرە چاودێرییەک لە لایەن خێزانەکانیانەوە نابنەوە ، بەشێوەیەکی گشتی چیرۆکی دراما تورکییەکان کاریگەرن، بەو پێیەی لایەنی سۆزداری بەسەریدا زاڵە و توێژێک لە گەنجان هەیە بەدەست بۆشایی سۆزدارییەوە لەنێو خێزاندا دەناڵێنن، هەروەها ئەو لایەنانەی بەلای گەنجانەوە گرنگن و بە پلەی یەکەم دێن لایەنی سۆزداری و کۆمەڵایەتین، دراما تورکییەکان بەهای ئەرێنی و نەرێنی لەخۆدەگرن.

*** سوودەکانی توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژەر سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە لە چوارچێوەی ئەم خاڵانەی لای خوارەوەدا:

١- لە دیاریکردنی ناونیشان و بیرۆکەی توێژینەوەکەدا.

٢- لە ئامادەکردن و نووسین و گەڵاڵەکردنی بڕگە سەرەکییەکانی میتۆدنامەی توێژینەوەکەدا.

٣- لە خستنەڕووی زانیاری و وەسفکردنێکی شیکاریانە بۆ گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە لە تیۆرینامەدا.

٤- لە بەراوردکردن و شرۆڤەکردنی ئەنجامەکان و شیکردنەوەی گریمانەکاندا.

٥- لە هەڵبژاردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بۆ توێژینەوەکە.

٦- لە دروستکردنی فۆڕمی ڕاپرسی و نووسینی بڕگە و پرسیارەکانی و دیاریکردنی بەهاکۆمەڵایەتییەکان لەنێو فۆرمەکەدا.

*** خاڵە لێکچووەکان لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو:**

١- سەرجەمیان کاریان لەسەر درامای تورکی دۆبلاژکراو کردووە.

٢- وەک جۆری توێژینەوە جۆری وەسفیان بەکارهێناوە.

٣- زۆربەیان ئامرازی ڕووپێوی فۆڕمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە.

٤- هەمان ئەو تیۆرانەی بەکارهێنراون.

٥- لەڕووی خستنەڕووی چەمکەکانی توێژینەوەکانەوە.

*** خاڵە جیاوازەکان لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو:**

١- لەڕووی کۆمەڵگەوە.

٢- لەڕووی بەهاوە پۆلێنێکی تایبەت گیراوەتەبەر کە ئاماژە نەدراوە بە ئەرێنی و نەرێنی بەهاکان، بەڵکو ئەو بژاردەیە دراوەتە دەست لێتوێژەران دیارییکەن.

٣- خستنەڕووی پێگەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا و وەرگرتنی زانیاری ورد لەسەر پرۆسەی دۆبلاژکردنی ئەو درامایانە.

## ١-١٤- تیۆرییە بەکارهاتووەکان لە توێژینەوەکەدا

### ١-١٤-١- تیۆری بەکارهێنان و تێربوون

### - سەرهەڵدان و گەشەکردنی تیۆرییەکە

یەکەمجار ئەم تیۆرە لە کتێبی "بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری"ی ساڵی ١٩٧٤ی هەردوو نووسەر ئیلیاهۆ کاتز و جەی بلومەردا دەرکەوت، بیرۆکەی بنەڕەتی کتێبەکە لەبارەی وێناکردنی ئەو کارانەوە بوو کە میدیا ناوەرۆکەکەی لەلایەک و پاڵنەرەکانی تاک بۆ بەریەککەوتن لەلایەکی دیکە پێیهەڵدەستن. تیۆرەکە دەڵێت: "بەشێکی گرنگی بەکارهێنانی میدیا لەلایەن خەڵکەوە ئاڕاستەکراوە بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێک کە تاک دیاریدەکات، بەو پێیەی میدیای دیاریکراو بۆ تێربوونی پێداویستییەکان هەڵدەبژێرن"، هەروەک "مارک لیڤی" دەڵێت: "پێنج ئامانج لە بەکارهێنانی میدیا لەلایەن خەڵکییەوە هەیە (چاودێریکردنی ژینگە، ئاڕاستەی مەعریفی، قایل نەبوون، ئاڕاستەی هەست و سۆز و کات بەسەربردن)" (مراد، ٢٠١٤: ١٣٨).

ئەم تیۆرە گرنگی بە دیراسەکردنی پەیوەندی جەماوەریی بەشێوازێکی پیشەیی ڕێکخراو دەدات(حجاب: ٢٠١٠، ٢٩٧). ئەوە وەرچەرخانێک بوو لە دیدگای جەماوەردا، بەوەی لە ڕەگەزێکی نەرێنیی ناچالاکەوە گۆڕاوە بۆ ڕەگەزێکی چالاک لە بژارکردنی وردی پەیام و ناوەرۆکی میدیادا. "ئیلیاهۆ کاتز" بە یەکەم کەس دادەنرێت کە بەردی یەکەمی بوونیادی دەروازەی بەکارهێنان و تێربوونی دانا کاتێک ساڵی ١٩٥٩ وتارێکی لەوبارەیەوە نووسی(مكاوي و السيد:٢٠٠٤، ٢٣٩).

### - چەمک و ڕەگەزەکانی تیۆری بەکارهێنان و تێربوون:

تیۆری بەکارهێنان و تێربوون لە بنەڕەتدا بەمانای جەماوەری میدیایی دێت، ئەو میدیایەی ئارەزووەکانی تێر دەکات و پێداویستییە ناوخۆییەکانی دابیندەکات(شاهين، ٢٠١٣: ٩١). تیۆرییەکە جەخت لە چوست و چالاکی جەماوەری وەرگر دەکات، بەوپێیەی خاوەن بڕیارە لەوەی دەیەوێت لە میدیاوە بەدەستی بهێنێت لەبری ئەوەی ڕێگا بدات میدیا ئاڕاستەی بکات(محمد، ٢٠١٣: ٥٦).

**- ڕەگەزەکانی تیۆرییەکە:**

تیۆری بەکارهێنان و تێربوون لە چەند ڕەگەزێک پێکدێت، کە بریتین لە:

**یەکەم: جەماوەری چالاک:** تیۆرییە کۆنەکان گریمانەی ئەوەیان دەکرد کە جەماوەر بریتییە لە بوونەوەری نەرێنی وەها کارلێک لەگەڵ ئامراز و ناوەرۆکی پێشکەشکراو لە میدیا ناکات، بگرە هیچ بەستەر، یان پەیوەندییەک لەنێوان تاکەکاندا نییە. پاشان بۆچوونەکە گۆڕا بەوەی جەماوەری میدیا بوونەوەری ئەرێنی و چالاکن و بەپێی دەروازەکانی جیاوازی تاکەکەسی و چینە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کارلێک لەگەڵ پەیام و ناوەرۆکدا دەکەن. لای خۆیەوە "کاتز" ئاماژە بەوە دەدات کە جەماوەری کەڵلەڕەق ئەو جەماوەرەیە کە تیۆری بەکارهێنانەکان باسی لێوە کردووە، بەوپێیەی توانای هەیە بە ویستی خۆی بەر ئەو ئامرازە بکەوێت کە پێداویستییەکانی پڕدەکاتەوە و ئەو ناوەرۆکەی ئارەزووی لێدەکات(العبد و العبد،٢٠١١: ٣٠٢).

**دووەم: داخوازی کۆمەڵایەتی و دەروونی بەکارهێنانەکانی میدیا:** دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان داخوازی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پاڵنەرەکانی بەریەککەوتن لەگەڵ میدیا دەگەڕێتەوە بۆ توێژەر "ماتیلدا ڕایلی"، کە داخوازییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی بەکارهێنانەکانی میدیا بەمشێوەیە دەخاتەڕوو:

**١) داخوازی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانەکانی میدیا:** جەماوەر وەک تاکێکی دابڕاو لە واقیعی کۆمەڵایەتی مامەڵە لەگەڵ میدیا ناکات، بەڵکو وەک ئەندامی کۆمەڵگەلێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو مامەڵە دەکەن(مکاوي و الشريف، ٢٠٠٠، ٢٠٩)، بەوەش فاکتەرە دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتییەکانی وەک: جۆر، تەمەن، پیشە، ئاستی خوێندن، ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی میدیا لەلایەن جەماوەرەوە هەیە، لەم بارەدا چەمکی "جەماوەری خڕکراوە" لەدوای دەرکەوتنی دەروازەی بەکارهێنان و تێربوون هیچ سوودێکی نامێنێت.

**٢) داخوازی دەروونی بەکارهێنانەکانی میدیا:** هەندێکجار فاکتەری دەروونی دەبێتە هۆی هاتنەکایەی هاندەر، یاخود پاڵنەری دیاریکراو بۆ تێربوون، جگە لەوەی زۆرێک لە بەکارهێنانەکانی میدیا دیاریدەکات، بەو پێیەی دەروازەی بەکارهێنان و تێربوون وای دادەنێت کە تاکە جیاوازەکان بەپێی جیاوازیی دەروونی نێوانیان ناوەڕۆکی میدیایی جیاواز بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، بە جۆرێک کە بارودۆخی دەروونی تاک وەک کێشەیەک وەهایە لەبەردەمیاندا و دواجار تەماشاکردنی تەلەڤزیۆنی لێدەکەوێتەوە(المزاهرة، ٢٠١٢: ١٩٣).

**سێیەم: پاڵنەر و پێداویستییەکانی بەریەککەوتنی جەماوەر لەگەڵ میدیادا (جۆر و کارەکانیان):** پەیوەندی نێوان پاڵنەر و پێویستی، وا باوە کە پێویستی پێش پاڵنەر بکەوێت، بەوپێیەی پێویستی لە هەستکردن بە کەمی، یان بێبەشبوون لە شتێکەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوە کاریگەری لەسەر هێزی ناوەکی تاک (پاڵنەر) دروستدەکات بەئامانجی تێرکردنی ئەو پێویستییە. پاڵنەری بەریەککەوتنی جەماوەر لەگەڵ میدیا سێ کاری سەرەکی هەیە، کە بریتین لە (جووڵاندنی ڕەفتار، ئاڕاستەکردنی ڕەفتار، پارێزگاریکردن لە بەردەوامبوونی ڕەفتار)(العبد و العبد، ٢٠١١: ٣٠٦).

بەوپێیەی پاڵنەرەکە بزوێنەرەکەیە و لای خۆشیەوە "ڕۆبن" بە کۆمەڵێک پاڵنەر گەیشتووە کە بۆ دوو گرووپی سەرەکی پۆلێنی کردووە:

- پاڵنەری سوودبەخش: ئامانج لێی ئاشنابوونە بە "خود" و بەدەستهێنانی زانین و زانیاری و شارەزایی و چاودێریکردنی ئەو ژینگەیەیە کە وابەستەی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی دیاریکراوە، وەک هەواڵەکان و بەرنامە فێرکارییەکان، بەو پێیەی میدیا زانیاریمان دەربارەی ئەو شتانە بۆ کۆدەکاتەوە کە ناتوانین دەستمان پێیان بگات.

- پاڵنەری چێژبەخش: ئارەزووەکانی تاک بە بەسەربردنی کات و حەوانەوە و هاوڕێیەتی و چێژوەرگرتن و هەڵاتن لە کێشە تێر دەبن، ئەمجۆرەش لە زنجیرە دراماکان و فیلم و بەرنامە جۆراوجۆرەکاندا خۆی دەبینێتەوە(العبد و العبد، ٢٠١١، ٣٠٦).

هەریەک لە (کاتز، گورفیچ و هاس)یش ئەو پێداویستیانەی تاک کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی میدیا و ئامرازەکانی دیکەوە تێرکردنیان دەوێت، دیاریدەکەن بۆ:

١. پێداویستی مەعریفی: خۆی لە بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی بابەتی جۆراوجۆر و تێگەیشتن لە ژینگەی چواردەوردا دەبینێتەوە.

٢. پێداویستی سۆزداری: خۆی لە بەدەستهێنانی چێژ و تێرکردنی پێداویستییە سۆزدارییە جیاوازەکانی وەک: خۆشەویستی و هاوڕێیەتی و کاتبەسەربردندا دەبینێتەوە.

٣. گەیشتن بە خۆتەواوکردن: خۆی لە سەقامگیری و متمانە بەخۆبووندا دەبینێتەوە، هەموو ئەو پێداویستیانە لە ئارەزووی تاک بۆ خۆبەرز ڕاگرتنەوە سەرچاوەی گرتووە.

٤. پێویستی کارلێکی کۆمەڵایەتی: خۆی لە باسکردنی پەیوەندی تاک لەگەڵ خێزان و هاوڕێ و هاوپیشەکانیدا دەبینێتەوە.

٥. نەهێشتنی دڵەڕاوکێ: خۆی لە هەڵاتن لە کێشەی تایبەتی و لەبیرکردنی و ئارەزووی کاتبەسەربردن و ئاوێتەبوون لەگەڵ ناوەڕۆکی میدیاییدا دەبینێتەوە(العبد و العبد، ٢٠١١: ٣٠٦- ٣٠٧).

هەندێک پێداویستی دیکە هەن وەک (پێویستیی ئینتیما، پێویستی دڵنەوایی و سەقامگیری، پێویستی خۆسەلماندن)(محمد،٢٠١٣: ٦٨). بڕوانە شێوەی ژمارە (١) کە تیۆری بەکارهێنان و تێربوون زیاتر ڕوووندەکاتەوە(المزاهرة، ٢٠١٢، ١٨١) .




**شێوەی ژمارە (١)**

تیۆری بەکارهێنان و تێربوون

چوارەم: پێشبینییەکان لە میدیا: پاڵنەری جەماوەر بۆ بەرکەوتن بە میدیا بەپێی دۆخی ناوەکی تاک و مەیلە دەروونییەکانی بەرامبەر تێرکردنی پێداویستییەکانی لەلایەن میدیاوە پێشبینی لێدەکەوێتەوە، پێشبینییەکان هەنگاوێکی گرنگن لە پرۆسەی بەرکەوتن بە میدیا(المزاهرة، ٢٠١٢: ١٩٨).

پێنجەم: بەرکەوتن بە میدیا: پەیوەندییەک لەنێوان گەڕانی جەماوەر بەدوای تێرکردنی پێویستییە جیاوازەکانی و بەرکەوتنی بە میدیا هەیە، زۆریی بەرکەوتنی جەماوەری بە میدیا بەشێوەیەکی گشتی گوزارشتە لە چوست و چالاکیی ئەو جەماوەر و توانای هەڵبژاردنی ئەو ناوەڕۆکانەی پێداویستییەکانی پڕدەکاتەوە(العبد و العبد،٢٠١١: ٣١٠).

شەشەم: تێربوونەکانی میدیا: بەپێی تیۆری بەکارهێنان و تێربوون، تاکەکان بەوە باسدەکرێن کە لەکاتی بەکارهێنانی میدیادا لەژێر کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتیدان تاوەکو دەرەنجامی تایبەت بەخۆیان دەستبکەوێت، کە پێیدەوترێت "تێربوونەکان"(مکاوي و السید، ٢٠٠٤: ٢٤٩).

## - گریمانەکانی تیۆرەکە و ئامانجەکانی:

دوای ئەوەی دەروازە سەرەکییەکانی تیۆرییەکە لای توێژەران ڕوونبۆوە، توێژەران دەستیان بە دانانی ئەو بناغە زانستی و گریمانانە کرد کە تیۆرییەکە لێوەی سەرچاوەی گرتووە و دواجار ئەو بناغە و ڕەگەزانە دەروازە زانستییەکانی تیۆرییەکەیان پێکهێنا. بۆیە "کاتز" و هاوپیشەکانی پێیانوایە ئەم دیدگایە لەسەر پێنج گریمانە بەندە، کە بەمشێوەیەن:

١- تاکەکان بە چوست و چالاکی بەشداری لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی جەماوەریدا دەکەن و میدیا بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە مەبەستدارانە بەکاردەهێنن کە چاوەڕوانییەکەیان تێردەکات(الکافي،٢٠١٥: ١٤٦) .

٢- بەکارهێنانی میدیا گوزارشت لەو پێداویستییانە دەکات کە تاک درکی پێدەکات، لێرەوە جڵە و لەدەستی فاکتەرەکانی "جیاوازیی تاکەکەسی"دایە(العبد و العبد، ٢٠١١: ٣٠).

٣- جەماوەر خۆیان ئەو پەیام و ناوەڕۆکانە هەڵدەبژێرن کە پێداویستییەکانیان تێردەکات، میدیاش لەگەڵ سەرچاوەکانی تری تێربووندا ململانێ دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەو پێداویستیانە.

٤- تاک دەتوانێت پێداویستی و پاڵنەرەکانی خۆی دیاریبکات، بەوشێوەیە ئەو میدیا و پەیامە میدیاییانە هەڵدەبژێرێت کە ئەو پێداویستیانە تێردەکات (شاهین، ٢٠١٣: ٩٣).

٥- دەکرێت پێوەرە کولتوورییە باوەکانی هەر کۆمەڵگەیەک لە ڕێگەی ئاشنابوون بە بەکارهێنانەکانی جەماوەر بە میدیا هەڵبهێنجرێت، نەوەک بەتەنها لە ڕێگەی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکانەوە(المزاهرة، ٢٠١٢: ١٨٢).

## سوودوەرگرتن لە تیۆری بەکارهێنان و تێربوون:

دەکرێت لە گۆشەنیگای تیۆری بەکارهێنان و تێربوونەوە ئاشنای ئەو بەها سەرەکیانە بین کە گەنجان لەو پەیامانەی لە درامای تورکییەوە پێشکەشیان دەکرێت، ئەویش لە ڕێگەی هەڵبژاردنیان بۆ هەندێک بەرنامە جیا لەوانی دیکە، کە لە نێو چوارچێوەی بنەمای بەکارهێنان و تێربووندا دەبینین، لە بەرامبەردا وەرگر بەردەوام

هەڵبژاردن بۆ پەیامە میدیاییەکان دەکات. بەهۆی ئەوەی درامای تورکی لە بنەڕەتدا بۆ خزمەتی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو ئاراستە دەکرێت، کەواتە لەبەرامبەردا ئامانج لێی گەڕانە بەدوای هەموو بابەتێکی پەیوەست بەو کۆمەڵگەیە، جا لە پێداویستییەکانیدا بێت، یاخود تەنانەت لە دەروونیدا، هەربۆیە کە تیۆری بەکارهێنان و تێربوون پشتی پێبەستووە کاتێک توێژینەوەی بۆ ڕەگ و ڕیشەی پێداویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی تاک و هاندەرەکانی کردووە(أسامة، ٢٠١٧: ٢٢-٢٣).

لەم توێژینەوەیەدا سوود لە تیۆری بەکارهێنان و تێربوون وەرگیراوە لە ڕێگەی ئاشنابوون بەو ئامانجانەی دەکرێت بمانگەیەننە پەیبردن بە ڕەنگدانەوەی درامای تورکی لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان، ئەویش بە ناسینی تێربوونەکانیان و ڕەنگدانەوەیان، جگە لەوەی ئەم توێژینەوەیە سوودی وەرگرتووە لە (داڕشتنی پرسیاری لاوەکی و بوونیادنانی دیالۆگ و ڕاپرسی).

## ١-١٤-٢- تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری

## - سەرهەڵدان و گەشەکردنی تیۆرەکە:

تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری بە یەکێک لەو تیۆریانە دادەنرێت کە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا هاتووەتەئاراوە، بۆ توێژینەوە لە کاریگەرییەکانی میدیای کەڵەکەکراوی دوورمەودا، بەوپێیەی چاندن ئاماژەیە بۆ نزیکبوونەوەی درکی جەماوەری تەلەفزیۆنی لە واقیعی کۆمەڵایەتی و لە ئەنجامی بەریەککەوتن لەگەڵ میدیادا درکپێکردن و باوەڕی دوورمەودا بەرامبەر جیهان دێنێتە ئاراوە.

توێژەر "جۆرج گێربنەر" بە دانەری ئەم تیۆرە دادەنرێت، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٦٨دا ڕووپێوییەکی بۆ سەلماندنی تیۆرییەکەی ئەنجامدا و بینەری تەلەڤزیۆنی بۆ سێ گرووپ دابەشکرد: بینەری ئاسایی (کەمتر لە دوو کاتژمێر لە ڕۆژێکدا)، بینەری مام ناوەند (٢-٤ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا)، بینەر (زیاتر لە ٤ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا)، توێژینەوەکە چەندین دەرەنجامی لێکەوتەوە، بەوەی بیروباوەڕی ئەو بینەرانەی زیاتر لە ٤ کاتژمێر تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن لەبری هاوشێوەی ئەوەیە کە لە تەلەڤزیۆندا وێناکراوە، نەوەک جیهانی ڕاستەقینە، ئەوەش ئاماژەیەکە بەوەی میدیا کاریگەرییەکی کەڵەکەبووی کردووەتە سەریان، هەروەها جەخت دەکاتەوە لەوەی تەلەڤزیۆن واقیعێکی تایبەتی دوورمەودا بۆ بینەرەکانی دروستدەکات کە لە واقیعی ڕاستەقینە جیاوازە، جگە لەوەی بینەر بەهۆی وابەستەبوونیان بە بەرنامەکانییەوە باوەڕ بەو واقیعە دەهێنن و وەک ڕاستییەک مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، دانەری ئەم تیۆرییە باوەڕی وایە کە کۆمەڵگەی خۆرئاوایی دیلی دەستی ئەو واقیعە دروستکراوەن و لە واقیعێکی دوور لە واقیعی ڕاستەقینەدا مامەڵە دەکەن و ژیان بەسەر دەبەن(المزاهرة،٢٠١٢: ٣٣٨) .

"گێربنەر" پێیوایە ئەوانەی بە چڕی بەر بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن دەکەون لە درکپێکردنیاندا بە واقیعی کۆمەڵایەتی جیاوازن لەو تاکانەی کەمتر بەر میدیا دەکەون، تەلەڤزیۆن ئامرازێکی چوست و چالاکە لە چاندنی کولتووردا، بەتایبەت لای منداڵان(مراد، ٢٠١٤: ١٤٥).

لێرەوە تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری بە کورتی مانای وایە بەرکەوتنی چڕی تەلەڤزیۆن و فێربوون لە ڕێگای تێبینیکردنی وێنا بە بەکارهێنانی هەرمەکی پەیامەکان پاڵ بە بینەرەوە دەنێت باوەڕی وابێت ئەو جیهانەی تەماشای دەکات لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن وێنەیەکە لەو جیهانە واقیعییەی تیایدا دەژی(جلال،٢٠١٤، ٥٣).

## - میدیا و تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری:

تیۆری چاندن پشتی بە بنەمای دانپێدانان بە هێز و توانای میدیا و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکەی لەسەر وەرگر بەستووە، ئەویش لە سۆنگەی گریمانەی (کەڵەکەبوون) بۆ پێوانەی کاریگەرییە دوورمەوداکانی میدیا و بەتایبەت تەلەڤزیۆن لەسەر وەرگر کاتێک بۆ ماوەیەکی زۆر بەر ناوەڕۆکێکی دیاریکراو دەکەون. ئەم تیۆرە لە بابەتی کاریگەری ناوەڕۆکی بینراودا لەگەڵ تیۆری بەکارهێنانەکاندا یەکدەگرێتەوە، کە مەبەستمان سەرەتا دەستەبەرکردنی پێویستییەکانی وەرگرە و پاشان کارتێکردنێتی بەو ناوەڕۆکە.

## - لێرەوە پێویستە باس لە پرۆسەی فێربوون و چاندن بکەین:

## پرۆسەی قۆناغەکانی فێربوون:

لێهاتوییەکانی پەیوەست بە پرۆسەی فێربوون وەک: تەمەن، ئاستی خوێندەواری، ڕادەی چاوخستنە سەر زانیارییە سەرەکییەکان، یاخود کتوپڕەکان، ڕادەی سەرنجدان لە پەیامەکە و چوست و چالاکی، یان خەمساردیی بینەر بەرامبەر ناوەڕۆک، ئاستی دەستبەتاڵی، یاخود شەکەتبوون، یان ئالودەبوون، هەروەها قەبارەی شارەزایی کەسی و پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان. هەموو ئەوانە و هی دیکەش دەچنە نێو پرۆسەی فێربوون و بونیادنان و چاندنەوە، بڕوانە شێوەی ژمارە **(٢)** کە زانایان ئەم پرۆسەیەیان بەم شێوەیە ڕێکخستووە(جلال، ٢٠١٤: ٥١ ).




شێوەی ژمارە (٢)

تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری

**دوو چەمک بۆ ئەم تیۆرە زیادکراوە، بریتین لە:**

**أ- ئاراستەی باو:** خۆی لە پێداگری تەلەڤزیۆندا دەبینێتەوە لەسەر پێشکەشکردنی ناوەرۆکی گونجاو بۆ ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆری بینەر دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو بابەتانە فەراهەم دەکات کە جێ بایەخی بینەرن و لای خۆشیانەوە بەڕێوەبەرانی تەلەڤزیۆن، یاخود دەست لە پشتی سیاسەتەکەی هەوڵدەدەن ناوەرۆکی تەلەڤزیۆنی ئەم وێنانە بەدیبهێنێت:

- تواندنەوەی جیاوازییە باوەکانی نێوان بینەر، کە بریتیین لە سنوری تەمەن، ئاستی کۆمەڵایەتی، ئایین و فەرهەنگ.

- تێکەڵکردنی ئەو تێگەیشتنانەی بینەر هەیەتی بۆ ئاراستەی باوی فەرهەنگی تەلەڤزیۆنی، یاخود ئەو ناوەرۆکەی تەلەڤزیۆن پێشکەشی دەکات.

**ب- قەبەکردن:** هاوتابونی ئەوەی تاک لە جیهانی تەلەڤزیۆندا دەیبینێت لەگەڵ واقیعەکەیدا کاریگەرییەکانی چاندن زیاد دەکات، بەجۆرێک تاکەکان وەها دەردەکەون بەر تاوانێکی دووسەرە کەوتبن، کە بە قەبەکردن ناوزەند دەکرێت(همیسي، ٢٠١٤: ٢٠).

**- ئەو گریمانە تیۆریانەی توێژەر گێربنەر دایناون:**

گێربنەر کۆمەڵێک گریمانەی بنەڕەتی بۆ تیۆری چاندن داناوە کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:

١. تەلەڤزیۆن بەراورد بە ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندیکردن بە ئامرازێکی دەگمەن بۆ چاندن دادەنێت: گرنگی تەلەڤزیۆن و دەگمەنییەکەی لەچاو ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندیدا دەگەڕێتەوە بۆ بەربڵاوییەکەی لە ماڵاندا و ئاسانی بەریەککەوتن لەگەڵیدا، هاوکات تەلەڤزیۆن لە ئامرازە چاپکراوەکان جیاوازە و پێویستی بە توانای خوێندنەوە و نووسین نییە(جلال، ٢٠١٤: ٥٤).

٢.تەلەڤزیۆن جیهانێکی لێکچووی وەها لە پەیام و وێنەی هزری پێشکەشدەکات کە گوزارشت لە ئاراستەی باو دەکات(المزاهرة، ٢٠١٢: ٣٤٣).

٣. شیکردنەوەی ناوەرۆکی پەیامە میدیاییەکان ئاماژەکانی پرۆسەی چاندن دەخاتەڕوو: گریمانەی ئەوە دەکرێت کە پرسیارەکانی پەیوەست بە شیکردنەوەی چاندنی ڕۆشنبیری ڕەنگدانەوەی ئەو پەیامە تەلەڤزیۆنیانە بێت کە بۆ ماوەیەکی دوور پێشکەشی بینەر دەکرێت، ئەمە لەپاڵ ئەو بایەخەی بە پێوەری کۆی تەماشاکردن دەدرێت، هاوکات پرسیارەکانی پەیوەست بە شیکردنەوەی چاندنی ڕۆشنبیری دەبێت ئاراستەی "جیهانی واقیعی" بکرێت، کە یەکەم پێداویستی پرۆسەی چاندنە، هاوشان لەگەڵ پێداویستی دووەمی پرۆسەکە کە بریتییە لە گرنگیدان بە "جیهانی ڕەمزیی" تەلەڤزیۆن(جلال، ٢٠١٤: ٥٥).

٤. شیکردنەوەی چاندنی ڕۆشنبیری گرنگی بە پاڵپشتیکردنی سەقامگیری و تەبایی کۆمەڵگە دەدات: تەلەڤزیۆن کار بۆ بەدیهێنانی ئاراستە ڕۆشنبیرییە جێگیر و باڵادەستەکان دەدات، هاوکات کار بۆ پەرەپێدانی چەمک و هەڵسوکەوتە پێکەوەلکاوەکانی کۆمەڵگە دەکات، ئەو جیهانە ڕەمزییەشی تەلەڤزیۆن پێشکەشی دەکات،

سەرچاوەیەکی گرنگی بەدیهێنانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی چەمک و هەڵسوکەوتەکانی کۆمەڵگە دادەنرێت، ئەمە جگە لەوەی تەلەفزیۆن پاڵپشتی تەبایی و سەقامگیری چەمکەکانی تایبەت بە واقیعی کۆمەڵایەتی دەکات، نەوەک گۆڕین، یاخود لاوازکردنی ئەو چەمک و بیروباوەڕانە(المزاهرة، ٢٠١٢: ٣٤٤).

٥. پەیامی تەلەفزیۆنی سیستمێکی یەکگرتوو پێکدەهێنێت کە گوزارشت لە ئاراستەی باوی نێو ڕۆشنبیری کۆمەڵگە دەکات: هێندەی چاندن وەک پرۆسەیەکی ڕۆشنبیری بەستراوەتەوە بە چوارچێوەیەکی یەکگرتووی زانیاری و چەمکی گشتییەوە، کە خۆی لە وەڵامی پرسیارگەلێکی دیاریکراودا دەبینێتەوە، هێندە نەبەستراوەتەوە بە ڕاستی، یان بیروباوەڕی دابڕاوەوە، بەو پێیەی هەمەجۆریی بەرنامەکان، یاخود شێوازەکانی پێشکەشکردنیان لە شیکردنەوەی چاندندا جەختی لێناکرێتەوە، لە بنەڕەتدا شیکردنەوەکە بەو بیرۆکە و وێنە گشتییە ئەنجامدەدرێت کە کۆی بەرنامەکان پێشکەشی دەکەن، بەجۆرێک کە تەلەفزیۆن گرنگی بە بونیادنانی بیرۆکە و نموونەی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەدات و بەمەبەستی گوزارشتکردن لە سەقامگیری و تەبایی نموونەی کۆمەڵایەتی پێشکەشدەکات(مكاوي و السيد، ٢٠٠٤: ٣٠٧).

## سوودوەرگرتن لە تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری:

تیۆری چاندن لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە گریمانەیەکی بنەڕەتی دەبەستێت کە بریتییە لەوەی کە تەماشاکردنی ڕێکخراو و زۆری دراما و زنجیرە دۆبلاژکراوەکان لەلایەن گەنجانەوە کە پەخشدەکرێت لەسەر شاشەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و کاریگەربوونیان بە کەسایەتییەکانی نێودراماکان دەبێتە هۆی لە باوەشگرتنی بەها جیاوازەکان لەلای ئەم گەنجانە و جیاوازە لەو گەنجانەی کە کەم تەماشای دەکەن. بە جۆرێک تەلەفزیۆن هەڵدەستێت بە کورتکردنەوەی سەرچاوەی زانیاری و بیروباوەڕ و گرنگیپێدانەکان لەلای گەنجان بە گشتی. هەروەها پەیوەندییەکی گرنگ هەیە لە نێوان قەبارەی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕادەی ڕەنگدانەوەی ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی کە لە نێو دراما تورکییەکاندا هەن و ڕادەی ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتی گەنجان.

# بەشی دووەم
# چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە
# هونەری دراما و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان

٢-١- پێگە و بایەخی هونەری دراما

٢-٢- دەروازەیەک بۆ هونەری دۆبلاژ لە درامادا

٢-٣- سەرهەڵدانی درامای تورکی دۆبلاژکراو و قۆناغەکانی گەشەسەندنی

٢-٤- پێگەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

٢-٥- بەها و بەهای کۆمەڵایەتی لەنێو دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکاندا

٢-٦- ڕەنگدانەوەی پەیامە میدیاییەکان لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان

# بەشی دووەم
# چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە
# هونەری دراما و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان

## ٢-١- پێگە و بایەخی هونەری دراما

### ٢-١-١- دراما لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە

دراما لەگەڵ ئەو گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونەی، کە بە درێژایی قۆناغە مێژووییەکان پێیدا تێپەڕیوە، دەبینین لە لایەن ڕەخنەگران و پسپۆڕانەوە، گەلێک تێڕوانینی جیاجیای لەبارەوە خراوەتەڕوو، لەڕووی زمانەوانییەوە دەکرێت بەم شێوەیە دیارییبکرێت (دراما لە وشەی (Dramenon) (درامینۆن)ی یۆنانی کۆنەوە وەرگیراوە بە واتای "کاری شتێک دێت" (کەریم، ٢٠٠٩: ١٣).

واتا وشەی دراما، وشەیەکی یۆنانییە و لە وشەی (Dran)ەوە هاتووە و بە واتای (کاردەکات)، یاخود ئەنجامدانی کارێک دێت (حمادة،١٩٧١: ١٤٣). لە هەمانکاتدا (وشەی دراما لە زمانی یۆنانیدا بە واتای ئاسانی جوڵە دێت) (اِسلن، ١٩٨٧: ١٥). هەندێکی تر پێیانوایە وشەی دراما لە زمانی ئەوروپییەکاندا بە واتای (Action) هاتووە، واتا چالاکی، لە زمانی عەرەبیدا بە واتای کار، یان ڕووداو وەرگیراوە بێ بوونی کار بوونیاد نانرێت، چونکە فەرمان گەوهەری بوونیادنانی درامایە (عەبدوڵا،٢٠٠٨: ٤١).

ئەم وشە یۆنانییە لە زمانی لاتینیدا بووەتە (Drama) و گوێزراوەتەوە بۆ زۆربەی زمانە نوێیە ئەوروپییەکان (بەرزنجی، ٢٠٠٨: ٤١). جگە لەوە هەندێکجار دەبینین وشەی دراما (مانای ئەو شانۆگەریانە دەدات بە دەستەوە، کە گیانێکی جیدی تیادا بێت و دووربێت لە هەموو گاڵتەجاڕی وبەسەرهاتێکی هیچوپووچەوە)، (سالار،١٩٨٠: ١٧) بەڵام (وێڵ دۆرانت) دەڵێت: " دراما لە (درومنا)وە وەرگیراوە، کە مانای ئەو وشەیە بریتییە لە ڕووداو "." تەنانەت وشەی دراما بە مانای نمایشکردن دێت و لەوێوە وەرگیراوە " (جیمز دورانت، ٢٠١٠: ٢٥). هەروەها بەلای هەندێکی ترەوە، وا باس دەکرێت، کە دراما لە وشەی (شێننی)ی ئیتاڵییەوە هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، کە لە زمانی ئیتاڵیدا بە (شێننێ)، یان (شێننۆ) دادەنرێت. لە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسیدا بووەتە (Scene) تەنانەت لە زمانی فارسی ئەمڕۆدا وشەی (سن) بەکاردەهێنن، کە هەر لە وشەی (Scene)ی ئینگلیزی و فەڕەنسییەوە وەرگیراوە(حسین، ٢٠١٢: ٤).

لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) دا وشەی دراما ڕووداوە لە ڕێگای جوڵان و هەڵسوکەوتەوە، کە بە بەکارهێنانی کەلوپەل و جلوبەرگ چیرۆکەکە لە شێوەی بینراوی جیاوازەوە دەگێڕدرێتەوە، بە شێوەیەک وەک چۆن لە ژیان و ڕاستیدا هەیە، ئەم بابەتە نووسینەوەیان بە شیعرە، یاخود پەخشان (سالار،١٩٨٠: ١٥-١٦). هەندێک لە شارەزایانی دراما پێیانوایە وشەی (دراما) لە فەرهەنگی کۆنی گریکدا دووڕوو بووە، ڕووی یەکەمیان مانای (کار)ی گەیاندووە، ڕووی دووەمیان مانای (دیتن) بووە، بەڵگەی ئەم ڕایە ئەوەیە کە دەوترێت: "دراما دوو

جووتە مانای هاوسەر دەگەیەنێت، یان مانای شانۆو شانۆگەرییە، تێکست و دەرهێنانە، نووسەر و ئەکتەرە، یان نواندن و سەیرکەران دەگرێتەوە" (هەورامی،٢٠٠١: ٩)

ئەرستۆ تیشکدەخاتە سەر ناوی دراما و بە (درامات) ناوی دەبات، کە بە مانای ( ئاوەڵکردارەکان) دێت، ئەم وشەیە هەر لە وشەی دراماوە هاتووە، بەڵام هۆکاری بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ سووربوونی لەسەر توخمی (کار) کردن نیشان بدات وەک گەوهەری دروستبوونی هونەری دراما، وەک بیەوێت زیاتر ئەو خاڵە جیاکەرەوەیە بە زەقی دەربخات(بەرزنجی، ٢٠٠٨: ١٠٧).

دەستەواژەی دراما لە زمانی یۆنانیدا بڵاوبووەوە و دواتر چووە نێو تەواوی زمانەکانی دیکەوە، ئەو وشەیە وەک دەربڕین چووە نێو زمانی عەرەبییەوە، نەوەک مانا، بەو پێیەی دراما لە زمانی عەرەبیدا نییە، بەڵکو دەربڕینێکی وەرگێڕدراوە و بەشێوەیەکی کۆدەنگی مانا هەڵدەگرێت، لە کولتووری بیانیدا بەو مانایە دێت کە شانۆیەکی گفتوگۆئامێزە و تاکە کەسێک لەبەردەم جەماوەردا ئەنجامی دەدات (المصري، ٢٠١٠: ٣٣-٣٨).

**- دراما وەک چەمک**

هونەری دراما لە دێرینترین و ڕەسەنترین هونەرەکانی نواندنە کە مرۆڤ پێی ئاشنا بووبێت، زیادەڕەوی ناکەین گەر بڵێین لە قورسترین هونەرەکانە کە مرۆڤ تاوەکو ئێستا پیادەی کردبێت. ڕاستە هەندێک هونەری نوێی وەک سەمای بالێ و ئۆپێرا لەڕووی داڕشتن و نواندنەوە لە هونەرە هەرە قورسەکانن، بەڵام جەماوەری نین، واتا بەهەمان شێوەی هونەری دراما بەدەنگەوەچوونی نییە، هیچ هونەرێک ناتوانێت وەک هونەرێکی میللی ڕکابەری دراما بکات(محمد،٢٠١٣: ٧٩).

دراما بریتییە لە بەرجەستەکردنی ڕووداوێک، یان کۆمەڵە ڕووداوێک، کە مانایەکی خۆیان هەبێت، یان جۆرێکە لە جۆرە ئەدەبییەکان کە دواتر دەکرێتە نواندن و لە شانۆ، یان سینەما، یان تەلەڤزیۆن و ڕادیۆدا پێشکەش دەکرێن. چیرۆکی دراما گرنگیدەدات بە سۆزی مرۆڤ و زۆرجار گۆرانی و میوزیک لە گەڵیدا تێکەڵ دەکرێت و هونەری ئۆپێرا هەر بە بەشێك لە دراما هەژمار دەکرێت(المصري،٢٠١٠: ٦). بۆیە هەمووان كۆك بوون لەسەر ئەوەی ئەرستۆ ڕاستی پێکاوە، کاتێك درامای وا بینیوە کە بریتییە لە گێڕانەوەی کردەیەك، یاخود ڕووداوێکی مرۆیی، واتە ڕوودانێك دەگێڕێتەوە کە ڕوویداوە، نەك شتە نەجووڵاوەکان (الكعبي،٢٠١٩: ٣٤).

کەواتە دراما بریتییە لە گێڕانەوەی کردارێکی مرۆڤ، داتاشراوە لە وشەیەکی یۆنانی کۆن کە بە مانای "دەیکات" دێت، یاخود کارێک ئەنجامدەدات، دەبێت دراما کردار و تەماشاکردن لەخۆبگرێت، کە ئەوە بە دەستەواژەی لکێنراو گوزارشتی لێدەکرێت وەک شانۆگەری و نمایش و دەق و دەرهێنان، یاخود نووسەر و ئەکتەر...هتد، ئەمەش بەو مانایە دێت کە دراما لە دوو بەش پێکدێت، یەکەم خۆی لە کاری نووسەردا دەبینێتەوە و دووەمیان بەرجەستەکردنە (محمد، ٢٠١٣: ٤٨-٤٩).

هەروەها مەبەست لێی نمایشکردنێتی لەبەردەم جەماوەردا لەسەر ئەم بنەمایە، چیرۆکی درامی لەچیرۆکی ڕۆمان جیاوازترە، چونکە چیرۆکی درامی بریتییە لەو (چیرۆکەی بۆ نمایش ئامادەکراوە)، واتە بۆ خوێندنەوە نابێت، بەڵکو لە سەر ستەیجی شانۆ، یاخود لەڕێی شاشەی سینەما و تەلەڤزیۆن، یان لە ڕێی ڕادیۆوە نمایش دەکرێت، بۆ ئەوە نانووسێت جەماوەر چیرۆکەکەی بخوێننەوە، بەڵکو لەپێناو ئەوەی جەماوەر چیرۆکەکەی لەڕێی نمایشی ئەکتەرەکانەوە ببینێت، یان لەڕێی ڕادیۆوە گوێی لێبگرێت، ئەمەش لەڕووی تەکنیکییەوە( الكعبي، ٢٠١٩: ٣٤).

### ٢-١-٢- مێژووی سەرهەڵدانی دراما لە جیهاندا

دراما لەگەڵ مرۆڤی سەرەتاییدا دەرکەوتووە، کاتێك ئەو مرۆڤەی لە گەشتێکی ڕاوکردن دەگەڕێتەوە و چیرۆکی ڕاوکردنەکە بۆ خێزانەکەی دەگێڕێتەوە، هەروەها ئەم چیرۆکە بە نمایشێك لەبەردەم خێزانەکەیدا وادەکات بە باشترین شێوە بیرۆکەکەیان پێبگەیەنێت، بەڵام ئەو درامایەی مرۆڤە سەرەتاییەکە بە سادەیی دەینوێنێت و هیچ ئاڵۆزییەك تێناپەڕێنێت، تەنها ئاڵۆزییەك کە تێیدا بێت خودی ڕاوەدونانەکەیە.(الکعبي، ٢٠١٩: ٣٧ ).

بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی دراما، دەبینین بنەما و چوارچێوە گشتییەکانی دراما لە دراما کۆنە یۆنانی و ڕۆمانییەکانەوە بەشێوەیەکی بەرچاو ماوەتەوە و ئاماژەی پێدراوە، بە تایبەتی لە هەردوو کتێبی (هونەری شیعر)ی (ئەرستۆ) و(هۆراس)ەوەیە، کە هەریەکەیان بەجیا باسیان لە ڕۆڵ و گرنگی هونەری دراما کردووە و بە بایەخەوە لێیانڕوانیوە(حسین،٢٠١٢: ١٩٩).

سەرەتا دراما لەشاری ئەسینای ئێستای یۆنان (گریکە کۆنەکان) لەسەدەی ٦ی پێش زایین سەریهەڵداوە. نەژادی دراما و شانۆی یۆنانی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێوڕەسمەکانی شکۆبەخشین بە خواوەندەکانیان.(اللاهوني، موقع العربي٢٢، ٢٠٢١). دواتر ئەم ئاهەنگە ئاییننیانە پەرەیانسەند، کەسی دووەم و سێیەمیش لەگەڵ کەسی یەکەم کەوتنە گفتوگۆ و قەبارە و ڕۆڵی کۆرسەکان کەمکرانەوە، تا لە سەدەی پێنجەمی بەر لە زاییندا شێوە و شێوازێکی تری وەرگرت و لە ئەنجامدا تراژیدیاکان لەدایکبوون، فێستیڤاڵ و پێشبڕکێی ساڵانە هاتنە کایەوە و نووسەری شانۆیی دروستبوون و شانۆنامەکانیشیان لە ڕێگای ئەو فێستیڤاڵانەوە پێشکەش کردووە(Hall, ٢٠٠٦: ٢٨٨-٣٢١).

( ئەرستۆ) لەماوەی ژیانیدا گەلێک بنەما و یاسای لەبارەی دراماوە دانا، کە تا سەردەمانێکی زۆر کاریگەری خۆی هەر هەبوو، لەوانە مەسەلەی هەرسێ یەکێتییەکەی دراما (ڕووداو و کات و شوێن).(سەعید، ٢٠٠٣: ٤٢-٤٤).

ئەرستۆ لە نێو هەردوو جۆرە سەرەکییەکەی درامادا (تراژیدیا) و(کۆمیدیا)دا زیاتر گرنگی و بایەخی بە جۆری تراژیدیا دابوو، چونکە پێیوابوو (تراژیدیا گێڕانەوە و لاساییکردنەوەی کردارە جوان و تەواوەکانی مرۆڤە و درێژییەکی دیاریکراویشی هەیە، خاوەن زمانێکی هەمەڕەنگی جوانییەکە بەپێی بەشەکانی تراژیدیایەکە دەگۆڕێت، ئەمەش بەهۆی نمایشی کارەکتەرەکانەوە دەبێت، نەک بگێڕدرێتەوە، بەمەش کاریگەری لەسەر بینەران دروستدەکات و ترس و بەزەییان لە لا دروستدەکات، ئەمە دەبێتە هۆی پاککردنەوەی دەروونی هەڵچوونیان(حسین، ٢٠١٢: ١٩٩).

ژیاریی یۆنانی جومگەیەکی مێژوویی لە جومگە بنەڕەتییەکانی پەرەسەندنی کاری دراماییی پێکدەهێنێت، یەکێك لە بایەخدارترین ڕۆماننووسی شانۆیی تراژیدیی یۆنانی (ئەسخیلۆس"٥٢٥ پ.ز- ٤٥٦ پ.ز") کە بەپێشەنگی کاری درامای تراژیدیا لای یۆنانییەکان دەژمێردرێت و خاوەنی نزیکەی (٧٠) کاری شانۆییە، بەڵام تەنها ٧ کاری شانۆیی بە تەواوەتی بڵاوبوونەوە و کەوتونە بەردەست، بە باوکی درامای ئەورووپی ناودەبرێت(بەرزنجی، ٢٠٠٨: ١١٠-١١١).

(ئەسخیلۆس، سۆفۆخلس، ئوریپیدس) بە باوکی درامای تراژیدی و (ئاریستۆفانس) بە باوکی درامای کۆمیدی دادەنرێت. هەروەها (سێسپیس) یەکەم ئەکتەر و شانۆکار بووە بۆ یەکەمجار چووەتە سەر ستەیج و ڕۆڵی بینیوە.

لەم بوارەدا میسری و سورییەکان پێش هەموو جیهان کەوتوون لە بەدەستهێنانی سەرەتایەکی زیاتر لە هاندەرێك، ئەم ڕاستییە هیچ مێژوونووسێکی شانۆیی جیهانی نکۆڵی لێناکات"، بۆیە ئەفسانەی "ئیزیزس و ئۆزیریس لە میسر و ئەفسانەی "عەشتار و تەموز" لە شام و عێراق بە سەرەتایەکی ڕوونی شانۆی جیهانی دادەنرێن(حمودة، ١٩٩٨: ١٧).

ئەورووپای سەدەی ناوەڕاست، کارە درامایییە شانۆییەکانی برەو پێداوە. لەڕێی بەستنەوەی بە ڕێوڕەسمە ئاینییەکانەوە بۆ ئاهەنگەکانی لەدایکبوون و مردنی عیسا پێغەمبەر (د.خ) کە لە ژیارێتی یۆنانییەوە بۆی ماوەتەوە. هەروەها لەگەڵ هاتنی سەردەمی ڕۆشنگەریدا، درامای شانۆیی بە وەرگرتنی ئاڕاستەیەکی نوێ دەستی بە پەرەسەندن کردووە، کە لە گێڕانەوەی چیرۆکە ئاینییەکان دوورکەوتەوە و بەلای بەرجەستەکردنی ژیانی ئاسایی و ململانێ کۆمەڵایەتییەکاندا لایدا، لەگەڵ دەرکەوتنی کەسایەتی پێشەنگ لە بواری نووسینی شانۆییدا، ئەم ڕەنگە گەشایەوە، بۆ نموونە (ڤۆلتیر١٦٩٤-١٧٧٨) و (مولییر١٦٢٢-١٦٧٣) و (شکسپیر ١٥٦٤-١٦١٦)، (الكعبي، ٢٠١٩: ٣٨).

لەگەڵ داهێنانی تەکنیکی سینەمادا، جیهانێکی نوێ بۆ دراما کرایەوە، هەرزوو چووە ناو ئەم جیهانە سەرسامکەرەوە. هەردوو پێشەنگی تەکنیککاری سینەمایی دووبراکە (لوی و ئۆگەست لۆمێیر) کە هەمیشە ناویان پێکەوە دەهێنرێت، لەبەرئەوەی پێکەوە دەبن بە دوو لە یەکەم بەرهەمهێنەران و دەرهێنەرانی فیلم، دوو کەس کە پەرە بە تەکنەلۆژی کامێرا دەدەن و فیلم و داهێنانەکانیان دەبن بەهۆی ئەوەی کە سینەما بە هەموو جیهاندا بڵاوببێتەوە. لە ١٣ی شوباتی ساڵی ١٨٩٥دا مافی دروستکردنی ئامێرێکیان بەدەستهێنا و ناویان نا (سینەماتۆگراف) و لەم وشەیەوە وشەی (سینەما) لەدایکبوو(گرکانی،٢٠٠٢: ٧).

لەگەڵ دەرکەوتنی تەکنیکی ڕادیۆ و وەرچەرخانی وەکو دەستەبەرەیەکی ڕاگەیاندن لە ڕێی پەخشی وێستگەییەوە، دراما ئەوەی گونجاوە لەگەڵ سروشتەکەیدا لەم ئامێرە گوێ لێگیراوە وەریگرتووە و تەنها لەڕێی پەخشی دەنگییەوە درامای پەخش کردووە(صيام، موقع وكالة معا الاخبارية، ٢٠١٨ ).

دەرکەوتنی تەلەڤزیۆن کاریگەرییەکی بەهێزی هەبوو لەبواری ڕاگەیاندندا، کە کاریگەرییەکەی لەهۆکارەکانی تری ڕاگەیاندنی پێش خۆی زیاتربووە، ئەمەش بەهۆی ئەو توانایەی کە لە کۆکردنەوە و ئاوێتەکردنی وشە و وێنەدا هەیەتی. تەلەڤزیۆن درێژەپێدانی ئێزگە و سینەما نییە، بەڵکو شتێکی نوێیە و لەدوای داهێنانی سینەما بەماوەیەک سەریهەڵدا(عەبدوڵا،٢٠٠٥: ٢١).

شارەزایان بە بەهێزترین هۆکاری پەیوەندیکردن لەمێژووی شارستانێتی مرۆڤایەتی لەقەڵەمی دەدەن. مێژووی تەلەڤزیۆن و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم تاقیکردنەوەی تەلەڤزیۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، ساڵی ١٩٢٧ یەکەم وێنەی تەلەڤزیۆنی لە واشنتۆن بۆ نیویۆرک گوازرایەوە، بەرنامەی تەلەڤزیۆنی پەخشکرد و یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا (ڕۆزڤێلت) وێنەی تەلەڤزیۆن بڵاوکرایەوە(ربه و صالح، ٢٠٠٩: ١٠٨ ).

یەکەم درامای تەلەڤزیۆنی لەمێژوودا دەگەڕێتەوە بۆ درامای (The Queen's Messenger) بە واتای (نامەبەری شاژن) کە یەکەم دراما بوو لە تەلەڤزیۆن پەخش بکرێت، کە لەلایەن شانۆنووسی ئیرلەندی جۆن

هارتلی مانەرس لە ساڵانی (١٨٧٠-١٩٢٨)دا نووسرابوو. ئەم درامایە لە ویلایەتی نیویۆرکی ئەمەریکا ساڵی ١٩٢٨ بەرهەمهێنرا دوای پێشکەوتنی دروستکردنی تەلەڤزیۆن (goldenglobes، ٢٠٢٠).

یەکەم زنجیرە دراما لە فەرەنسا لەدایکبوو، ناونرا "فیلمی ئەڵقە ئەڵقە" یان "چیرۆکی سینەمایی، هەندێکجار ئەڵقەکان لە ڕۆژنامەکاندا بە مەبەستی قۆستنەوەی بنەمای دڵەڕاوکێی نێو زنجیرە دراماکان بڵاودەکرانەوە، بەو پێیەی ئەڵقەیەک باسی لە ساتێکی هەستیار دەکرد، کە بینەری لە باری "هەناسەسواری"دا دەهێشتەوە. لای خۆشیەوە "لویس فویاد" لە "فانتۆماس – ١٩١٣"دا بەشداری لە سەرخستنی ئەمجۆرە کرد و دواتر ئەمەریکییەکان ساڵی ١٩١٥ لە فیلمی "ڕازەکانی نیویۆرک"دا دەستیان بەسەردا گرت(جورنو، ٢٠٠٧: ١٨٩).

دراماکە پێکهاتبوو لە ٤ ئەکتەر و دەرهێنەرەکەی لەنزیکیانەوە وەستاوە و چاودێری شێوازی نواندن و خوێندنەوەی دەقی دراماکە دەکات. ٢ کامێرا بەکارهێنراون، یەکێکیان بۆ مەشهەدی دوور و ئەوەی تریشیان بۆ تاکە کەسی، دوای ساڵی ١٩٠٠ و دروستکردنی کامێرای ڤیدیۆ بۆ یەکەمجار بوو کامێرا لە درامایەکدا بەکاربهێنرێت. چەند میوزیکژەنێک بەشداریان کردووە و پیانۆ وەک ئالەتی میوزیکی سەرەکی بەکارهاتووە، کە لەگەڵ دیمەنەکاندا تۆنەکان دەگۆڕێت. دواتر لە ساڵەکانی ١٩٦٠دا بەشێکی دراماکان لە باسکردنی جەنگ و شەڕ و سیخوڕیکردنەوە گۆڕان بۆ باسی ئاشتی و یەکسانی ڕەگەزی و کۆمەڵایەتی (goldenglobes، ٢٠٢٠).

ئیزێتا جیویل کێنی یەکەم ئەکتەری درامای تەلەڤزیۆنییە کە بە ڕەگەز ئەمەریکی بوو لە ساڵانی (١٨٨٣-١٩٧٨)دا. یەکەم ئەکتەری سەر ستەیج بوو لە مێژووی درامای تەلەڤزیۆنیدا، کە لە دراماکەدا ڕۆڵی ژنێکی سیخوڕی ڕووسی دەبینی(Lamoureux, ٢٠١٨).

درامای تەلەڤزیۆنی لەماوەی تەمەنە کورتەکەیدا تاڕادەیەك (توانیویەتی لەنێوان زۆرینەی دەزگاکانی دەربڕینە هونەرییەکانی تر شوێنی خۆی بپچڕێت، سەرباری ئەوەی سوودی لە هەموویان وەرگرتووە و سەرجەم تایبەتمەندێتی و جیاکەرەوەکانی ئەم دەزگایانەی لەخۆگرتووە). لەچارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا ئاماژەی بەهێزی بۆ لەدایکبوونی هونەری هەشتەم، کە بریتییە لە هونەری درامای تەلەڤزیۆنی پێشنیاز کردووە، ئێستا ئەم درامایە وەکو هەموو هونەرەکانی پێش خۆی ڕووخساری ڕوون و ڕووکاری دەرکەوتووی بۆ خۆی دروستکردووە، ئەمەش ڕێڕەوی لەدایکبوونێکی سروشتییە، هەروەکو سینەما زۆرێك لەخەسڵەتەکانی شانۆ و شەش هونەرەکەی پێش خۆی بردووە، ئێستا درامای تەلەڤزیۆنی هەندێک لە خەسڵەتەکانی لە سینەما و هونەرەکانی تر دەبات، کە وشە و وێنە و کاری درامایی و مۆسیقا و ڕووناکی لە چوارچێوەی تایبەتمەندێتییەکی دیاریکراودا بەکاردەهێنێت (المصري،٢٠١٠: ٤).

## ٢-١-٣- بایەخی دراما

وایلێهاتووە کە درامای تەلەڤزیۆنی پانتاییەکی گەورەی لە نەخشەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا داگیرکردووە، توێژینەوە ئامارییەکان جەختدەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە زیاتر لە چارەکی پانتایی بەرنامەکان، زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکان داگیریانکردووە، بەپێی ئەنجامی لێکۆڵینەوە ئامارییەکان و پرۆسەکانی ڕاپرسی و پێوەری ڕا، بایەخدارترین و زۆرترین کاریگەری و ڕاکێشان و پەسەندکردنە لای زۆرترین بینەرانی تەلەڤزیۆنەکە( المحیا، ٢٠٠٦: ١٤).

هۆکاری ئەو جیاوازییە گەورەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییەی لە نووسینی درامای تەلەڤزیۆنیدا هەیە لە نێوان تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و سینەما و شانۆدا. هۆکاری گرنگییێدانی جەماوەر بە تەلەڤزیۆن و درامی تەلەڤزیۆنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بینەر زیاتر لە دیالۆگ گرنگی بە دیمەنی بینراو دەدات(ویتۆن،٢٠٠٨: ٢٧).

زۆرکات خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی تەماشای هونەر و بەشێوەیەکی تایبەت تەماشای دراما دەکەن، بەو پێیەی تەنها ئامرازێکە بۆ کاتبەسەربردن، لەکاتێکدا توێژینەوە دەروونییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ڕۆڵی دراما زۆر لەوە دوورترە، چونکە پێداویستییە گرنگەکانی تاک پڕدەکاتەوە، لە گرنگترین ئەو بابەتانەشی دراما لە پاڵ کات بەسەربردندا پێی هەڵدەستێت بریتییە لە:

١. زانین و بەدەستهێنانی زانیاری کە ڕەنگە هەندێک کەس بە کارێکی ڕووکەشی ببینن، بەڵام واقیعەکە جەختدەکاتەوە کە فێربوون بە گێڕانەوە بەهێزترین ڕێگاکانی فێربوونە، درامای تەلەڤزیۆنی لە بنەڕەتدا پشتی بە گێڕانەوە بەستووە، بەوپێیەی زنجیرە دراما مێژوویی و ژیاننامەکان، قۆناغێکی مێژوویی تەواو بەشێوەیەکی سادە پێشکەشدەکەن(عبد الخالق،موقع ساسة بوست، ٢٠١٨).

٢. دراما ژمارەیەک حاڵەت لەخۆی کۆدەکاتەوە کە جڵەوی ڕێڕەوی چیرۆکەکە دەکات و لەڕێگای ئەو دۆخانەی لەژیانیشیدا تووشی دەبێت، مرۆڤ لەخۆدەگرێت، لەو دۆخانەش وەک دۆخی جیدی و خەمباری و پێکەنین و ترس و ڕیالیستیک، لێرەشدا ڕووندەبێتەوە کە دراما وەسفی دۆخە جیاواز و هەمەجۆرەکانی مرۆڤە، جگە لەوەی دەکرێت ڕەنگدانەوەیەکی باشی هەستی ناواخنی مرۆڤ بێت، وەک ئەو هەستانەی بەرامبەر بابەتە جیاوازەکان هەیەتی(کماش و بلخلفة، ٢٠١٨: ٥٥).

٣. دراما هەستی ترس دروستدەکات، کاتێک ڕادەی لاوازی بەرامبەر چەرمەسەرییەکانی ژیان ئاشکرا دەکات و ئەو هەستە وادەکات بەشێوەیەکی هاوسەنگ بیر بکەینەوە و سەنگینانە خەیاڵ بکەین کاتێک هەستدەکەین لەبەردەم ئەو هێزە سەرکێشە کوێرانانەدا لاوازین(المصري، ٢٠١٠: ٤٥).

٤. دراما هونەرێکی جادوگەری کاریگەری فراوانە، ڕەهەندی گەورەی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا و کۆنترۆڵی عەقڵ دەکات، بگرە بووەتە گۆڕەپانێکی فراوان بۆ ڕیکلامکردن و بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و پرەنسیپ و هەڵگیرساندنی شۆڕش و جوڵاندنی گەلان، یاخود ئازادکردنیان، یان ونکردنیان لەنێو خەیاڵپڵاوی خەونی ساختە، یاخود گەندەڵکردنیان و تووشکردنیان بە خەمساردی و بێدەسەڵاتیان بەرامبەر ئەو هێزە دژانەی گەمارۆیانداون.

٥. دراما ڕۆڵێکی دیار لە بابەتە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی واقیعی دەگێڕێت، هەروەها خزمەت بە پەرەپێدانی نیشتمانی گشتگیر دەکات و ڕۆڵێکی گرنگ لە دەرخستنی ڕووی جوانی لایەنی گەشتیاری و ئابووری دەوڵەتاندا دەگێڕێت(المصري، ٢٠١٠: ٤٥).

٦. دراما تێگەیشتنی ژیانی کۆمەڵایەتی قووڵدەکاتەوە، یارمەتی بوونیادنانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دەدات و یارمەتی گۆڕینی ڕەفتاری فێرخوازان دەدات لە ڕێگای ئەو گێڕانەوەیەی بە ڕێگا سەرەتاییەکانی بەدەستهێنانی گەلێک لەلایەنەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤ دادەنرێت، ئەویش لەڕێگای ئەو دەرفەتەی دراما لە قووڵکردنەوەی ڕەفتاری بینەردا دەیخولقێنێت.

٧. دراما کار لەسەر بەدیهێنانی سەقامگیری سۆزداری و هەڵچوون دەکات، چونکە بینەر لەگەڵ ئەوەی دەیبینێت هاوسۆز دەبێت و هەست بە ترس، یان بەزەیی دەکات، بگرە لەوانەیە هەستی توندوتیژی، یان ترس و توقاندن،

یاخود تۆڵەسەندنەوە لەلا دروست ببێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە ئارامی دەکات، چونکە ئەو ئەزموونەی لەڕێگای دراماوە هەستی پێکردووە ئەزموونێکی جێگرەوە بووە و بەسەر ئەودا نەهاتووە، بەڵکو لە مەودایەکی دوور لەوەوە ڕوویداوە، جگە لەوەی ئەو ڕووداوانە ڕاستەقینە نین(کماش و بلخلفة،٢٠١٨: ٥٦ ).

٨. تێگەیشتن لە ژیان و بەدەستهێنانی بەها و بیرۆکە، بەجۆرێک کە درامای تەلەڤزیۆنی هەندێک بەها و بیرۆکە لەڕێگای پێکەوەژیانەوە بەشێوەیەکی قووڵ و خێرا پێشکەشدەکات، بەوپێیەی لە زۆرێک لە جارەکاندا تاک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ژیانی پاڵەوانی دراماکان و ئەو قوربانییەی لەپێناو بەدیهێنانی خەونەکانیان دەیدەن و ئەو شەڕانەی تیایدا سەرکەوتوو دەبن، بەوشێوەیەش بەهای کارەکە و ئارەزوو و خەونەکانی پەیوەست بە تەواوکردنی ژیانی تایبەتی خۆی، یان مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی زیاد دەکات.

٩. تێرکردنی ئارەزووەکانی وەک هەستی خۆشەویستی و تۆڵەسەندنەوە و سەرکەوتن، هەموویان ئارەزوون مرۆڤ ڕۆژانە بەدوایاندا دەگەڕێت، کاری دراماش بایەخ بەو ئارەزوانە دەدات و پێشکەشی بینەری دەکات، ئەویش لای خۆیەوە وەریدەگرێت و بەشێک لە ئارەزووەکانی پێ تێردەکات(عبد الخالق،موقع ساسة بوست، ٢٠١٨).

## ٢-١-٤- تایبەتمەندییەکانی دراما

دراما کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە لە ناوەرۆکی ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی وەک تەلەڤزیۆن و سینەما و ڕادیۆ و ئەوانی تری جیادەکاتەوە، ئەو تایبەتمەندیانەی لە ئەنجامی چەند ڕەگەزێک بەدەستهێناوە، کە دیارترینیان بوونیادی هونەریی دراما و ئەو بۆتە هونەرییەیە کە درامای تێدا دەنوسرێتەوە، لەخوارەوە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دراما دەخەینەڕوو:

١. **دراما هونەرێکی بینراوە:** زۆربەی کات کاری شانۆگەری لەسەر تەختەی شانۆ بەشێکی گرنگ و پێکهێنەری کۆی نمایشەکەیە، لە سەدەی بیستیشدا ئەوەندە بەس نییە کارەکتەرەکان لەسەر تەختەکە بێن و بڕۆن و هاوشێوەی کارەکتەرەکانی شانۆی ئیغریقی هۆنراوە بڵێنەوە، زۆرینەی کات جوڵەی کارەکتەرەکان لە گرنگیی گوزارشتکردندا یەکسانە بە گرنگیی دێڕەکان(کماش و بلخلفة، ٢٠١٨: ٥٧).

٢. **دراما هونەرێکی هەستپێکراوە:** لایەنی هەست و سۆز بە سەرچاوەیەکی گەورە دادەنرێت، بەوپێیەی کاتێک نمایشێک بەشێوەیەکی ڕیالیستی پێشکەشدەکرێت، جۆرێک لە سەنگ و قورسایی بەشێوەیەکی ئەرێنی و ڕەمزیی دەکاتەوە.

٣. **دراما بۆ بینەر هونەرە:** بەدەنگەوەچوونی بینەر گرنگییەکی گەورەی هەیە(المشاقبة، موقع حیاتک ،٢٠٢١).

٤. **درامای تەلەڤزیۆنی هونەرێکی پێکەوەگرێدراوە:** ڕەگەزەکانی لە هەموو هونەرەکانی دیکەوە سەرچاوەیان گرتووە، لە وێنەوە ڕەگەزەکانی کاریگەریی بینراو، لە مۆسیقاوە هەستی خۆگونجاندن و ڕیتمی جیهانی دەنگ، لە ئەدەبیشەوە توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ بابەتە ژیارییەکان وەرگرتووە.

**٥. توانای قایلکردن:** درامای تەلەڤزیۆنی پیشەسازییەکە چی تر ئامانجەکەی کاتبەسەربردن نییە، بەڵکو دروستکردنی کاریگەری و قایلکردنی جەماوەرە و بازی بەسەر کاریگەری بابەتە هونەری و میدیاییەکانی تردا هەڵداوە.

**٦. لەڕووی بیرۆکەی بژارکردنەوە:** بیرۆکەی کاری هونەری پشتی بە بژارکردن لە دیدی فیکری و هونەری نووسەرەوە بەستووە، خودی بژارکردنیش ڕەنگدانەوەی گۆشەیەکی تایبەتی گۆشەکانی دیدگا و تێڕوانین و شیکردنەوەیە، پاشان لەڕێگای تیشکخستنە سەر چەند ڕەگەزێک، پەیامێکی میدیایی فەرهەنگی لە هەگبەیدا هەڵگرتووە، ئەویش هاوشێوەی ئامرازەکانی دیکەی وەک شانۆ و ڕادیۆ(لبنی، ٢٠١٦: ٣٤).

**٧. لەڕووی ڕەگەزە تەشکیلییەکانەوە:** کۆنترۆڵکردنی نمایشی دەنگ و ڕەنگی درامای تەلەڤزیۆنی بەشێوازێک کە وابکات خێراتر لە شانۆ دیمەنێک بۆ دیمەنێکی دیکە و ئەکتەرێک بۆ ئەکتەرێکی دیکە بگۆڕێت، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی دیمەنە گەورەکان، بەجۆرێک کامێرا بتوانێت هەندێک ساتی درامی لەڕێگای جڵەوکردنی جوڵەی وێنەکەوە بەرجەستە بکات، پاشان بەرز و نزمی بکاتەوە و بیبەستێتەوە بە کوالیتی دەنگ و ڕەنگ و کاریگەرییە جیاوازەکانی دیکەی وەک مۆسیقا، ڕووناکی، مۆنتاژ، دیکۆر و ئەو ڕەگەزانەی دیکە کە بەشداری لە خوڵقاندنی کەشێکی گشتی بۆ بینەر و کاری درامی بەشێوەیەکی گشتی دەکەن.

**٨. لەڕووی جەماوەری وەرگرەوە:** درامای تەلەڤزیۆنی بەوە جیادەکرێتەوە کە بەرنامەیەکی ئاراستەکراوە بۆ توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە بە ئاستی جیاوازی تەمەن و ئاستی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیانەوە، بەجۆرێک کە بە هونەرێکی جەماوەریی هەژماردەکرێت(کماش و بلخلفة، ٢٠١٨: ٥٨-٥٩).

**٩. لەڕووی شێوازی نمایشەوە:** درامای تەلەڤزیۆنی بەپێچەوانەی درامای شانۆیی و سینەماییەوە، بەوە جیادەکرێتەوە کە لەنێو چوارچێوەی کۆمەڵێک بەرنامەی هەمەجۆردا لە زۆرینەی کەناڵە ناتایبەتمەندەکان پێشکەشدەکرێت، بەجۆرێک کە بەشێک لە بەرنامە جیاوازە پەخشکراوەکانی تەلەڤزیۆن پێکدەهێنێت، جا نواندن بێت، یان زنجیرە دراما، یاخود زنجیرە. درامای تەلەڤزیۆنی و لە سەروشیانەوە زنجیرە دراما بەوە جیادەکرێتەوە کە لەڕووی ئاستی پشتبەستن بە وروژاندنی جیاکەرەوەی جۆراوجۆری پەیوەست بە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ڕیکلام بەسەر چەند فۆڕمێکی ڕێکخراوی یەکساندا دابەشدەبێت، بەجۆرێک کە وای لێهاتووە زۆرینەی دراما تەلەڤزیۆنییەکانی نێو کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان خاڵی نین لە ناوبڕ(لبنی، ٢٠١٦: ٣٦).

## ٢-١-٥- زنجیرە درامای تەلەڤزیۆنی

مەبەست لە درامای تەلەڤزیۆنی بریتییە لەو زنجیرە دراما و فیلمە تەلەڤزیۆنی و سینەماییانەی لە تەلەڤزیۆنەوە پەخشدەکرێن(محمد،٢٠١٣: ٤٩). درامای تەلەڤزیۆنیش بەرهەمی کارێکی پێکەوەییە، کە پاڵەوانەکانی بریتین لە (نووسەر، سیناریست، ئەکتەر، دەرهێنەر، مۆنتێر، وێنەگر، تەکنیککاری دەنگ و ڕووناکی و ماکیاژ، بەرهەمهێنەر ...هتد). سەرجەم دراما تەلەڤزیۆنییەکانیش لەسەر بنەمای بوونی دەقێکی درامی بوونیاد دەنرێن، کە گرێکوێرە و ململانێ و دەرئەنجامی تیادایە(الشکري، ٢٠٠٩: ٦٣-٦٤).

**دراماى تەلەڤزیۆنى بەرھەمى کارێکى پێکەوەییە، کە بەشێکى گرنگ لە پاڵەوانەکانى بریتین لە:**

**١. سیناریۆ:** بە بڕبڕەی پشتی دراما دادەنرێت و بریتییە لە چیرۆکێک کە بە وێنە دەگێردرێتەوە، یاخود هەموو ئەوانەیە کە لەسەر کاغەز نوسراون و لەسەر شاشە دەیبینین، هەروەها سیناریۆ بە پەیکەر و چوارچێوەی گشتی فیلم دادەنرێت، چونکە چیرۆکی فیلم و بابەتەکەی و کارەکتەرەکانی لەڕێگای سیناریۆوە دیاریدەکرێن(ربة و صالح،٢٠٠٩: ١٠)، یان ئەو جەستەیەیە کە هەموو پێکهاتەکانی تری فیلمی لەسەر بوونیادنراوە(ئەزیز، ٢٠٢٠: ١٩)

(سیناریست) ئەو کەسەیە کە کار لەسەر دەق دەکات، هەندێکجار هەر خۆی نووسەرەکەیەتی. بەوپێیەی کاری سیناریست بریتییە لە دانانی وشەکان لەسەر کاغەز و کێشانی کارەکتەرەکان و وێناکردنی بەڕوونی، هەروەها بریتییە لە دیاریکردنی بوونیادی چیرۆکەکە(ربة و صالح،٢٠٠٩: ١١).

بۆیە دەڵێین لە دراماى تەلەڤزیۆنیدا سیناریۆ گرنگترین هەنگاوە لە کارەکەدا، کە پشت بە هەڵبژاردنی بابەت، یان بیرۆکەی سەرەکی دەبەستێت، پاشان ناوی لێدەنێین وەرگێڕانی هونەریی، واتا سیناریۆی سەرەتایی، دواتر پوختەی گشتگیر، یان دەرئەنجام تا ئەوەی سیناریست دەگاتە دەقێکی گشتگیر و دواجار دەرهێنەر پێش دەرهێنانی دراماکە تێبینی و ڕێنمایی خۆی بۆ زیاد دەکات(شوکری، ٢٠٠٩: ١٠٥).

**٢. ئەکتەر:** یەکێکە لە هەرە گرنگترین ئەو ڕۆڵانەی دەرهێنەر گوزارشتی لە فیلمەکەی پێدەکات، بەرجەستەی زۆرێک لەو ڕۆڵانە دەکات کە دەکرێت لەڕێگایانەوە بیرۆکەی فیلمەکە بگەیەنێت و لەشێوەی گریمانەیەکی نزیک لە واقیع بەدیبهێنێت، ئەکتەر دەتوانێت لەڕێگای جوڵە جەستەیی و توانا زمانەوانی و تاکنیکەکانی ئاماژەکردنەوە قایلکردنی زیاتر و بانگەشەکردن بۆ زۆرێک لەو ڕووداوانە ئەنجام بدات، کە دەرهێنەر داوای دەکات، هاوکات ئەکتەر کۆڵەکەی بنەڕەتی گوزارشتکردن و نزیکبوونەوە و هاسۆزبوونە لەگەڵ وەرگر(سلمان، ٢٠٠٦: ٨٧).

**٣. دەرهێنەر:** ئەو کەسەیە کە کاری دەرهێنان بۆ بەرنامەکان دەکات، پاشان نمایش ڕێکدەخات، بەجۆرێک کە سەرجەم پرۆسەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنان هەر لە وەرگرتنی دەقەوە تاوەکو کۆتاییهاتنی تۆمارکردن، یان پەخشکردنی ڕاستەوخۆ سازدەکات، بۆیە دەکرێت بڵێین کە دەرهێنەر کرۆکی هەموو کارەکەیە، سەردەستەی تیمی کارکردنە لە سەرجەم بوارە هونەری و پیشەییەکاندا، هەروەها بەرپرسی یەکەم و کۆتاییە لە وێنەی کۆتایی بەرنامەکان بەوشێوەیەی لەسەر شاشە دەردەکەوێت(شلبی،٢٠٠٨: ٢٧٧).

**٤. مۆنتێر:** ئەم کەسە گرنگە دووبارە ڕێکخستنەوەی دیمەنە وێنەگیراوەکان و لکاندنی بە دەنگ لە ئەستۆ دەگرێت بە گوێرەی چیرۆک، یان سیناریۆکە، واتا مۆنتێر بە هەماهەنگی لەگەڵ یاریدەدەرانی دەرهێنەردا کار لەسەر ڕێکخستنی ئەو دیمەنانە دەکات کە زۆربەی کات نارێکخراون و لەسەر چەندین تۆماری جۆراوجۆر بەیەکەوە لکێنراون(سلمان،٢٠٠٦: ٩١). لەکاتی مۆنتاژکردنی فیلمدا وا باوە کە پێویست بە "مۆنتێر" دەکات، ئەو کەسە هونەرییەی پرۆسەی مۆنتاژ ئەنجامدەدات، یەکێک لە یاریدەدەرەکانیشی تەواوی میکانیزم و پرۆسە هونەرییەکان ئەنجامدەدات، لەمەشدا پابەندە بە ڕاوبۆچوون و ڕێنماییەکانی دەرهێنەرەوە(شلبي، ٢٠٠٨: ١٢١).

**٥. بەڕێوەبەری وێنەگرتن یاخود وێنەگر:** ئەو کەسەیە کە بەرپرسە لە دابەشکردن و هەڵبژاردنی گۆشەی کامێراکان و پێکهێنان و وێنەگرتنی دیمەنەکان(شلبي، ١٩٩٣: ١٦٢).

**٦. تەکنیککاری دەنگ و ڕووناکی:** ئەو کەسانەن کە کاری دەنگ دەکەن و دەنگی ئەکتەرەکان تۆماردەکەن و ڕێکخەری ڕووناکی ئەو شوێنانەن کە کاری وێنەگرتنی تیادا دەکرێت.

**٧. ماکیاژ:** لێرەدا ماکیاژ بۆ جەختکردنەوەیە لە نموونەی کارەکتەرەکە و سروشتی ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕێت، کە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ڕووخسار، یاخود داڕشتنەوەی شێوەکەی و ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە قژ و ...هتد بەکاردەهێنرێت، بگرە لەوانەیە پێویست بکات شێوەی کارەکتەرەکە بە تەواوەتی گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەجۆرێک شێوەیەکی جیاوازی نوێی پێبدرێت(شلبي، ٢٠٠٨: ١٩٧).

**٨. بەرهەمهێنەر:** ئەو کەسەیە کە بەرپرسیارێتی تەواوی نمایشکردن دەکەوێتە سەر شانی و خاوەنی دوایین قسەیە، بۆیە وا باشترە بەرهەمهێنەر وەک مامۆستای یەکەمی نێو خوێندنگا تەماشا بکەیت، چونکە بەرپرسیارە لە هەموو شتێک، هەر لە ڕاگرتنی پاکوخاوێنییەوە تاوەکو فەراهەمکردنی وانەکان. لەم چوارچێوەیەشدا دەکرێت وەک مامۆستا تەماشای دەرهێنەریش بکەیت، واتا ئەو کەسەیە کە تەنها گرنگی بەو کارە دەدات کە پێیسپێردراوە(ویتن،٢٠٠٨: ١٠٥).

## - پۆلێنکاری درامای تەلەڤزیۆنی

دراما تەنیا قسەکردن و دیالۆگ نییە، بەڵکو چەندین ڕێگەی تر هەیە بۆ گوزارشتکردن، وەك جوڵەی جەستەیی و هەستەوەرەکان، درامای بێدەنگ وەك کۆمیدیاکانی(چارلی چاپلن)، یان بەدەنگەوە بێت هێزێکی درامی گەورەی دەبێت و کاریگەری لەسەر بەرامبەر دادەنێت و ڕا و بۆچوونەکانی دەستکاری دەکات، ئەو پەیامەی بەرهەمهێنەرانی دراما دەیانەوێت، دەتوانێت بیگەیەنێت تاکو بەرهەمهێنەری دراما بتوانێت دەستکاری بیروڕا و دونیا بینی بینەرانی دراماکەی بکەن و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ئەنجام بدات(إبراهيم،٢٠١٤: ٩٠). لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوونبکرێتەوە کە باس لە درامای تەلەڤزیۆنی دەکەین، واتا ئەو بەرهەمەی تەنها بۆ نمایشکردن لەسەر تەلەڤزیۆن بەرهەمدەهێنرێت. بە گشتی درامای بەپێی ناوەرۆك بۆ چەند جۆرێك پۆلێن دەبێت، ئەوانیش:

### ١. تراژیدیا (المأساة)

جۆرێکە لە دراما هەوڵدەدات بۆ دەرخستنی ئەو نەهامەتی و ئازارانەی لە ژیاندا بەرۆکی مرۆڤ دەگرن، بێگوومان کاری تراژیدیا بە ڕووداوی دڵتەزێن کۆتایی دێت و ئەمجۆرەی دراما جیدییە و پشت نابەستێت بە پێکەنین. لە ڕوانگەی ئەرستۆوە تراژیدیا بریتییە لە (لاساییکردنەوەی کردەیەکی جوان و بەهادار و بەنرخ، لە ڕێگەی زمانێکی چێژبەخشەوە، لە هەندێك شوێندا بە تەنها نمایشکردن و لە هەندێکی تر بە گۆرانی وتن پێشکەشدەکرێت، تراژیدیا لاسایی بکەرەکان دەکاتەوە، پشت بە چیرۆکەکان نابەستێ، بۆ دروستبوونی ئەمجۆرە وروژاندنە جارێك بەخشندەیی و جارێك ترس نیشان دەدات). لێرەدا مەبەست لە "زمانی چێژبەخش" بریتییە لەو زمانەی کێش و ڕیتم و گۆرانی لەخۆدەگرێت(المحيا،٢٠٠٦: ١٠٨) .

تراژیدیا ئاوێنەیەکە بۆ دەرخستنی واقیعی ناخی مرۆڤەکان، بۆیە گەورەترین بایەخی تراژیدیا بریتییە لە بەدەستهێنانی لێکچوویی لە نێوان بینەر و پاڵەوانی چیرۆکی دراماکان و پەیوەندی نێوان هەردووکیان، تراژیدیا لە ڕێگەی وروژاندنی ترس و بەزەییەوە بینەر هان دەدات ڕەفتارەکانی بگۆڕێت و پەیوەندیەکانی ڕاستبکاتەوە، لێرەوە دەڵێین تراژیدیا لە ڕێگەی ترس و بەزەییەوە مێشکی بینەران و بیسەران لە خراپەکان پاکژدەکاتەوە و

ناچاریان دەکات ڕەفتاری جوان بنوێنن. کەواتە تراژیدیا باشترین شێوەی درامایە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ کۆمیدیا، چونکە تراژیدیا هەوڵدەدات بەشێوەیەکی جیدیانە واقیعی ژیان بخاتەڕوو هەتاوەکو مرۆڤەکان بتوانن باشتر تێبگەن و قووڵتر بنەوە و بە تێگەشتن و چاوکراوەیی بڕواننە کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان. شایانی باسە تراژیدیای ئەم سەردەمە چی تر پشت بە کۆتایی دڵتەزێن نابەستێت، بەڵکو لە ئێستادا تراژیدیای درامای تەلەڤزیۆنی زۆربەی کات بە کۆتاییەکی دڵخۆشکەر، چیرۆکەکە دادەخات(الكعبي،٢٠١٩: ٤٢).

## ٢. کۆمیدیا (الملهاة)

جۆرێکە لە درامای ئاسان و دڵخۆشکەر، مەبەست لە ئامادەکردنی ئەم جۆرە کارە بریتییە لە دروستکردنی خەندە و دڵخۆشی لای بینەر، لێرەدا گرنگە ڕەچاوی ئەوە بکەین هەموو پێکەنینێک سەرچاوەکەی کۆمیدیا نییە، واتا ئەگەر کەسێک بە بیستنی هەواڵێکی دڵخۆشکەر پێکەنی، ئەو پێکەنینە پەیوەندی بە کۆمیدیاوە نییە، بەڵام هەموو کۆمیدیایەک پەیوەندی بە پێکەنینەوە هەیە، چونکە کۆمیدیا بریتییە لە دەرخستنی واقیعێکی شێواو لە بری دونیایەکی نموونەیی، بە واتایەکی تر ئامانجی کۆمیدیا کەمکردنەوەی پلەی شتێکە بە مەبەستی دروستکردنی پێکەنین لای بینەر(الكعبي،٢٠١٩: ٤١).

نووسەرانی شانۆ لە درامای کۆمیدیدا ئامانجیان خستنە پێکەنینی جەماوەرە، نووسینیشی ئاستێکی بەرزی زیرەکی و درکپێکردنی کراوەی پێویستە. ئەرستۆ لە کتێبی هونەری شیعر دەڵێت (کۆمیدیا بریتییە لە لاساییکردنەوەی مرۆڤە ڕسواکان، نەك لاساییکردنەوەی کردەوە ناشرینەکانیان، بەڵکو لاساییکردنەوەی ئەو لایەنەی پێکەنین دروستدەکات). کۆمیدیا پێچەوانەی تراژیدیایە، کۆمیدیا بریتییە لە داڕشتنەوەی کردەیەکی وەرگیراو لە ژیان بە شێوەیەکی هەزەلی و پێکەنیناوی. کەسایەتی و فیکری کردەی کاری کۆمیدیا چەند جیاواز و دووربێت لە ڕەفتاری گشتی ناو خەڵك، ئەوەندە کەسایەتییەکان هەزەلی و خەندەبەخش دەردەکەون، بێگومان ئەو چێژەی مرۆڤ لە پێکەنینی وەردەگرێت بریتییە لە هەستی بینەر بۆ سەرکەوتنی شتە باوەکان بەسەر شتە ناباوەکاندا(المحيا، ٢٠٠٦: ١١٠).

بە پێچەوانەی پاڵەوانی کاری تراژیدیا کە لە دڵخۆشیەوە دەگوازرێتەوە بۆ چارەڕەشی و بەدبەختی، پاڵەوانی کۆمیدیا لە تەنگوچەڵەمە و دڵەڕاوکێوە دەگوازرێتەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاسوودەبەخش. لەگەڵ پێشکەوتنی سەلیقەی مرۆڤایەتی بەرامبەر بە دراما، چەندین جۆری جیاواز لە کۆمیدیا هاتنەکایەوە، هاوبەشن لە ڕووی ئامانجەوە، بەڵام بە ڕێباز و مەبەستی قووڵتر، لەم سۆنگەیەوە دەکرێت بڵێین بەرهەمهێنانی درامای کۆمیدی چی تر ئاسان نییە، چونکە دەبێت لە کاتی بەرهەمهێنانی کاری کۆمیدی هاوسەنگی بکرێت لە نێوان گەشەسەندنی سەلیقەی جەماوەری و ئەو ئامانجە پێگەیاندنانەی کاری درامـا بە گشتی هەوڵی بۆ دەدات، بۆیە بەرهەمهێنانی درامای کۆمیدی لەسەر ڕێبازی کۆن بەسەرچوو، چی تر لەناو خەڵکدا پەسەند نییە و زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنن. لە ڕوانگەی ئەوەی باسمان کرد دەتوانین بڵێین ئەوەی ئەمڕۆ لە وڵاتە عەرەبییەکان پێشکەشدەکرێت بە ناوی درامای کۆمیدییەوە تەنها بریتییە لە گاڵتەکردن و سوکایەتی کردن بە عەقڵی جەماوەر، بە تایبەت کاتێک کەمئەندام و هەژارێک دەکرێت بە هەوێنی دروستکردنی درامای کۆمیدی، ئەمجۆرە گاڵتەجاڕییە تەنها کارێکی بێنرخ نییە، بەڵکو لە هەمانکاتدا ئامرازێکە بۆ وێرانکردنی سەلیقەی خەڵک و دوورخستنەوەیان لە ئامانجەکانی کاری دراما بە گشتی(سمور، موقع سطور، ٢٠٢١).

## ٣. تراژیکۆمیدیا (التراجكوميدية)

بەبڕوای هەندێك تێکەڵکردنی درامای تراژیدی لەگەڵ درامای کۆمیدی جۆرێك درامای تازە بەرهەمدەهێنێت جیاوازە لە هەریەك لە درامای کۆمیدی و تراژیدی، بەمجۆرە دەڵێن درامای (کۆمیدی- تراژیدی)، ئەم جۆرە تازەیە دوو جۆری هەیە (جۆری یەکەم چیرۆکێکی جدی دەگێڕێتەوە کە بەرەو کۆتاییەکی دڵتەزێن هەنگاو دەنێت، چی ئەگەر دیمەنی کۆتا، یان پێش کۆتا بە ڕووداوێك کۆتاییهات جۆرێك لە دڵخۆشی، یان کۆمیدیای تیابێت)، (جۆری دووەم بریتییە لەو شانۆیەی هەردوو توخمی تراژیدی و کۆمیدی لەخۆدەگرێت، ڕووداوە سەرەکییەکە جیدییە و ئەگەری دڵتەزێنی هەیە، بەڵام بە کۆتاییەکی دڵخۆشکەر تەواودەبێت، هەندێکجار دیمەنە هەرە جیدییەکان تێکەڵدەکرێن بە توخمی کۆمیدی، کە ئەمەش تۆنەکەی زۆر جیاوازە لەگەڵ تۆنە خەمبارە سەرەکییەکەدا، بەڵام دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت توخمی کۆمیدی لە (کۆمیدیای تراژیدی) توخمێکی سەرەکی شانۆکەیە، بەکارهێنانی ئەم جۆرە کۆمیدییە دوو مەبەستی هەیە، مەبەستی یەکەم بریتییە لە کەمکردنەوەی جیدیەتی تراژیدیاکە بۆ ئەوەی بینەر تووشی بێزاری نەبێت لە تەماشاکردن، دووەم بۆ بەهێزکردنی کاردانەوە تراژیدییەکان، چونکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دژەکەیەوە زیاتر هەستی پێدەکرێت)(المصري، ٢٠١٠: ٨٨-٨٩).

ئەمجۆرەی درامای تەلەڤزیۆنی لە معجم المصطلحات الإعلامية (إنجليزية-عربی) د.کرم شلبي، بە "تراژیدیای سەردەمیانە" باسیدەکات. "تراژیدیای سەردەمیانە" ئەو شانۆگەرییەیە کە تراژیدیا تێکەڵ بە کۆمیدیا دەکات، هەروەها بابەت و شێوازی گاڵتەئامێزی سادە پێکەوە کۆدەکاتەوە، زۆربەی شانۆگەری و فیلمەکانی ئەم سەردەمەشمان لە درامای لەمجۆرەن"(شلبي،١٩٩٣: ٣٠٤).

## ٤. میلۆدراما (الميلودراما) (الدراما الموسيقية)

ئەمجۆرەیان هەوڵدەدات هەست و سۆزەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی قووڵ نمایش بکات بەشێوەیەک کە زێدەڕۆیی تیایە و دەیەوێت لەڕێگەی جوڵاندنی سۆزەوە جەماوەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت. میلۆدراما لە وشەی (MELOS)ەوە وەرگیراوە بە مانای (ئاواز) دێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ئۆپێرای شانۆیی دەچێت. زۆربەی کات ئەمجۆرەی دراما بە خۆشی کۆتایی پێدێت(محمد،٢٠١٣: ٩٠-٩٣).

کەواتە میلۆدراما بریتییە لە شانۆگەری سادە، لەسەر بنەمای زیادەڕۆیی بوونیاد دەنرێت و ململانێی نێوان چاکە و خراپە سەرهەڵدەدات و هەمیشە لاواز سەردەکەوێت، ڕووداوەکانی دووبارە و کارەکتەرەکانی ناسراون، خودی میلۆدراماش هاوکار بووە لە ڕەواندنەوەی مەرگەساتی کلاسیکی، تاوەکو درامای نوێ بە ئاڕاستە جیاوازەکانییەوە شوێنی بگرێتەوە، بەوشێوەیەش میلۆدراما وێنای جیهان دەکات کە تیایدا هێزی چاکە و خراپە ڕوونە و بەشێوەک دەرکەوت کە ئارەزووی بینەر دەبزوێنێت بۆ تەماشاکردنی سەرکەوتنی چاکە و بەزاندنی خراپە(المصري، ٢٠١٠: ٨٢).

میلۆدراما لە سەدەی هەژدە و لە تراژیدیای یۆنانیدا کە ئاماژەیەک بوو بۆ ئۆپێرا، بە جۆرێک کە دراماکە دیالۆگ و گۆرانی لەخۆدەگرت، لە سەدەی نۆزدەشدا ماناکەی گەشەی کرد بۆ درامای میللی نزیک لە توندوتیژی خەفەتبارانە لە چیرۆکی "گۆسیک"ـی ئینگلیزیدا(جورنو،٢٠٠٧: ١٢٩).

بەرچاوترین نموونەی میلۆدراما لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بریتییە لە زۆرینەی ئەو فیلمە سینەماییانەی ئەمڕۆ هۆلیوود نمایشیان دەکات، وەك دەبینین توخمی وروژاندن و سەرنجڕاکێشان گرنگترین توخمەکانی دراماکەن،

لێرەدا زۆرگرنگی دەدرێت بە توخمی ڕێکەوت، هەرچەندە دەرهێنەرە ئەمەریکییەکان هەوڵدەدەن ڕوونکردنەوە بۆ سەرهەڵدان و دووبارەبوونەوەی ڕێکەوتەکان پێشکەش بکەن. وەك ئاشكرايە لای بینەر درامای تەلەڤزیۆنی ئەمەریکی زۆر لەژێر کاریگەری هۆلیووددایە، بۆیە زۆرینەی بەرهەمی تەلەڤزیۆنی ئەمەریکی پشت بە میلۆدراما دەبەستێت. لە كۆتاییدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین ئەمجۆرە درامایە چەندین جۆری تری هەیە وەك: (سایکۆدراما (الدراما النفسية) و مۆنۆدراما (دراما الشخص الواحد). لەم تویژینەوەیەدا باسیان ناکەین، چونکە ئەمجۆرانە زۆر بڵاو نین لەسەر تەلەڤزیۆن، بە تايبەت لە جیهانی عەرەبی و جەماوەر زۆر پەسەندی ناکات(الكعبي، ٢٠١٩: ٤٤).

## ٥- درامای خەیاڵی (الخيالية)

کارێکی خەیاڵسازییە، کارەکتەرەکان توانای لە ڕادەبەدەر دەنوێنن، ئەمجۆرەش لە دراما زیاتر سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت بەو پێیەی درامای جنۆکە و فریشتە و پاڵەوانی خاوەن توانای بێوێنە نیشاندەدات. لەمجۆرەياندا زیاتر خەیاڵی مرۆڤ دەوروژێنرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی سوپەرپاوەرەوە (هێزی نائاسایی)یەوە (شلبي،٢٠٠٨: ٢٤٦).

## ٦. گاڵتەجاڕی (المهزلة)

وشەی گاڵتەجاڕی هەروەک لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا هاتووە بۆ شانۆ، بە شانۆگەرییەکی تەواو دەوترێت کە چارەسەری دۆخێکی گاڵتەئامێز دەکات، زۆربەی کات پشت بە چەواشەی هاوسەرگیری دەبەستێت، هەر لێرەشەوە دەستەواژەی "چەواشەکاری" سەریهەڵداوە، کە لە کۆمیدیا داتاشراوە و بریتییە لە شانۆگەرییەکی گاڵتەئامێزی پڕ لە شادی و گاڵتەوگەپی سووک(موقع المشاقبة،٢٠٢١). جۆرێک لە درامایە کە بەشێوەیەکی گشتی هیچ مانایەکی نییە و زۆربەی کاتیش بە زیادەڕۆیی نواندنی تیادا دەکرێت، یاخود پشت بە کۆمیدیای گاڵتەجاڕی دەبەستێت(المصري، ٢٠١٠: ٨٤-٨٦).

### - بە گوێرەی شێوازی نمایشکردنی دراما تەلەڤزیۆنییەکان بۆ چەند جۆرێک پۆلێن دەکرێن، ئەوانیش:

## ١. درامای تەلەڤزیۆنی (شەوچەرەی تەلەفزیۆنی)

جۆرێکە لە هونەری کاری نمایشکردنی دراميى بڵاو، بریتییە لە کارێکی تەواو لەڕووی چیرۆك و ڕووداوەوە، پێکدێت لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی، لە یەك بەش، یان دوو بەشدا وەك یەك زنجیرە پێشکەش دەکرێت، چیرۆکێکە بەشێوەیەکی تەلەڤزیۆنی چارەسەر دەکرێت و لەلایەن کەسانێکی هاوشێوەی کارەکتەرەکانی ژیان دەگێڕێتەوە(المحيا، ٢٠٠٦: ١١١). هەندێك درامای تەلەڤزیۆنی نیو کاتژمێر تێناپەڕێنێت، بەڵام هەندێکی تر دەگاتە کاتژمێر و نیوێك، یان دەکرێت بەپێی بینەر پۆلێنی بکەین، هەندێك درامای تەلەڤزیۆنی تایبەتە بە منداڵ وهەندێکی تر تایبەتە بە گەورەکان(المصري، ٢٠١٠: ١١٤).

## ٢. زنجیرەی تەلەڤزیۆنی

بریتییە لە ژمارەیەك زنجیرەی درامای تەلەڤزیۆنی کە باس لە چەند واتایەکی جیاوازی یەك فیکرە دەکەن، یاخود یەك بابەت، یان یەك شوێن کە لەم زنجیرەیەدا بەپێی کەسایەتییەکان گۆڕانکاری لەسەر ڕووداوەکان دروستدەبێت، هەموو ئەڵقەیەکی زنجیرەکە سەربەخۆیە، هەموو ئەڵقەیەکیش چارەسەری چیرۆکێکی پڕ لە ڕووداو دەکات و بە

نواندنێکی خۆتەواوکەر دادەنرێت، چونکە بوونیادی درامی خۆی هەیە و هەموو ئەڵقەیەک لە ئەڵقەکانی زنجیرەکە خاوەن ناوەرۆکێکن، تەنها ئەوەی دەگۆڕێت کارەکتەرەکانن، بەوشێوەیەش بینەر دەتوانێت تەنها تەماشای ئەڵقەیەک، یاخود زیاتر لە ئەڵقەکانی زنجیرەکە بکات بەبێ ئەوەی بەدوای ئەوانی دیکەدا بچێت، بەوپێیەی هەموو ئەڵقەیەک خۆتەواوکەرە وەک زنجیرە پۆلیسی و سەرکێشییەکان(المحیا، ٢٠٠٦: ١١٢).

### ٣. زنجیرە درامای تەلەڤزیۆنی

ئەمجۆرە باسی سەرەکی توێژینەوەکەمانە، کە بریتییە لە ژمارەیەك ئەڵقەی درامای تەلەڤزیۆنی بەدوایەك، پێشکەشکردنی زنجیرەی درامای تەلەڤزیۆنی پشت بە کۆمەڵێک دۆخی گرنگ دەبەستێت، کە دواجار دەگاتە یەک لەدوا یەکهاتنی زنجیرەکان، زۆربەی کاتیش، یان حەوت، یان سیانزە، یاخود بیست و شەش زنجیرەیە بۆ ڕووماڵکردنی دوو خولی تەواو، یان سی زنجیرەیە بۆ ڕووماڵکردنی یەک مانگی تەواو گەر ڕۆژانە نمایش بکرێت. هەموو زنجیرەیەکی هەمان زنجیرە تەواوکەری پێش خۆی و دوای خۆیەتی لەڕووی ڕیزبەندی و تەواوکاری فیکرەکەوە، هەموو ئەڵقەیەك بە ڕووداوێك، یان کێشەیەك تەواو دەبێت بۆ ئەوەی بینەر ڕاکێشێت بۆ بەردەوامیدان و تەماشاکردنی ئەڵقەی دواتر، هاوکات بۆ ئەوەی بینەر تێکەڵی ڕووداوی ئەو ئەڵقەیە بێت و تامەزۆربێت بزانێت لە ئەڵقەی داهاتوودا چی ڕوودەدات(المحیا، ٢٠٠٦: ١١٣).

### ٢-١-٦- بوونیادی هونەریی دراما

درامای تەلەڤزیۆنی وەک شێوەکانی دیکەی هونەر پێویستە بوونیادێکی تەواوی هەبێت، کە یەکگرتوو، ڕێکخراو و پێکەوە گونجاو بێت، واتا سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت، بە گوزارشتێکی تر نمایش و گرێ و چارەسەر لەخۆبگرێت، بەوپێیەی درامای تەلەڤزیۆنی وەک چیرۆکی ڕووداوێک دەبێت ڕووخساری جۆرەکانی دیکەی درامای هەبێت لەڕووی:( المصري، ٢٠١٠: ١٣٣)

**١. بابەت و بیرۆکەی بنەڕەتی:** زۆرجار هەندێک کەس بابەتی کاری درامی و بیرۆکەکەی تێکەڵ دەکەن، دەکرێت زۆر بەکورتی بڵێین باوەڕی نووسەر ئەوەیە کە دەیەوێت بە خەڵکی بڵێت، ئەو بیرۆکەیەش مادەی بنچینەیی کارە دراميیەکەیە و هیچ چیرۆکێک بەبێ مادەی بنچینەیی بوونی نییە، لە هەموو بارێکیشدا و بەتایبەت لە کاری درامیدا پێویستە بیرۆکەیەکی ڕوون هەبێت بۆ بوونیادنانی کاری درامی، دەبێت هەموو کارێکی درامییش پشت بە بیرۆکەیەک ببەستێت بۆ چارەسەرکردنی بابەتێکی دیاریکراو(عمارة،٢٠٠٨: ٥٩).

باشترین بابەتگەلێکیش ئەوانەن کە نزیکن لە هەست و سۆز و کێشە و بیروباوەڕی خەڵکەوە و گوزارشت لە ڕاوبۆچوونیان دەکات و پێچەوانەی داب و نەریتیان نییە و بیرۆکەی تێدایە، لێرەشدا ئەوە خودی نووسەرە کە دەتوانێت بیرۆکەی بەرجەستەنەکراو بکاتە بیرۆکەیەک لەناو جەماوەردا، بەمەرجێک ئەو جەماوەرە لەو بیرۆکەیە تێبگات(مخناش،٢٠١٤: ٩١) .

**٢- کارەکتەر:** کارەکتەر بە گرنگترین ڕەگەزەکانی کاری درامی دادەنرێت گەر هەرە گرنگترینیان نەبێت، چونکە کاری درامی دەبێت کارەکتەری هەبێت تا لە ڕێگای دیالۆگێکی دیاریکراوەوە گوزارشت لە خۆیان بکەن و لە ڕووداوی جیاوازەوە بگلێن و گوزەر بەنێو ئەو ململانێیانەدا بکەن کە بە هۆنینەوە جڵەو کراوە و ئامانجێکی

دیاریکراویان هەیە(عمارة، ٢٠٠٨: ٦٣). لە بنەڕەتدا کاری درامی لەسەر کارەکتەر بوونیاد دەنرێت و کردار و ململانێی پێدەبەخشێت پاشان جەماوەر سەرنجی دەچێت بەلای ئەو کارەکتەر، یان کۆمەڵە کارەکتەرەی هەوڵدەدات بگاتە ئامانجێک کە شایستەی ئەوەیە قوربانی بۆ بدات، بۆیە نووسەر ڕاستەوخۆ لەدوای دیاریکردنی بیرۆکەکە هەڵدەستێت بە وێناکردنی کارەکتەرەکان، واتا سەرەتا بیرۆکە و پاشان کارەکتەر و دوای هەمووشیان چیرۆک دێت(لبنی، ٢٠١٦: ٣٠). دەبێت نووسەری تەلەڤزیۆنی ئەوە بزانێت کە کۆت و بەندەکانی کات ڕێگا نادات هەر کارەکتەرێکی شانۆگەری کتومت لە کارەکتەرێکی دیکەی ژیانی ڕۆژانەمان بچێت(هیلیارد،٢٠٠٣: ٤٢٣).

٣. **چنین (هۆنینەوە):** دەکرێت بڵێین گرێ بە واتای ئەو ڕێگایە دێت کە نووسەر چیرۆکەکەی پێدەگێڕێتەوە، یاخود شێوازی نووسەرە لە گێڕانەوەی چیرۆکدا(لبنی،٢٠١٦: ٣١)، ئەرستۆش چنین دەخاتە پێشەوەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دراما، چونکە چنین چوارچێوەی سەرەکیی کردار دەخاتەڕوو، چنین بریتییە لە هێڵی پەرەسەندنی چیرۆک، پلانی کردارە کە دەکرێت لەڕێگایەوە کارەکتەر و بیرۆکە و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دیکەی دراما خۆی دەربخات، واتا چنین بریتییە لە بەیانکردنی کاریگەری ڕووداوێک لەسەر یەکێکی دیکە و دەرخەری هۆکاری ڕەفتارکردنی پاڵەوانەکان و ئامانجە بنەڕەتییەکەشی وروژاندنی هەست و سۆزی جەماوەرە تاوەکو ترۆپک(عمارة،٢٠٠٨: ٦٠) .

چنینی تەلەڤزیۆنی لەسەر بنەمای بوونیادی درامی دێتەدی، ئەو کاتە کەمەشی بۆ نواندنە تەلەڤزیۆنییەکان دانراوە، پێویستی بە چنینێکە کە پوختەی ئەزموونی کارەکتەرەکانی تێدابێت(هیلیارد، ٢٠٠٣: ٤١٩).

٤. **دیالۆگ:** دیالۆگ لەنێوان دوو کەس، یان زیاتر لەسەر تەختەی شانۆ، یان شاشەی سینەما، یاخود تەلەڤزیۆن ڕوودەدات، دەکرێت ئاماژەی نێوان ئەکتەرەکان و ئەو خەیاڵکردن و بیرکردنەوە و دیالۆگەی لەنێوان مرۆڤ و خۆیدا ڕوودەدات بە دیالۆگ هەژماری بکەین. دەبێت دیالۆگ ڕەنگدانەوەی ڕەهەندەکانی کارەکتەری قسەکەر بێت و بەشداری لە باسکردنی دۆخەکاندا بکات و بیرۆکە بنەڕەتییەکان ڕوونبکاتەوە، چونکە ئەو ئامڕازە سەرەکییەیە کە نووسەر پاساوی پێشەکییەکی لۆژیکی پێدەهێنێتەوە و کارەکتەرەکانی ئاشکرا دەکات و ململانێکەی هەر لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی پێدەبات(عمارة،٢٠٠٨: ٦١). تەلەڤزیۆن دەتوانێت لەبری دیالۆگ کرداری بینراو بەکاربهێنێت، کە دۆخەکە ڕووندەکاتەوە و ڕەگەزی خستنەڕوو بەرەوپێش دەبات(هیلیارد، ٢٠٠٣: ٤٢٤).

دەکرێت دیالۆگی باشیش باڵ بەسەر لایەنە کەموکورتەکانی دیکەدا بکێشێت(لبنی،٢٠١٦: ٣٢). هەرچی بابەتی زمانیشە لەنێوان گشتی و ڕێزمانیدا، ئەوا ئەو کارە درامییە ئاساییانەی چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە دەکات، باشتر وایە بە زمانی گشتی بێت و دوور بێت لە دەستەواژەی وشک و برنگ، بەڵام گەر کارە درامییەکە ئایینی، یاخود مێژوویی بوو، ئەوا دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی پیرۆزیی ئایین، زمانی ڕێزمانی بەکاربهێنرێت(عمارة،٢٠٠٨:٦١).

٥.**ململانێ:** هەر کارێکی درامی لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای ململانێ دروستدەبێت، کە لای خۆیەوە گرنگترین ڕەگەزەکانی ڕووداوی درامی پێکدەهێنێت، ململانێی درامی گۆڕانکاری بەسەر کارەکتەری ڕووداوەکاندا دەهێنێت، بۆیە بنەمای کاری هونەری خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە نووسەر کار بۆ گەیاندنی پاڵەوانی چیرۆکە درامییەکەی بەو قۆناغی نارەحەتییە بکات کە ویژدانی جەماوەر بەرەو چیرۆکەکە دەجووڵێنێت، بەوپێیەی گەر

ململانێ نەگاتە ئاستی قەیران ئەوا بە نا-درامی هەژمار دەکرێت(عمارة،٢٠٠٨: ٦٢)، لە گرنگترین جۆرەکانی ململانێ(ململانێی وەستاو، ململانێی هەڵشاخان، ململانێی هەڵکشاو، ململانێی گوشارئامێز)(لنبی،٢٠١٦: ٣١). هەندێکجار ململانێیەکە بەجۆرێک ئاڵۆز دەکات تا هەستبزواندن و تامەزرۆبوون زیاد بکات، بەدڵنیاییەوە ڕەگەزی تامەزرۆبوونیش لە زانینی ئەنجامی ململانێکەوە و گونجاندنی نێوان دیمەن و پاڵەوانەکاندا، کۆڵەکەی هونەری درامای تەلەڤزیۆنییە(عمارة،٢٠٠٨: ٦٢).

**٦.چارەسەر:** کاری بنچینەیی چارەسەر بریتییە لە دەرخستنی دەرئەنجامی ململانێ، هەروەها دەرخستنی ئایندەی کارەکتەرە سەرەکییەکانی کاری درامی، نووسەری دراما پێویستە لە کۆتایی کارەکەیدا وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی بینەر بداتەوە(المصري، ٢٠١٠: ١٣٣)، هەروەها چاوێری چارەسەرکردنی ڕووداوەکانی چیرۆکە پێشکەشکراوەکە بکات و پێچەوانەی بیروباوەڕ و داب و نەریتی خەڵک پێشکەش نەکات و بەهاکۆمەڵایەتییە باوەکانی لای خەڵکی لەبەرچاوبگرێت، وا باشتریشە چارەسەر هەڵقووڵاوی خودی چیرۆکەکە بێت، نەوەک لە شتێکی دیکە، یاخود کەسێکی بیانی نامۆ بە ڕووداوەکە(مخناش، ٢٠١٤: ٩٠).

## ٢-٢- دەروازەیەک بۆ هونەری دۆبلاژ لە درامادا

## ٢-٢-١- چەمک و پێناسەی دۆبلاژ

دۆبلاژ لە وشەی فەڕەنسی (doublage)ەوە وەرگیراوە و لە بنەڕەتدا وشەیەکی فەڕەنسییە، دەستەواژەیەکی تەلەڤزیۆنییە لە کاتی لکاندنی دەنگێکی جێگرەوە بە دەقێکی ڕەسەن بە زمانێکی دیکە بۆ بەرهەمە تەلەڤزیۆنییەکان بەکاردەهێنرێت وەک (زنجیرە دراما و فیلم و فیلمی دۆکۆمێنتاری و ئەنیمەیشن). لە مێژە سینەما شێوەیەک بوو لە شێوەکانی کاتبەسەربردنی نێودەوڵەتی، کە تارادەیەکی زۆر لە ڕێگای داهێنانەوە هاتووەتە بەرهەم، لە کاتێکیشدا هەندێک لە فیلم ودراماکان بە وەرگێڕانی دەچێتە دەرەوە، بەڵام زۆرێک لە بینەر پێیان باشترە ئەو فیلمانە بە زمانی دایکیان گوێ لێبگرن، کە ئەوەش داواکاری لەسەر پرۆسەی دۆبلاژ زیاد دەکات(جورنو،٢٠٠٧: ٦٥).

پێناسەی دۆبلاژ و ئەم هونەرە لەلایەن توێژەر و نووسەرەکانەوە چەندین جۆری جیاواز لێکدانەوە و پێناسەی بۆ کراوە، بەشێک لە تێڕوانین و پێناسەیان بۆ ئەم چەمکە بریتین لە:

دۆبلاژ بە واتای جۆرێکی تایبەت لە وەرگێڕانی فیلم بە دەنگ گۆڕینی گوفتاری (ئەکتەر، چیرۆکخوان، بێژەر..هتد) لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر لە بری دەنگە سەرەکییە بنەڕەتییەکە(میرشکاری، ٢٠٢١: ٨٥).

ئەگەر چی ئەمڕۆ دۆبلاژ بە زۆری واتای وەرگێڕانی زمانی فیلم دەردەبڕێت و گۆڕینی زمانە، بەڵام لە پێشتردا کە ئامراز و تواناکان هۆکارنەبوون بۆ کارکردن لەسەر دۆبلاژ بە واتای وەرگێڕانی گوفتاری، دۆبلاژ بە هەمان زمان دەکرایەوە گوفتار بۆ ئەکتەر و چیرۆک خوان دادەنرا، ئەمەش کاتێک بوو کە سینەما لە سینەمای بێدەنگەوە دەکرا بە سینەمایەکی دەنگدار(وفایی،٢٠٢٠: ٢٥).

یاخود هونەری دۆبلاژکردن بریتییە لە کارێکی هونەری کە تێیدا لەڕێگەی دەنگەوە درامایەکی بیانی وەردەگێڕدرێتە سەرزمانی خۆماڵی و لەوێدا هەندێک دەنگی تر لە جیاتی دەنگی ئەکتەرە سەرەکییەکان

ڕۆڵدەبینن، بەشێوەیەک کە وادەردەکەوێت ئەو ئەکتەرانە بەو زمانە قسە دەکەن کە وەرگێڕدراوەتە سەری، هونەری دۆبلاژکردن پێویستی بە توانایەکی بەرزی دۆبلەرەکان هەیە لە کاتی ئەداکردنی ئەو کارەکتەرەی ڕۆڵەکەی دەگێڕێت بە هەستێکی بەرز و هەست بە لایەنی دەروونی و جەستەیی و کەسایەتی ئەو کارەکتەرە بکات(کریمة،٢٠١١: ٦). لێرەدا پێویستە جیاوازییەک لە نێوان دۆبلاژ (الدبلجة) و کۆمێنتی دەنگی (التعلیق الصوتي) (Voice Over) بکرێت، کۆمێنتی دەنگی بە زیاتر لە ڕێگەیەک بەکاردەهێنرێت، زۆر کات وەک دیالۆگێکی ناوخۆیی کارەکتەرەکە بەکاردەهێنرێت، یاخود بۆ وەرگێڕانی ئەو دیالۆگەش بەکاردەهێنرێت کە بە زمانی بیانی ئەنجامدەدرێت، زۆربەی کاتیش لەو فیلمە دۆکۆمێنتاریانەدا بەکاردەهێنرێت کە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێک دەکرێت بەزمانی بیانی خۆی قسەدەکات. دۆبلاژ و کۆمێنتی دەنگی بەشێوەیەکی هەستپێکراو لە ڕووی کوالیتییەوە جیاوازن، بەو پێیەی کۆمێنتی دەنگی خزمەتگوزارییەکە زۆربەی کات لە فیلمی گێڕانەوە، یان دۆکۆمێنتاریدا بەکاردەهینرێت. بە پێچەوانەوە دۆبلاژ لەلایەن بینەرەوە هەستی پێناکرێت(راغب، موقع سوندیلز، ٢٠٢٠ ).

## ٢-٢-٢- مێژووی دۆبلاژ

دۆبلاژکردن وەك هونەرێک لەماوەی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بڵاوبووەتەوە، ئەویش لەو کاتەوە دەستیپێکردووە کە وای خواستووە کولتووری نەتەوەیەك بگوازرێتەوە بۆ نەتەوەیەکی تر و وڵاتێکی تر کە زمانیان جیاوازە. لە سەرەتادا دۆبلاژ لاوازبوو، خەڵک حەزیان پێنەدەکرد، چونکە خەڵک لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون کە بە ژێر نوسەوە سەیری دراما و فلیمەکان بکەن. لە یەکەمین ئەو وڵاتانەی بەرهەمەکانیان دۆبلاژکردووە، ژاپۆن و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوون، هەردوو وڵات پێیانوابوو کە هونەری دۆبلاژ بەڵگەی پێشکەوتنی هونەرە لە وڵاتەکەیاندا، هەر ئەوانیش پێشەنگی ئەو وڵاتانە بوون کە فلیمی کارتۆنیان بەرهەمهێنا لە وڵاتەکەیاندا، هونەری دۆبلاژیش لەسەرەتاوە هەر بە فلیم کارتۆن دەستپێکرد.

سەبارەت بە وڵاتە عەرەبییەکان، ئەردەن یەکەم وڵات بووە کە لەو بوارەدا کاری کردووە دوای ئەویش ئیمارات ئینجا سعودیە، ئەوانیش دەستیانکرد بە دۆبلاژکردنی فلیم کارتۆن بۆ سەر زمانی عەرەبی و دواجار دۆبلاژ بە دنیادا بڵاوبووەوە و فیلم کارتۆنی تێپەڕاند تا گەیشتە فلیمی گەورەکان و ئینجا زنجیرە درامای دوورودرێژ. لە دۆبلاژکردنی فیلم و دراماشدا لە دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە تورکیا وئیسپانیا و چین دێن(موقع مفهوم، ٢٠٢٠).

کۆمەڵێک درامای کۆڵۆمبی (درامای ئەمەریکای باشوور) بە تایبەت وڵاتی کۆڵۆمبیا دۆبلاژدەکران بۆ سەر زمانی عەرەبی و کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر بینەری کۆمەڵگەی عەرەبی(شیفر،(د.ت): ١٨١).

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆ لە چوارچێوەی عێراقدا کە لە ساڵی ١٩٩١دا بەهۆی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان توانی خۆی بەڕێوەبەرێت، لەنێو تەلەڤزیۆنییە لۆکاڵییەکانی ئەو سەردەمەدا درامای دۆبلاژکراو بڵاوبووەوە، بەڵام بە زمانی عەرەبی. لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا دراما کۆڵۆمبییەکان زۆر جێی سەرنجی بینەران بوون و بینەرێکی زۆر باشیان هەبوو. لە ئێستاشدا هونەری دۆبلاژ هەنگاوی زۆر

گەورەی بڕیـوە بەراورد بە سـەرەتای سـەرهەڵدان و دەرکەوتنـی دۆبـلاژ، کە لە سـەرەتادا تەنهـا بـۆ کـاری دۆبلاژکردن پشتیان بە ئەکتەری بواری دراما و فیلم و کەسانی پسپۆڕ دەبەست، بەڵام لە ئێستادا چەندین دۆبلەری بەتوانا پەیدابوون کە کاری دۆبلاژ دەکەن و بووەتە پیشەیان. هەروەها لە ئێستادا لە نێو بەشێکی زۆری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەشێک هەیە بە نـاوی (بەشـی دۆبـلاژ) کە کەنـاڵەکە خـۆی هەڵدەستێت بە دۆبلاژکردنـی درامـا و فـیلم و بەرنـامە دۆکۆمێنتارییەکانیان(خـاوێ، ٢٢-١١-٢٠٢١). بـوونی بەشـی دۆبـلاژ لە کەنـاڵە ئاسمانییەکاندا چەند لایەنێکی ئەرێنی هەیە، لەوانە پرۆسەی دۆبلاژکردن خێراتردەکات و تێچووی زۆر کەمترە بەراورد بەو دۆبـلاژانەی کە لە دەرەوەی کەنـاڵ بە پشـت بەسـتن بە کۆمپانیاکـانی دۆبـلاژ دەکرێن(نـاتق، ٢٠٢١/١١/١٧).

## ٢- ٣- سەرهەڵدانی درامای تورکی دۆبلاژکراو و قۆناغەکانی گەشەسەندنی

### ٢-٣-١- درامای تورکی دۆبلاژکراو

دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان پێکهاتوون لە کۆمەڵە زنجیرە درامـایەک، کە زنجیرەکـان بەدوای یەکدا دێن و زۆرکات بە نزیکەیـی پێکهـاتوون لە (١٢٥) زنجیرە، کە سیناریۆ ڕەسـەنەکەیان بە زمـانی تـورکی نوسـراوە و کۆمەڵێک ئەکتەری بە ڕەگەز تورک ڕۆڵەکان دەبینن، چەند کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی هونەری وەریـانگێڕاون بۆ زمانی عەرەبی و پاشان لەسەر شاشەی کەنـاڵە ئاسـمانییە عەرەبییەکـان پەخشـکراون(كماش و بخلفة،٢٠١٨: ١٢). ئەم درامایانە زیاتر سەرنجیان خستووەتەسەر پەیوەندییەکانی نێوان گەنجـان، بە تـایبەتی لایەنـی ڕۆمانسـی لەو پەیوەندیانەدا، هەروەها تیشـکیان خستووەتەسـەر شـێوازی ژیـانی خێـزانە تورکەکـان و خـاڵی نزیکـی لەگەڵ کۆمەڵگە عەرەبییەکان(زين،٢٠١٥: ٢٣).

### ٢-٣-٢- مێژووی سەرهەڵدانی درامای تورکی دۆبلاژکراو

دەستپێکی نمایشکردنی ئەم دراما تورکیانە لەسەر شاشەی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦، کەناڵەکـانی (Showtv,Atv,KANAL D, STAR TV ) لە تورکیـا نـزیکەی نیـوەی کـاتی پەخشـیان بـۆ دراماکـان تەرخانکردبوو(قادر،٢٠٢٠: ٥-٦).

تۆڕی (MBC) سعوودی یەکەم درامای تورکی بەناوی (نـور) سـاڵی ٢٠٠٨ بە دۆبـلاژی عەرەبـی پەخشـکرد و پێشوازی ئاسایی لێکراو و دواتر بووە هۆی سەرقاڵکردنی تاکی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، هەر بۆیە ڕۆژنامەی (الحرية)ی تورکی ڕاپۆرتێکی لە ڕۆژی (١٥ی سێپتەمبەری ٢٠٠٨) بڵاوکردەوە کە (٢٢) وڵات، کە زۆرینەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن تەنانەت (یۆنان و بەڕازیل) دراما تورکییەکانیان دۆبلاژکردووە. داهاتی ئەم درامایە لەو کاتەدا (٣) ملیۆن دۆلار بووە. تۆڕی میدیایی (الشرق الأوسط)ی Mbc جەختیکردووەتەوە کە درامـا تورکییەکـان لە وڵاتە عەرەبییەکانـدا بە ملیۆنـان بینەریـان هەبـووە. هەر لەم ڕووەوە بەڕێـوەبەری مارکێتینـگ و پەیوەندییەکان لە تۆڕی Mbc ڕایگەیاندووە "(٨٥) ملیۆن بینەر سەیری زنجیرە درامـای (نور)یـان کـردووە، کە تەمەنیان لە سەروو (١٥)ساڵەوە بووە. لە نێوانیاندا (٥٠) ملیۆن خانم هەبووە" هەروەهـا وتـویەتـی "(٦٧) ملیـۆن

کەس سەیری درامای تورکی (سنوات الضیاع)یان کردووە، کە لە نێویاندا (٣٩) ملیۆنیان خانم بوون"(الدلیمي، موقع دنیاالرأي، ٢٠١٠).
دوابەدوای پەخشکردنی ئەم درامایە ڕێژەی سەردانیکەران و گەشتیاران زۆر زیادی کرد و ڕۆژانە گەشتیاران سەردانی ئەو شوێنانەیان دەکرد کە لە زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی نوردا دەردەکەوت، بە جۆرێک گەشتیاران سەردانی ئەو شوێنانەیان دەکرد کە دراماکەی تیادا وێنە گیرابوو. دوای بڵاوبوونەوەی دراماکان بە هەموو جیهاندا، باری هەواڵ و یارییە وەرزشییەکان لاربووە و ئێستا دراما تەلەفزیۆنییەکان کاتی ئاڵتوونی بۆ تەلەفزیۆنەکان دەستەبەر دەکەن، چونکە دراماکان بەرنامەی هاوبەشی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەن(قادر، ٢٠٢٠: ٥-٦). درامای تورکی بە تەواوی بڵاوبووەوە و دنیای درامای داگیرکرد، بەجۆرێک ساڵی ٢٠١٦ درامای تورکی بەشێوەیەکی فەرمی بووە دووەم کاریگەرترین و پربینەرترین دراما لەجیهاندا لەدوای هۆلیوودی ئەمەریکی. کاریگەرییەکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێپەڕاند و گەیشتە کۆریا، پاکستان، ڕووسیا، ئیسرائیل، ئەرجەنتین و مەکسیک. لەهەمووی گرنگتر تێپەڕاندنی بۆلیوودی هیندی بوو، کە لەناوەڕاستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە کیشوەری ئاسیا خاوەنی بینەرێکی زۆر بوو(همیسي، ٢٠١٤: ٧١).
تا ئێستا نزیکەی ١٥٠ درامای تورکی هەناردەی دەرەوەی تورکیا کراون و بە زمانە جیاوازەکان دۆبلاژ و پەخشکراون و لە ١٤٩ وڵاتەوە بینەریان هەیە. لە جیهاندا ٧٠٠ ملیۆن کەس تەماشای درامای تورکی دەکەن. ساڵی ٢٠١٩ داهاتی دراما تورکییەکان گەیشتە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار و دوای درامای ئەمەریکی لە ڕیزبەندی دووەمدایە(عەلی، ٢٠٢١/١١/٢٨ ).
مێژووی درامای تورکی لە هەرێمی کوردستاندا بە نزیکەیی بۆ دە ساڵی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و ساڵی ٢٠١٢ چەندین درامای تورکی دۆبلاژکران، لەوانە درامای (شەوێکی حوزەیران) کە لە لایەن کۆمپانیای (خاوێ فیلم)ەوە دۆبلاژکراوە و لە کەناڵی ئاسمانی ئێن ئارتی دوو پەخشکرا و بینەرێکی زۆری هەبوو(خاوێ،٢٠٢١/١١/٢٢).

## ٢-٣-٣- ناوەرۆکی دراما تورکییەکان

بەشێوەیەکی گشتی دراما تورکییەکان پشت بە تیشکخستنە سەر بابەتە سۆزداری و کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن، ئەوەش وای لەو ناوەرۆکانە کردووە ڕیتمێکی قبوڵکراو لای جەماوەر دروستبکەن، چونکە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و وروژێنەر بابەتەکانی پەیوەست بە "خۆشەویستی، ناکۆکی خێزانی، بەلاڕێداچوونی نێو کار و پەیوەندییە گوماناوییەکان" پێشکەش دەکەن، هاوکات بەرهەمهێنەرەکانیش بە مەبەست لایەنە جوانەکانی جەستەی ژنە پاڵەوانی دراماکان زەقدەکەنەوە، کە ژنێکی بێتاوان و جوانە و دووچاری کێشەی سۆزداری و ئابووری دەبێتەوە(قرمزلي، موقع الجلفة إنفو، ٢٠١٢).
دراماکان بەهۆی ئەو بابەتانەی کە پێشکەشی دەکەن، هەموو ڕێگرییە ڕۆشنبیرییە تەقلیدییەکانیان شکاندووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی زۆرکات دراماکان کێشەیەکی ناو کۆمەڵگەی هێناوە و بەرگێکی درامای لەبەرکردووە، بە جۆرێک کە نزیک بێت لە واقیع، بە هۆی ئەمەوە کۆمەڵگەکان نزیکبوونەوەیان بە خۆیانەوە بینیوە و ئاشنابوون بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە دراماکانیان تیادا بەرهەمهێناوە(کماش و بلخلفة، ٢٠١٧: ٥).

دراما بە شێوەیەکی کاتی بینەر لە جەنجاڵی ژیانی ڕۆژانە بەرەو جیهانێکی خەیاڵی دەبات و لە ماندوێتی و پەستانی کاری ڕۆژانە کەمێک ئاسوودەیی پێدەبەخشێت، لەسەر ئەم بنەمایە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی دراما تورکییەکانەوە، ئەو کاتەی کە بابەتی سەرەکیی دراما تورکییەکان بریتی بوو لە عەشق و خۆشەویستی و ژیانێکی شاهانە لە ڤێللایەکی کەنار دەریا و گەرووی ئەستەنبوڵ، دەسەڵاتداران بە مەبەستی سەرقاڵکردنی هاوڵاتیان بەو درامایانەوە و دوورخستنەوەیان لە بایەخدان بە بابەتە سیاسییەکان و بەخشینی ئاسوودەییەکی کەم و کاتی بە دەروونی ماندویان و کەمکردنەوەی ناڕەحەتی و سەرقاڵییەکانی ڕۆژانەیان. لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە لە تورکیا بەدەر لە درامای کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی، بایەخێکی تایبەت بە بەرهەمهێنانی درامای مێژوویی دەدرێت، کە خاوەن ڕەهەندێکی سیاسی و ئایدۆلۆژین، بە تایبەتیش ئەو درامایانەی لەسەر مێژووی دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی سەلجووقی ڕەواجی باشیان پەیدا کردووە(عەلی، ٢٠٢١/١١/٢٨).

درامای تورکی بووەتە دەربازکەری واقیع و هەڵبژاردنی شوێن و کارەکتەر و ڕەهەندی جوانکاری و دیکۆرات و سروشتی سەرنجڕاکێش و ژنانی جوان و ڕازاوە بە جل و بەرگی نایاب و گەنجانی قوزی باڵابەرزیش تیایدا وای لە زنجیرە درامای تورکی کردووە جیهانێک بێت کە تەنها لە خەوندا ببینین، لەبیرمان نەچێت کە زنجیرە تورکییە دۆبلاژکراوەکان گرتەی وروژێنەر و سەرنجڕاکێش لەخۆدەگرن، کە پێشوتر لە دراما عەرەبییەکاندا بوونی نەبووە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی گەنجان(قرمزلي، موقع الجلفة إنفو، ٢٠١٢).

ڕەنگە پرسیار بکرێت ئەو بابەتانەی لە درامای تورکیدا هەیە لە دراما و فیلمی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا چەندین ساڵ پێش درامای تورکی باسکراوە و ڕەنگی داوەتەوە، ئەی بۆچی ئەو کاریگەرییەیان نەبووە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ وەڵامەکە ئەوەیە تورکیا لەڕووی پێگەی جوگرافییەوە بەشێکی زۆری لەکیشوەری ئاسیایە و دراوسێی وڵاتە عەرەبییەکانە(حلاوة،موقع جدلية،٢٠١٣) و زنجیرە دراما تورکییەکان بەوە جیادەکرێنەوە لە زنجیرە دراماکانی تر کە چیرۆکەکانی بە جۆرێک داڕێژراون ڕێگە بە بینەر نادات چاو لەسەر ڕووداوەکانی دراماکە لاببات وکەناڵەکە بگۆڕێت. بە جۆرێک سەرنجی بینەر ڕادەکێشێت کە هەمیشە لە پرسیاری ئەوەدا بێت کە لە دیمەنەکانی تردا چی ڕوودەدات، یان چی بەسەر پاڵەوانەکاندا دێت، هەروەها هەمیشە لە چاوەڕێی زنجیرەکانی دواتردا دەبن(کماش و بلخلفة،٢٠١٧: ١٤٥).

## ٢-٣-٤- هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی درامای تورکی دۆبلاژکراو

ئەو فاکتەرانەی یارمەتیدەربوون لە بڵاوبوونەوەی درامای تورکی و زیادبوونی ڕێژەی تەماشاکردنی، بریتین لە ڕووماڵکردنی هەندێک داب و نەریتی نزیک لە ژینگەی عەرەبی و چارەسەرکردنی ئەو بابەتە کۆمەڵایەتیانەی وێنای واقیعی عەرەبی دەکەن، بەتایبەت "بۆشایی سۆزداری". بەپێی ڕاپرسییەکی پێگەی "ئۆنلاین"یش بێت، بۆشایی سۆزداری لەپاش ئەو بڵاوبوونەوە گەورە و لەڕادەبەدەرەوە سەریهەڵداوە کە درامای تورکی دۆبلاژکراو بەخۆیەوە بینیوە، لە ڕاپرسییەکەدا کە (١٨٢٣) کەس تیایدا بەشداربوون، بەشداربوان پێیانوایە بڵاوبوونەوەی ئەو درامایانە دەگەڕێتەوە بۆ (بۆشایی سۆزداری، لاوازیی بەربەستی ئایینی)، جگە لەوەی هەندێکی دیکە تەماشاکردنی ئەو درامایانەیان گەڕاندووەتەوە بۆ بێزاری و ڕاکردن لە ڕۆتینی ڕۆژانە(همیسي، ٢٠١٤: ٧١)، هەروەها جوانترین بەکارهێنانی ئێکسسوار و میوزیک بۆسەر دیمەنەکان و نواندنی باشی ئەکتەرەکان و ئەو

چیرۆکـانەی بینـەر بـۆ خۆیـان ڕادەکێشـن، وەک چیرۆکـی سـۆزداری و کـۆمەڵایەتی و مرۆیی(کـاظم، موقـع النور،٢٠٠٨).
- لەسـەرەکیترین هۆکارەکـانی خێـرا بڵاوبـوونەوەی درامـای تـورکی بریتـی بـوو لەو جیـاوازییە گەورەیەی لە دراماکاندا بەدیدەکرا، بۆ نموونە(یەکسـانی ڕەگەزی، ئـازادی پەیوەنـدی سۆزداری، نەرمـی و ڕۆمانسـی بـوونی کـارەکتەری پیـاو لەئاسـت ژنـدا، بـوونی پەیوەنـدی سێکسـی لەنێـوان کارەکتەرەکانـدا، جـوانی و سەرنجڕاکێشـی کارەکتەری ژن، جیابوونەوەی کارەکتەری منداڵ لە دایـک و بـاوکی و بەسـەربردنی ژیـان لەگەڵ هاوڕێکانیـدا، بوونی پەیوەندی خۆشەویستی بەشێوەیەکی ئاشکرا لەنێوان کوڕ و کچدا، چەندین هۆکاری تـر) کە تـاکی عەرەب ئاشـنا نەبـوو بە بینینـی ئەم شـتانە لە کـۆمەڵگە و کولتـووری خۆیـدا. ئەو درامـا تورکیـانە ڕەنگدانەوەی مـۆرکە کۆمەڵایەتییەکەی و ناوەرۆکی پەیوەندییە خێزانییەکانی نێوان تاکەکانی زنجیرە دراماکە بوو، کە تاڕادەیەکی زۆر لە واقیعی کۆمەڵگە عەرەبییەکان دەچوو(حلاوة،موقع جدلية،٢٠١٢).
- ناوی کارەکتەرە تورکییەکان بە ناوی عەرەبی ناکرێـت، کە وایکـرد ئەو بەرهەمە بە ئاسـانی بگـاتە ڕێژەیەکـی زۆری بینەر. بەڵگەش لەسـەر ئەوە، ئەو سـەرکەوتنە بـوو کە زنجیـرە درامـا تورکییەکـان بەراورد بەو زنجیـرە دراما مەکسیکیانە بەدەستیهێنا کە لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو وەک "کاسـاندرا" و "ڕۆزالینـدا" کەنـاڵە عەرەبییەکانی تەنیبوو(حلاوة،موقع جدلية،٢٠١٢).
- یەکێکی تر لەهۆکارەکانی ئەم هەڵکشانە ئەو دراما تـورکییە دۆبلاژکـراوانە بەشـێوەیەکی بەرچـاو لە یوتـوب و چەندین سایت و ئاپ و سۆشیاڵ میـدیا بڵاوبـوونەوە، ئەمەش کـاتی زیـاتر و هەلـی زیـاتری بـۆ زۆرتـرین بینـەر ڕەخساند و کاریگەری دراماکان بەڕێژەیەکی سەرسامکەر زیادی کرد. هەروەها کوالێتی بەرزی دەنگ و ڕەنـگ و وێـنە و میوزیـک و کـارتێکەرە دەنگییەکـان و جـوانی ئەکتەرەکانیـان لە پـاڵ بەهێـزی چیـرۆک و سـیناریۆی دراماکان(موقع ترک برس، ٢٠١٩).

### ٢-٣-٥- هۆکارەکانی پەیوەستبوون بە دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکانەوە

گەلێک هۆکار هەن پاڵ بە بینەرەوە دەنێن بەو درامایانەوە پەیوەست بن، لەوانە:

**١- میدیا:** میدیا ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێـت لە هانـدانی بینـەر بـۆ پەیوەسـتبوون بە درامـای تـورکی، ئەویش لە ڕێگەی پێشبڕکێی ڕۆژانەی تایبەت بە زنجیرەکانی ئەو درامایە، یاخود لە ڕێگەی ئەو کەناڵانەی بەدرێژایی ڕۆژ دوابەدوای یەک زنجیرەکان نمایش دەکەن(آبوونجم، موقع المرسال، ٢٠٢١).

**٢- چاولێکەری:** لەسـەر بنەمـای لاسـاییکردنەوەی منـداڵ بـۆ باوانیـان، ئەو منـداڵانەی دەبیـنن کەسـوکارەکەی پەیوەست بوون بەو درامایانەوە، ئەوا ئەوانیش پێوەی پەیوەست دەبن و لەسەری پەروەردە دەبن.

**٣- لاوازیی چاودێری:** چاودێریی یاسایی بە پلەی یەکەم، پاشان چاودێری ئایینی و خێزانی و خود-چاودێری، هەروەهـا ناهۆشـیاری بەرامـبەر مەترسـییەکان، بەشـدارن لە دزەکردنـی درامـا دۆبلاژکراوەکـان بـۆ نێـو کۆمەڵگەکانمان (آبوونجم، موقع المرسال، ٢٠٢١).

**٤- ڕۆڵی کۆمپانیاکانی دۆبلاژ:** ئەم کۆمپانیایانە بە ئامانجی دەستکەوتی مادی بەشدارن لە بڵاوکردنەوەی دراما تورکییەکان، بەو پێیەی درامای تورکی لە ٨٠ دەوڵەت نمایشدەکرێن و ٣٥٠ ملیۆن دۆلار قازانج دەکەن.

**٥- پەیوەندییە قەدەغەکراوەکان:** دراما تورکییەکان چەندین پەیوەندی قەدەغەکراو وەردەگێڕێت، بەو پێیەی ژن ناپاکی لە هاوسەرەکەی دەکات لەگەڵ زڕکوڕەکەیدا، هەروەها خوشک پەیوەندی لەگەڵ هاوسەری خوشکەکەی و کوڕ لەگەڵ باوەژنەکەیدا دەبەستێت، ئەمە جگە لە دیمەنە جۆراوجۆرەکانی ناپاکی، کە دەچنە خانەی زیناوە. ئەوەتا لە توێژینەوەیەکی میسڕیدا دەربارەی دوو درامای تورکی، پەیوەندی سۆزداری قەدەغەکراو تیایاندا بە پلەی یەکەم هاتووە(قصيباتي،موقع العين،٢٠١٦).

**٦- هاوڕەگەزخوازی:** هەندێک درامای دۆبلاژکراو بیرۆکەی هاوڕەگەزخوازی پەخشدەکەن و ڕێگە بە بوونی لەنێو کۆمەڵگەی تورکی دەدات.

**٧- پاساوهێنانەوە بۆ ناپاکی هاوسەرگیری:** ئەم درامایانە بەراورد لەنێوان هاوسەری زۆردار و کوڕە عاشقە بەسۆزە قارەمانەکە دەکەن، ئەمەش پاڵ بە بینەرەوە دەنێت لەگەڵ هاوسەرە ناپاکەکەدا هاوسۆز بێت.

**٨- لەباربردنی منداڵ:** ئەم درامایانە بە شێوازی جۆراوجۆر پاساو بۆ لەباربردنی منداڵ دەهێننەوە، بۆ نموونە کاتێک ژن لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری دووگیان دەبێت، یان کاتێک دووگیان دەبێت و بەهۆی کارەکەیەوە کاتی پەروەردەکردنی منداڵی نییە(النجار، ٢٠٠٨: ٩٨).

**٩- دیمەنەکانی دەوڵەمەندی:** زۆرینەی ئەو درامایانە پشت بە دەرخستنی بەهای دەوڵەمەندی دەبەستن لە بەدەستهێنانی بەختەوەری و بەدیهێنانی خەونەکان. هەروەها بینەر بەوە لە خشتە دەبەن کە بەختەوەری ڕاستەقینە خۆی لە دەوڵەمەندیدا دەبینێتەوە.

**١٠- نزیکبوونەوەی هەندێک داب و نەریت:** وەک باوە کۆمەڵگەی تورکی بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەیەکی ئایینییە، بۆیە دەبینین ئایەتێکی قورئان، یان وتارێکی پێغەمبەر وەک تابلۆ بە دیوارێکەوە هەڵواسراوە، یاخود بۆنەیەکی هاوسەرگیری، یان پرسە بەشێوازێکی نزیک لە داب و نەریتی عەرەبی بەڕێوەدەچێت، ئەمانە وا لە بینەر دەکەن چێژ لە تەماشاکردنیان ببینێت.

**١١- زیادەڕەوی لەڕۆمانسیەت و دەربڕینی هەست و سۆز:** ئەم درامایانە زیادەڕەوییەکی گەورەی تێدایە لە دەربڕینی هەست و سۆزی مرۆیی و پەیوەندی سۆزداری نێوان دوو دڵدار، ئەوەش بەشێوەیەکی گشتی پاڵ بەو ژنانەوە دەنێن کە ژیانێی وشکوبرنگی سۆزداری بەڕێدەکەن پەیوەست بن بەو درامایانەوە(موقع ترك برس، ٢٠١٨).

## ٢-٣-٦- لە گرنگترین کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی درامای تورکی دۆبلاژکراو

### - خاڵە ئەرێنییەکانی درامای تورکی دۆبلاژکراو

دراما تورکییەکان کاریگەری ئەرێنیشیان هەبووە بۆسەر ئەو کۆمەڵگانەی کە پەخشی دراماکەی تیادا کراوە، گرنگترینیان بریتی بوون لە:

- ڕێزگرتن لە گەورە و ئەنجامدانی ئەرکی ماڵ و هاریکاریکردنی تاکەکانی خێزان.
- قووڵبوونەوە لە کێشەی منداڵ، جا هەرچەندێک سادە بێت، پاشان نیشاندانی بەوانی دیکە(همیسي، ٢٠١٤: ٧٢).

- کاری درامی دەتوانێت ئاستی ڕۆشنبیری وەرگر لە بوارێکی دیاریکراودا بەرزبکاتەوە(قرمزلي، موقع الجلفة إنفو، ٢٠١٢).
- باسکردنی بابەتی خێزانی و پەروەردەیی لەناو خوێندنگە و لەچوارچێوەی خێزاندا.
- یارمەتی مێرمنداڵەکان دەدات شارەزایی لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمەکانی میدیا پەیدا بکەن(علياء، موقع الإتحاد، ٢٠١٨ ).
- پابەندبوون بە کات (ڕێکخستنی کات)، وەک کاتی نوستن و کاتی گەمەکردن و کاتی گەڕان.
- ڕێکخستن و پاککردنەوەی سروشت، زەقکردنەوەی هەندێک سیمای مێژوویی و شوێنەواری.
- ڕێزگرتن لە هەستی بەرامبەر و پێدانی متمانە.
- خۆشەویستی و ژیانی شەرەفمەندانە(هميسي، ٢٠١٤: ٧٢).
- فێربوونی هونەرەکانی مامەڵەی هاوسەرگیری، بەجۆرێک ژن دەتوانێت ڕێز لە پیاو بگرێت، نەوەک لێی بترسێت و هەوڵەکانی لە ژیاندا بەرزبنرخێنێت.
- پێکەوەلکانی یەک خێزان.
- زەقکردنەوەی فۆرمەکانی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لەڕێگای پێدانی پارە بە هەژاران و هاریکاریکردنی نەدارەکان(قرمزلي، موقع الجلفة إنفو، ٢٠١٢ ).
- ناساندنی ناوچە گەشتیارییەکانی تورکیا و زیادبوونی ڕێژەی گەشتیاری بۆ وڵاتەکەیان(موقع قناة الجزيرة، ٢٠٠٨).

## خاڵە نەرێنییەکانی درامای تورکی دۆبلاژکراو

- زۆری تاوان و خۆکوشتن و یەکدی کوشتن، بەو پێیەی لەڕووی میدیاییەوە هانی توندوتیژی دەدرێت بە هەموو شێوەکانییەوە .
- کاریگەریان لەسەر ڕەفتاری گەنجان لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی کارەکتەری نێو دراما تورکییەکان لەڕووی (جلوبەرگ، ئاخاوتن، بیرکردنەوە، پەیوەندییە سۆزدارییەکان)(جبريل، موقع مقال،٢٠٢٢).
- تێکدانی ئاکاری توێژی گەنجان، بۆ نموونە: کچان و کوڕانی گەنج پێش هاوسەرگیری پەنا بۆ پەیوەندی ڕێگەپێنەدراو دەبەن، بەجۆرێک کە هاوشێوەی دراماکە لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا جێبەجێیدەکەن، هەروەک ئەوەی لەنێو کەسایەتیاندا خۆیان بنوێنن.
- سەبارەت بە لایەنی ویژدان، گەنجان کێشەکانی خۆیان بەو شێوەیە چارەسەر دەکەن کە دەیبینن، نەوەک بەپێی واقیعی ژیانی خۆیان، بە جۆرێک پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن لەگەڵ خێزان و هاوڕێ و هاوپیشەکانیاندا(هميسي، ٢٠١٤: ٧٣).
- کاریگەری ئەم درامایانە زیاتر بوو کاتێک تاکەکانی کۆمەڵگە ناونران بە ناوی پاڵەوانانی دراماکانەوە(موقع مجلة إشراقات، ٢٠١٧ ).
- لە نێو دیمەنەکانی دراما تورکییەکاندا (خواردنەوە کحولییەکان) پیشاندەدرێت، تەنانەت بە ئاسایی باسکردنی پەیوەندی کراوەی نێوان (ژن و پیاو) و دوگیانبوون پێش پرۆسەی هاوسەرگیری و لەباربردنی منداڵیش، هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کەسایەتی گەنجان(نايف، موقع دنيا الوطن،٢٠١٠).
- کاریگەری ئەم درامایانە لەسەربەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە، چونکە دەبێتە هۆی پوکانەوەی سیفەتە جوانەکانی تاکی کۆمەڵگەی ئیسلامی وەک (ڕێز، دابونەریت، شێوازی قسەکردن و پۆشین)، چونکە خێزانەکان دەڕواننە ئەم درامایانە(جبريل، موقع مقال،٢٠٢٢).

- جگەرەکێشان و ئالودەبوون لەسەر ماددەی هۆشبەر لای گەنجان بەهۆی دروستبوونی کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی کارە درامییەکان لەسەریان.
- ڕەفتار و هەڵسوکەوتی نەرێنی بە منداڵ و مێردمنداڵ دەبەخشێت(علیاء، موقع الإتحاد، ٢٠١٨).

## ٢-٤- پێگەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

دراماکان لەمڕۆدا پانتاییەکی فراوانیان لە ماوەی پەخشی تەلەڤزیۆنە ئاسمانی وناوخۆییەکاندا داگیرکردووە، بەو ڕادەیەی سەدان کۆمپانیای بەرهەمهێنی میدیایی لە بواری بەرهەمهێنانی دراما تەلەڤزیۆنییەکاندا کاردەکەن. هەروەها لەگەڵ بوونی چەندین دامەزراوەی تایبەتی وەرگێڕان و دۆبلاژکردنی دراماکان، چەندین تەلەڤزیۆنی تایبەتمەند بۆ پەخشی دراماکان کراونەوە. ئەو درامایانە لەگەڵ ئەوەی داهاتێکی باشی دارایی و کولتووری بۆ بەرهەمهێنەرانیان دەستدەخەن، لە هەمان کاتیشدا سەرچاوەیەکی زۆر باشن بۆ زیادکردنی ڕیکلام لە تەلەڤزیۆنەکاندا، ئەگەر هاتوو درامای پەخشکراو لە سەرەتاوە سەرنجی ڕێژەیەکی باشی بینەرانی ڕاکێشا بە لای خۆیدا(قادر، ٢٠٢٠: ٤).

دراما بیانییەکان لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا جێی گرنگی و بایەخپێدانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بوون، بە تایبەت دراما دۆبلاژکراوە تورکییەکان بەهۆی نزیکی لە کولتوور و ژیانی کۆمەڵایەتی و هەم نزیکی سنوری جوگرافی و ئاسانی پەیوەندیکردن بەو کۆمپانیانەی کاری بەرهەمهێنانی دراما تورکییەکان دەکەن. لە لایەکی ترەوە بەرزی کوالیتی و ئاستی نواندنی ئەکتەرەکان و بەهێزی سیناریۆ و بابەتی دراماکان هۆکارێکن بۆ گرنگیپێدانی کەناڵەکان بە دۆبلاژکردنیان و پێشوازی گەرمی بینەرانیش لەو درامایانە(ئادەم،٢٠٢١/١١/٢٦ ).

توێژەر لە ڕێگەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی زانستییەوە لەگەڵ بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری بەشی دۆبلاژی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە زانیاری وەرگرتووە لەسەر دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان تا لێرەوە باس لە پێگە و ئاستی گرنگیدانی ئەو کەناڵە ئاسمانییە کوردیانە بکات کە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا گرنگیان بە درامای تورکی داوە و دۆبلاژیان کردووە بۆ سەر زمانی کوردی بە هەردوو دیالێکتی سۆرانی و بادینی.هەروەها کامانەن جۆری ئەو دراما تورکیانەی زۆر گرنگیان پێدەدرێت. دواتر هۆکاری گرنگیدانی هەریەک لەو کەناڵە ئاسمانیانە بە درامای تورکی و تا چەند ئەو کەناڵانە فلتەریان هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەو دراما تورکییەی کە پەخشدەکرێت و چ سانسۆرێکیان هەیە بۆ ئەو دیمەنانەی نێو دراماکە. هەروەها نرخی کڕین و تێچووی دۆبلاژی هەریەک لەو کەناڵانە و دواتر بەراوردکاری توێژەر بە نرخی درامای کوردی تا بزانین جیاوازی نرخی کڕینی درامای تورکی و درامای کوردی خۆماڵی چەندە و ئایا بەرزی نرخی بەرهەمهێنانی درامای کوردی هۆکارە بۆ کەمی بەرهەمهێنان و گرنگیدان بە درمای بیانی؟

### ١. کەناڵی ئاسمانی کوردسات KURDSAT

کەناڵی کوردسات لە ڕێکەوتی (١٩٩٩/١٢/٣١) دامەزراوە و بنکەی سەرەکی لە شاری سلێمانییە، یەکەم پەخشی ئەزمونی بۆ کەناڵەکە لە (٢٠٠٠/١/١) بوو، دوای ئەوە پەخشی ڕاستەقینەی خۆی دەستپێکرد لەسەر ئەم مانگە دەستکردانە (H١١٠٥٣/٢٧٥٠٠) گرنگترین ئامانجەکانی بریتییە لە خزمەتکردن بە کولتوور و دابوونەریت و هونەر و زمان و فەرهەنگی کوردی. کوردسات لە دوای ٤ ساڵ دەستیکرد بە کردنەوەی پێگەی

ئەلیکترۆنی (www.kurdsat.tv) بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی. سروشتی ئەو بەرنامانەی کە کەناڵەکە پێشکەشی دەکات سروشتێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کاتبەسەربردن و هۆشیاری ژینگەییە(یاسین،٢٠٢٠: ١٤٦).

دوای ٢٢ ساڵ لە ئێستادا کەناڵی کوردسات بووەتە دەزگایەکی میدیایی و پێکهاتووە لە دوو کەناڵی ئاسمانی (کوردسات و کوردسات نیوز) و ڕادیۆی دەنگی کوردسات (٩٦.٣) بە زمانی کوردی و ئینگلیزی وێبسایتی (کوردبین) کە تەواوی ئەرشیفی کوردساتی تیادایە لە دراما دۆبلاژکراوەکان و ئەو دراما کوردیانەی کە بەرهەمیهێناون لەگەڵ بەرنامەکانیان تا بینەر بتوانێت دووبارە بیانبینێتەوە. کەناڵی کوردسات هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە گرنگی داوە بە بەرهەمهێنانی درامای کوردی و دۆبلاژکردنی دراما بیانییەکان و هەموو دراماکان فلتەر دەکرێن لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە بۆ هەڵبژاردنی درامای گونجاو و دانانی سانسۆر لەسەر دیمەنەکانی نێو دراماکە و لابردنی ئەو دیمەنانەی کە نەشیاون بۆ خێزان، یەکەم درامای بیانی کە درامای کۆری (گەوهەری کۆشک) بوو ساڵی ٢٠١٠ لە لایەن کۆمپانیای (خاوێ فیلم)ەوە دۆبلاژکراوە و لە سەر شاشەی کوردسات پەخشکراوە(ناتق،٢٠٢١/١١/١٧ ). (خاوێ فیلم) یەکێکە لە کۆمپانیا بەهێزەکانی دۆبلاژکردن لە کوردستان کە ساڵی (٢٠٠٧) دەستیکردووە بە کاری دۆبلاژکردن و تا ئێستا (٤٥) درامای بیانی دۆبلاژکردووە بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان، لەوانە (کوردسات و ئێن ئارتی دوو) و ئۆفیسی سەرەکی کارکردنی لە سلێمانییە و بەشێکی لە بەغدادە. سەرەتای کاری دۆبلاژی ئەم کەناڵە لە لایەن ئەم کۆمپانیایەوە کراوە تا کوردسات خۆی بووە خاوەنی بەشی دۆبلاژ و لە ئێستادا خۆی کاری دۆبلاژی خۆی دەکات(خاوێ،٢٠٢١/١١/٢٢).

کەناڵی کوردسات لە ساڵی (٢٠١١)ەوە خاوەنی بەشی دۆبلاژی خۆیەتی لە نێو کەناڵەکەدا و تا ئێستا (٤٩) درامای بیانی (کۆری، چینی، ئەمەریکی، هیندی، ڕووسی، ژاپۆنی، پۆڵەندی، فارسی، سوری) دۆبلاژکردووە و لەنێو ئەو ژمارەیەدا تەنها (٣) درامای تورکی دۆبلاژ کردووە، ئەوانیش زنجیرە درامای تورکی دۆبلاژکراوی (ئەزەل) کە ساڵی (٢٠١٦) پەخشکراوە و ١٥٨ زنجیرە بووە و ماوەی هەر زنجیرەیەک ٤٥ خولەک بوو لە جۆری ئاکشن و بە دیالێکتی سۆرانی دۆبلاژکرابوو، ئەم درامایە بە (١٣٤.٣٠٠$) کڕاوە و بە (٤٠.٠٧٤$) تێچووی دۆبلاژەکەیەتی. دواتر درامای (چارەنووس) کە ساڵی (٢٠١٦) پەخشکراوە و ١٤٩ زنجیرە بووە، ماوەی زنجیرەکە ٤٥ خولەکە لە جۆری (ڕۆمانسی- کۆمەڵایەتی) و بەهەردوو دیالێکتی سۆرانی و بادینی دۆبلاژکرابوو، نرخی کڕینی (١١١.٠٩٢$) تێچووی دۆبلاژ (٤٠.٠٥٠$). درامای سێیەم (ئاوازی ژیان) کە ساڵی (٢٠١٧) پەخشکراوە و ١٨٦ زنجیرەیە و ماوەی زنجیرەکە ٤٣ خولەکە لە جۆری (ڕۆمانسی- کۆمەڵایەتی) و بە دیالێکتی سۆرانی، نرخی کڕینی (١٤٠.٠٥٨$) و تێچووی دۆبلاژ (٥٠.٠٠٠$)، ئەم درامایانە سپۆنسەریان هەبووە جگە لە ڕیکلام لە ناوبڕەکاندا، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٩دا بڕیاردرا بە وەستاندنی دۆبلاژکردنی درامای تورکی لە کەناڵی کوردسات بە هەموو جۆرێک دوابەدوای هێرشی تورکیا بۆسەر عەفرین(ناتق،٢٠٢١/١١/١٧).

### ٢. کەناڵی ئاسمانی پەیام Payam

ناوی کەناڵەکە (پەیام) بە مانای (الرسالة) بە زمانی عەرەبی دێت. ئەم کەناڵە سەر بە کۆمەڵی ئیسلامییە (کۆمەڵی دادگەری) لە کوردستان. لایەنی بەرپرس لێی بریتییە لە نووسینگەی ڕاگەیاندنی حزبی کۆمەڵی ئیسلامی. لە

ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١٢/١ دەستیکرد بە پەخشی ڕاستەقینەی خۆی، شەپۆلی ئێستای لەسەر (نایلسات) (٢٧٥٠٠V/ ١٢٣٦٠) کەناڵێکی گشتییە، گرنگی دەدات بە بوارەکانی ئایینی، ڕامیاری، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، وەرزشی، ئابووری و دامەزراوەیی(یاسین، ٢٠٢٠، ١٤٨-١٤٩).

کەناڵی پەیام گرنگیداوە بە دۆبلاژکردنی دراما بیانییەکان و (٧٤) درامای بیانی دۆبلاژکردووە و بۆ هەڵبژاردنی دراماکان فلتەری خۆیان هەیە، کە ڕاوێژکاری ئایینی و کۆمەڵایەتییە و دواتر دانانی سانسۆر لەسەر ئەو دیمەنانەی نەشیاون بۆ پەخش و بڕین و لابردنیان، لەنێو ئەو دراما بیانیانەدا (٤) درامای تورکییە کە ماوەی زنجیرەکان بە گشتی (٤٠-٤٥) خولەک بووە و دراماکان سپۆنسەریان نەبووە و تەنها لەناوبڕدا ڕیکلام و سپۆت ڕیکلام هەبووە و نرخی کڕینی هەر خولەکێک لەو دراما تورکییە دۆبلاژکراوانە بە نزیکەیی (٧) دۆلارە و تێچووی دۆبلاژ بۆ هەر خولەکێک (٨) دۆلاربووە(هەورامی، ٢٠٢١/١١/١٨).

دراما تورکییەکانیش یەکەم (ماڵی بچووک) کە ٣٢ زنجیرە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی) بووە بە هەردوو دیالێکتی (سۆرانی- بادینی)، کۆمپانیای مەڵتی میدیا لە هەولێر دۆبلاژی کردووە، نرخی کڕینی (١٠,٠٨٠$) و تێچووی دۆبلاژ(١١.٥٢٠$) بووە. دواتر درامای (پیاوی مەزن) کە ١٨ زنجیرەیە و لە جۆری (مێژوویی- ئاینی)یە بە هەردوو دیالێکتی سۆرانی و بادینی و لە دهۆک دۆبلاژکراوە لە لایەن کۆمەڵێک گەنجەوە، نرخی کڕینی (٥.٦٧٠$) و تێچووی دۆبلاژ(٦.٤٨٠$) بووە. هەروەها درامای (سۆزی سارد) کە ٣٠ زنجیرە بووە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی) و بە دیالێکتی سۆرانییە و بەشی دۆبلاژی کەناڵی پەیام دۆبلاژی کردووە و نرخی کڕینی (٩.٤٥٠$) و تێچووی دۆبلاژی (١٠.٨٠٠$) بووە. درامای چوارەم (گەمەی ژیان) کە ٣٠ زنجیرە بووە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی)ە و بە دیالێکتی سۆرانی بووە و بەشی دۆبلاژی کەناڵی پەیام دۆبلاژی کردووە، نرخی کڕینی (٩.٤٥٠$) و تێچووی دۆبلاژی (١٠.٨٠٠$) بووە(هەورامی، ٢٠٢١/١١/١٨).

### ٣. کەناڵی ئاسمانی سپێدە Speeda

دەزگایەکی ڕاگەیاندنی کوردستانییە لە ٢٠٠٩/٦/١٦ دەستی بە پەخشکردووە و لە گرنگترین ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەها جوان و باڵاکان و پاراستنی بەهاکانی خێزانە. ئەم کەناڵە بەهەردوو دیالێکتی سۆرانی و کرمانجی پەخشی بەرنامەکانی دەکات(موقع Speda ، ٢٠٢١).

لە ماوەی پەخشیدا گرنگی بە دۆبلاژکردنی درامای بیانی داوە و (٥٦) درامای بیانی دۆبلاژکردووە و لە نێویاندا (١١) درامای تورکی دۆبلاژکراوە. هەڵبژاردنی دراماکان لە ڕێگەی چەند پێوەرێکەوەیە کە گونجاو بێت لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگەی کوردیدا کە دیاریکراوە لەلایەن ( دەستەی کارگێری و بەڕیوبەری گشتی و بەڕێوەبەری بەشەکان)ەوە. تەواوی دراما تورکییەکان دۆبلاژکراونە سەر هەردوو دیالێکتی (سۆرانی - بادینی) و بەشی دۆبلاژی کەناڵی سپێدە کاری دۆبلاژی بۆ کردووە. یەکەم درامای تورکی درامای (بوکی بچوک) بوو کە ٩٨ زنجیرە بوو لە جۆری (کۆمەڵایەتی)ە و ماوەی هەرزنجیرەیەکی ٤٠ خولەکە و نرخی کڕینی ئەم زنجیرەیە (٢٠.٠٠٠$) تێچووی دۆبلاژ (١٥.٠٠٠$)، دواتر درامای (ڕەهەندی پێنجەم) کە ٢٢٦ زنجیرەیە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی)ە و ماوەی زنجیرەکە ٤٠ خولەکە و نرخی کڕینی (٥٠.٠٠٠$) تێچووی دۆبلاژ (٣٠.٠٠٠$)ە(ئەحمەد، ٢٠٢١/١١/١٦).

درامای (گەردنم ئازادکە) کە ٧٢ زنجیرەیە لە جۆری (کۆمەڵایەتی- پەروەردەیی)ە، ماوەی زنجیرەکە ٤٥خولەکە و نرخی کڕینی (١٠.٠٠٠$) تێچووی دۆبلاژ (١٠,٠٠٠$)ە. درامای (تیمی خێرە) کە ٤٧ زنجیرەیە و لە

جۆری (کۆمەڵایەتی)یە و ماوەی زنجیرەکە ٤٥ خولەکە و نرخی کڕینی (١٠.٠٠٠$) و تێچووی دۆبلاژەکەی (٨.٠٠٠$). درامای (ڕێڕەوی قەدەر) کە ٢٩ زنجیرەیە، ماوەی زنجیرەکە ٤٠ خولەکە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی- ئایینی)یە، نرخی کڕینی (٥.٨٠٠$) و تێچووی دۆبلاژ (٨.٠٠٠$). درامای (تارقی بچوک) کە ٦٦ زنجیرە بووە و ماوەی زنجیرەکە ٤٠ خولەک بووە لە جۆری (کۆمەڵایەتی- پەروەردەیی)، نرخی کڕینی (١٢.٥٠٠$) تێچووی دۆبلاژەکەی(١٠.٠٠٠$). درامای (بەرەو هیواکان) کە ١٣٢ زنجیرەیە و ماوەی زنجیرەکە ٤٠ خولەکە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی)یە، نرخی کڕینی (٣٠.٠٠٠$) تێچووی دۆبلاژەکەی (١٣.٥٠٠$)، درامای ( هیوایەک لە تاریکیدا) کە ٤٩ زنجیرەیە ماوەی زنجیرەکە ٤٢ خولەکە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی)یە، نرخی کڕینی (١٠.٠٠٠$) و تێچووی دۆبلاژەکەی (٨،٠٠٠$). درامای (نامەوێت جیاببمەوە) کە ٥٢ زنجیرەیە ماوەکەی ٤٣ خولەکە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی)یە، نرخی کڕینەکەی (١٠.٠٠٠$) و تێچووی دۆبلاژەکەی (٨،٠٠٠$)، درامای (کۆڵانەکانی ڕەمەزان) کە ٢٦ زنجیرەیە و ماوەی زنجیرەکە ٤٥ خولەکە لە جۆری (ئایینی)یە و نرخی کڕینی (٥،٠٠٠$) و تێچووی دۆبلاژەکەی(٤،٨٠٠$)، درامای (ڕازەکان) کە ٢٧ زنجیرەیە و ماوەی زنجیرەکە ٣٠ خولەکە لە جۆری (کۆمەڵایەتی- پەروەردەیی)ە و نرخی کڕینی (٤.٩٠٠$) و تێچووی دۆبلاژەکەی (٥،٠٠٠$). دراماکانیش سپۆنسەریان هەبووە جگە لە بوونی ڕیکلام لە ناوبڕەکانیاندا. تەواوی دراماکان سانسۆریان لەسەر بووە و ئەویش بە (بڕینی دیمەنە نەشیاوەکان و گۆڕینی دیالۆگ)(ئەحمەد، ٢٠٢١/١١/١٦).

### ٤. کەناڵی ئاسمانی ئێن ئارتی دوو NRT٢

ئەم کەناڵە کەناڵیکی سەربەخۆی کەسییە، گرنگیدەدات بە پێشخستن و گەشەسەندنی کۆمەڵگە و ٢٠١٢/٢/١٧ دامەزراوە، بەرنامەکانی لەسەر مانگی دەستکردنی (نایلسات) بە شەپۆلی (١١١٥٨ /٢٧٥٠٠/V) پەخشدەکات. کەناڵی ئاسمانی ئێن ئارتی دوو سەر بە کۆمپانیای نالیایە و بنکەی سەرەکی لە شاری سلێمانییە، بە سەربەخۆییەکەی جیادەکرێتەوە لە کەناڵە کوردییەکانی تر بەوەی کە ئامانجی خزمەتکردنی هونەر و کۆمەڵگەیە لە ڕێگەی بەرنامە هونەری و کۆمەڵایەتی و کاتبەسەربردنەکان(یاسین، ٢٠٢٠، ١٥١).

کەناڵی ئاسمانی ئێن ئارتی دوو هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە گرنگی بە پەخشی دراما بیانییە دۆبلاژکراوەکان داوە و (١٥) درامای بیانی پەخشکردووە لە نێویاندا (٨) درامای تورکییە. هۆکاری گرنگیدان و بایەخپێدانی ئەم کەناڵە بۆ دراما تورکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی سنوری جوگرافیا و جۆری سیناریۆکان کە سەرنجڕاکێشن و دەزانن چۆن کار لەسەر جەماوەر و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بکەن، هەروەها کڕینی ئاسانە و پەیوەندی کردن بە کۆمپانیاکانەوە ئاسانترە بەراورد بە دراما بیانییەکانی تر(عەبدوڵا، ٢٠٢١/١١/٢٥).

لە سەرەتادا ئەم کەناڵە بەشی دۆبلاژی خۆی نەبووە و لە لایەن کۆمپانیاکانی دۆبلاژەوە کاری دۆبلاژی دراما بیانییەکان کراوە هەتاوەکو لە ٢٠١٨/٩/١ بەشی دۆبلاژی دامەزراوەی میدیایی نالیا دامەزرا، کە سەرپەرشتی و بەڕێوەبەری ئەم دامەزراوەیە (ڕێبین ساماڵ)ە .

لە دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان درامای (شنەبای سنەوبەر) ژمارەی زنجیرەکانی ٦٨٠ زنجیرە و ماوەی زنجیرەکە ٣٨ خولەک بووە، ئەم درامایە لە جۆری ڕۆمانسییە و بەهەردوو دیالێکتی سۆرانی- بادینی دۆبلاژکراوە، نرخی کڕینی ئەم درامایە (١١٤.٠٠٠.٠٠٠)ملیۆن دینار و تێچووی دۆبلاژی (٢٠٠,٠٠٠٠٠٠)ملیۆن دیناربووە و ئەم درامایە لە لایەن کۆمپانیای خاوێ فیلمەوە کاری دۆبلاژی بۆ کراوە.

درامای دووەم درامای (شەوێکی حوزەیران) بوو کە ژمارەی زنجیرەکانی ١٠٦ زنجیرە بوو، ماوەی هەر زنجیرەیەکی ٥٥ خولەک بووە لە جۆری ڕۆمانسی بەهەردوو دیالێکتی سۆرانی- بادینی، نرخی کڕینی (٢٦,٠٠٠٠٠٠)ملیۆن دینار و تێچووی دۆبلاژی(١٠.٠٠٠.٠٠٠)ملیۆن دینار بووە و کۆمپانایی خاوێ فیلم کاری دۆبلاژی بۆ کردووە(ساماڵ،٢٠٢١/١٠/٢٦).

درامای سێیەم درامای (سوڵتان)بووە کە ژمارەی زنجیرەکانی ٣٤ زنجیرە بووە و ماوەی هەر زنجیرەیەک ٦٠ خولەک بووە لە جۆری مێژوویی- ئایینی بە دیالێکتی سۆرانی، نرخی کڕینی ئەم دراما تورکییە (٢٠٠,٠٠٠٠٠٠)ملیۆن دینار و تێچووی دۆبلاژی (٢٩٠.٠٠٠٠٠٠)ملیۆن دینار بووە، کۆمپانیای خاوێ فیلم کاری دۆبلاژی بۆ کردووە. درامای چوارەم (کۆڵانەکانی پشتەوە) کە ژمارەی زنجیرەکانی ٨٠٧ زنجیرەیە و ماوەی هەر زنجیرەیەک ٤٠ خولەکە لە جۆری ئاکشن بە هەردوو دیالێکتی سۆرانی و بادینی. نرخی کڕینی ئەم درامایە (١٩٧,٢٦٦٠٠٠)ملیۆن دینار و تێچووی دۆبلاژ(٣٠٠,٠٠٠٠٠٠)ملیۆن دینار بووە و کاری دۆبلاژی بۆ کراوە لە لایەن کۆمپانیای پڵەس ملیۆنەوە. درامای پێنجەم (وێستگەی تەکسی) کە ٣٨٤ زنجیرە بووە و ماوەی زنجیرەکانی ٤٠ خولەک بوو لە جۆری کۆمیدی بە هەردوو دیالێکتی سۆرانی- بادینی. نرخی کڕینی (٦٨.٢٦٦.٠٠٠)ملیۆن دینار و تێچووی دۆبلاژکردنەکەی(٦٠,٠٠٠٠٠٠)ملیۆن دینار بووە و لە لایان کۆمپانیای پڵەس ملیۆنەوە دۆبلاژکراوە(ساماڵ،٢٠٢١/١٠/٢٦).

درامای شەشەم درامای (دنیای درۆ) بوو کە ١٨٦ زنجیرە بوو، ماوەی هەر زنجیرەیەک ٤٠ خولەک بووە لە جۆری کۆمیدی بە هەردوو دیالێکتی سۆرانی- بادینی. نرخی کڕینی ئەم درامایە (٣٣.٦٦٠.٠٠٠) ملیۆن دینارە و تێچووی دۆبلاژی (١٥.٠٠٠.٠٠٠) ملیۆن دینار بووە و ئەم درامایە لە لایەن ناوەندی هونەری کورد دۆبلاژکراوە. درامای حەوتەم درامای (باهۆزی ڕەش)بوو کە ٨٨ زنجیرە بوو، ماوەی زنجیرەکە ٤٠ خولەک بوو لە جۆری ئاکشن و بە هەردوو دیالێکتی سۆرانی- کرمانجی. نرخی کڕینی (١٥.٦٤٤.٤٤)ملیۆن دینار و تێچووی دۆبلاژی (١٥.٠٠٠.٠٠٠)ملیۆن دینار بووە و ناوەندی هونەری کورد کاری دۆبلاژی بۆ کردووە. درامای هەشتەم درامای (ئاغای بچووک) کە ١٢٢ زنجیرە بوو، ماوەی زنجیرەکانی ٤٠ خولەک بوو لە جۆری کۆمیدی بە دیالێکتی سۆرانی. نرخی کڕینی (١٠٠.٠٠٠.٠٠٠) ملیۆن دینار و تێچووی دۆبلاژی (٣.٠٠٠.٠٠٠) ملیۆن دیناربوو بەشی دۆبلاژی دامەزراوەی نالیا کاری دۆبلاژی بۆ کردبوو (تێبینی: نەتوانراوە دراوی عێراقی بەرامبەر بە دۆلاری ئەمەریکی بشکێنرێتەوە، چونکە دراوی عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی بەردەوام لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەدایە). لێرەوە جیاوازییەکی زۆر دەبینین لە نێوان تێچووی دۆبلاژی دراما تورکییەکان کاتێک لە لایەن بەشی دۆبلاژی خودی کەناڵەکەوە دەکرێت بەراورد بە کۆمپانیاکانی تری دۆبلاژکردن، (ڕێبین ساماڵ) بەڕێوەبەری بەشی دۆبلاژی دامەزراوەی میدیایی نالیا باسی لەو جیاوازییە گەورەیە کرد و یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستکردنی ئەو بەشە دەگەڕێتەوە بۆ گرانی کاری دۆبلاژ لە لایەن کۆمپانیاکانەوە، هەربۆیە ئەو بەشەیان دامەزراندووە. بەشی دۆبلاژی دامەزراوەی نالیا بە تێچوونی کەمتر و خێراتر دراماکان دۆبلاژ دەکەن( ساماڵ، ٢٠٢١/١٠/٢٦).

## ٥. کەناڵی ئاسمانی کوردماکس KURMAX TV

کەنــاڵێکی کەســییە گرنگــی دەدات بەکاتبەســەربردن و فاشــیۆن و تەندروســتی و بەرنــامەی جۆراوجــۆر، لە ٢٠١٢/١/١ دامەزراوە، لەسەر مانگی دەستکردی نایلسات لەسەر شەپۆلی ( VSD / ١٠٧٥٨/٢٧٥٠٠)، (VHD / ٢٧٥٠٠/ ١١٠٣٢)، بەڕێوە دەبرێت لەلایەن (ئەدیکوگرووپ)ەوە، ئامـانجی کەنـاڵەکە بـریتییە لە کـۆکردنەوەی خێزان و بەرزکردنەوەی توانـای ژنـان لە نـاو کـۆمەڵگەدا، کاتبەسـەربردن و فێرکـردن لە ڕێـی بەرنامەکـانی لە بواری خۆشگوزەرانی و فێرکاریدا. هەروەهـا ڕیکلامکـردن بـۆ کـۆمپانیـا جۆراوجۆرەکـان، بە تـایبەت بەرهەمە جوانکارییەکان و ماکیاج و پێداویستییەکانی ناوماڵ(یاسین، ٢٠٢٠: ١٥١).

ئەم کەناڵە یەکێکە لەو کەنـاڵانەی زۆرتـرین درامـای تـورکی دۆبلاژکـردووەتە سـەر زمـانی کـوردی و گرنگـی زۆریـان پێـدەدات و هۆکـاری ئەم گرنگــی پێـدانەش دەگەڕێـنـەوە بـۆ (نزیکـی سـنوری جـوگرافی و ئاسـانی دروستکردنی پەیوەندی بۆ کڕینی دراماکان و نزیکی کولتـووری کـۆمەڵگەی کـوردی لە کولتـووری کـۆمەڵگەی تورکییەوە، جوانی ڕوخساری ئەکتەر و چیرۆکی سەنجڕاکێشی دراما تورکییەکان)(عەلی، ٢٠٢١/١١/٢٨).

کوردماکس هەر لە سـەرەتای دامەزرانـدنییەوە گرنگـی زۆری داوە بە دۆبلاژکردنـی درامـا بیانییەکـان (هینـدی، عەرەبی، کۆری، ژاپۆنی) بەڵام گرنگی زۆر زیـاتر بە درامـای تـورکی لە مـاوەی ١٠ سـاڵی ڕابـردوودا داوە و درامای (لێم ببورە) هەبووە بۆ ماوەی ٦ ساڵ بەردەوامبووە لە پەخش و٦ وەرز بووە و ١٧٢٧ زنجیرە بـووە و ڕۆژانە لە کوردمـاکس پەخـش دەکـرا و بینەرێکــی زۆری هەبــوو. ئەم کەنــاڵە ســەروو ١٥٠ درامــای بیــانی دۆبلاژکردووە و لە نێو ئەو ژمارەیەدا ٩٠ درامای تورکی بووە. بەشێک لەو درامایانەش ( لـێم ببـورە، ئـافرەت، سـەردەمی لالە، گـوڵی ڕەش، دەریـایی نێـو دڵـم، شـەوکەت، بـوێر و جـوان، بـوکی ئیسـتامبوڵ، ئەشـقی شـێتانە، فەزیلەتخان و کچەکانی، ئەو ژیانە هی منە، دایک، چاڵ، پێداگری عەشق،کچە زەنگین و کـوڕە هەژار، پەیمـان شکێن، هەرگیز وازنـاهێنم، پـارچە پـارچە بـوون، بەجێم مەهێڵە). مـاوەی ئەم زنجیـرە درامایـانە بە گشـتی ٣٥ خـولەکە و دراماکـان لە جـۆری کـۆمەڵایەتی و ڕۆمانسـین و زۆر گرنگـی بەمجـۆرەی درامـا دەدەن و زیـاتر بە دیالێکتی سۆرانی دۆبلاژی دەکەن(عەلی، ٢٠٢١/١١/٢٨).

کەناڵی کوردماکس ئامادە نەبوو وەک کەناڵە ئاسمانییەکانی تر زانیاری بداتە توێژەر لەسەر (ژمارەی زنجیرەکان و نرخـی کـڕین و تێچـووی دۆبلاژکردنیـان)، ئاماژەیـان بەوەشـدا کە خـاوەنی سیاسـەتی تـایبەت بە خۆیـانن بـۆ کـارکردن و ئامـادە نـین ئەو زانیاریـانە ببەخشـن بە تـوێژەر، کە ڕەنـگە ئەو تـوێژینەوەیە هۆکارێـک بێـت بـۆ لاوازکردن و ڕاگرتنی درامای تورکی لە کاتێکدا قازانج و سوودێکی ئابووری باشی بۆ ئەوان هەیە. لە کاتێکدا کوردمـاکس یەکـێکە لەو کەنـاڵانەی زۆرتـرین گرنگیـداوە بە درامـا تورکییەکـان، بەڵام دوای هەوڵێکـی زۆری توێژەر و گەڕان بە دوای وێبسایت و پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا، زانیاری پێویست بەردەست نەبوو.

## ٦. کەناڵی ئاسمانی وار تیڤی Waartv

دەزگایەکی ڕاگەیاندنی کەسی گشتییە، گرنگیدەدات بە پێشخستنی بیروباوەڕی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگەی کوردیدا، گرنگی دەدات بە مێژوو و ئامـانجە نیشـتمانییەکان، کاردەکـات لەسـەر جێگیرکردنـی یەکسـانی و دیموکراسـی و ئـازادی ڕادەربـڕین و پیشــەییانە کـارکردن لە بـواری ڕاگەیاندنـدا، لە ٢٠١٤/٣/٢٠ دامەزراوە و پێکـدێت لە

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی (Waar SD , Waar HD) لەسەر مانگی دەستکردی نایلسات بە شەپۆلی (٢٧٥٠٠/V/ ١١٠٣٣)، تەلەڤزیۆنی (Waar sport SD) ڕادیۆی (Waar FM)، لە گرنگترین ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی (یەکسانی و دادپەروەری لەناو کۆمەڵگەدا) هاوژینی ئاشتیانە لە نێوان نەتەوە و ئایینەکانە. ئازادی ڕادەربڕین و پیشەگەریانە لە کاری ڕاگەیاندندا، جێگیرکردنی باوەڕی دیموکراسی لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانییەکەیانەوە(یاسین، ٢٠٢٠: ١٥٣).

وار تیڤی گرنگی داوە بە پەخشکردنی دراما بیانییەکان، لە دامەزراندنییەوە خاوەنی ٢٠ درامای دۆبلاژکراوی بیانییە لە نێویاندا ١٣ درامای تورکی دۆبلاژکراوە و ئەوانی دیکە (کۆری - فارسی). ئەم کەناڵەش گرنگی بە درامای تورکی دەدات، هۆکارەکەشی دەگەڕیننەوە بۆ ئەوەی (دراما تورکییەکان لە جۆری کۆمەڵایەتین و لەسەر دوو تەوەر کاردەکات کە خێزان وعەشقە، بەمەش بینەر ڕادەکێشن و وادەکەن بینەر خۆی تێدا ببینێتەوە). بۆ هەڵبژاردنی دراماکانیش فلتەریان هەیە و ئەندامانی بۆرد و بەشی دۆبلاژن(عابد، ٢٠٢١/١١/٢٢). سانسۆر هەیە لەسەر دراماکان پێش پەخشکردنیان ئەویش بە گۆڕینی دیالۆگ و لابردنی دیمەنی نەشیاو. هەریەک لەو دراما تورکیانە سپۆنسەریان هەبووە و لە ناوبڕەکانیشدا ڕیکلام هەبووە، بە جۆرێک زۆربەی دراما تورکییەکان لە ڕێگەی سپۆنسەرەوە توانراوە تێچووی دراما تورکییەکان لە کڕین و دۆبلاژ دەربهێننەوە. لە بەناوبانگترین ئەو دراما تورکیانەی پەخشکراوە درامای (مریەم) بووە کە ٩٣ زنجیرە بووە و ماوەی زنجیرەکان ٦٠ خولەک و لە جۆری کۆمەڵایەتی و بە دیالێکتی بادینی بووە، نرخی ئەم درامایەش (٧٤.٤٠٠$)(عابد، ٢٠٢١/١١/٢٢).

درامای (خانمی باخچە) کە ١٠٠ زنجیرە بووە و ماوەی زنجیرەکە ٦٠ خولەک بووە و لە جۆری کۆمەڵایەتی و بە دیالێکتی بادینی دۆبلاژکراوە، نرخی ئەم درامایەش (٨٠٠.٠٠٠$)، خۆی کاری دۆبلاژی بۆ نەکردووە و پشتی بە کۆمپانیاکانی دۆبلاژ بەستووە(عابد، ٢٠٢١/١١/٢٢). توێژەر تەنها ئەم زانیاریانەی دەستکەوتووە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە زۆر و چەندجارەی ئیدارە و ئەوانەی کار لە ئیدارەی ئەم کەناڵەدا دەکەن.

### ٧. کەناڵی ئاسمانی نێت تیڤی NETTV

کەناڵێکی کەسییە گرنگیدەدات بە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئۆکتۆبەری/٢٠١٤ لە کوردستان دامەزراوە، لەسەر مانگی دەستکردی نایلسات بە شەپۆلی (V /٢٧٥٠٠/ ١١١٥٨) پەخشدەکات. ئەم کەناڵە بە تاکە کەناڵی ئابووری لە کوردستان خۆی دەناسێنێت، ئامانجی کەناڵەکە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە ڕێی بەرنامەکانی کاتبەسەربردن و خۆشگوزەرانی و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و فیلمە دۆکۆمێنتارییەکانەوە، هەروەها ڕیکلامکردن بۆ بەرهەمەکان و کۆمپانیا بازرگانییەکان لە بوارە جیاوازەکاندا. کەناڵی ئاسمانی نێت تیڤی کەناڵێکی کاتبەسەربردن و پەروەردەیی سەربەخۆیە و زمانی بەکارهێنراو لەو کەناڵەدا زمانی کوردییە(یاسین، ٢٠٢٠: ١٥٤).

نێت تیڤی یەکێکە لەو کەناڵە ئاسمانییە کوردیانەی کە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە گرنگی زۆری بە فیلمی سینەمایی و دۆبلاژکردنیان بۆسەر زمانی کوردی و دراما بیانییەکان داوە، بە تایبەت درامای تورکی. بەڕێوەبەری کەناڵی نێت تیڤی هۆکاری گرنگیدانیان بە دراما تورکییەکان گەڕاندەوە بۆ خواست و ویستی جەماوەر بۆ دراما تورکییەکان و تەنها لە کوردستاندا نا، بەڵکو لە وڵاتە عەرەبییەکانیش درامای تورکی بایەخێکی زۆری پێدەدرێت، بۆیە کەناڵە کوردییەکانیش لەبەر مارکێتینگ و ئەو کۆمپانیایانەی دەیانەوێت

ڕیکلامی بەرهەمەکانیان لە کەناڵەکەیانەوە بڵاوبکەنەوە خواستیان لەسەر دراما تورکییەکان زیاترە(ئادەم،٢٠٢١/١١/٢٦ ).

لەسەرەتای دامەزراندنی نێت تیڤی-یەوە ١٤٢ درامای بیانی دۆبلاژکردووە و لە نێویاندا ١٨ درامای تورکییە، دراما تورکییەکانیش ماوەی زنجیرەکانیان ٤٥ خولەکە و بە دیالێکتی سۆرانی دۆبلاژکراون و دراماکانیان سپۆنسەریان نییە و تەنها لە دوو ناوبڕدا ڕیکلامە بازرگانییەکان پەخشدەکرێن. دراما تورکییەکانیش (ئەشقی ماڤی) کە ٢٣٤ زنجیرەیە لە جۆری (ڕۆمانسی) و نرخی کڕینی (٢٣٤.٠٠٠$) و تێچووی دۆبلاژ (٢٣.٤٠٠$)بووە، درامای (شاری گوڵەکان) کە ١٧٥ زنجیرەیە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی)یە، نرخی کڕینی (١٧٥.٠٠٠$) تێچووی دۆبلاژ (١٧.٥٠٠$)(ئادەم،٢٠٢١/١١/٢٦ ).

درامای (گوڵ ئەستێرە) کە ٥٥ زنجیرە بووە لە جۆری (کۆمەڵایەتی- ڕۆمانسی) و نرخی کڕینی (٥٥.٠٠٠$) و تێچووی دۆبلاژ (٥.٥٠٠$)بووە. (سۆز) کە ٩٤ زنجیرەیە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی- ڕۆمانسی)ە نرخی کڕینی (٩٤.٠٠٠$) تێچووی دۆبلاژ (٩.٤٠٠$)بووە. (ڕوویا) کە ٣١ زنجیرەیە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی- ڕۆمانسی)یە، نرخی کڕینی (٣١.٠٠٠$)، تێچووی دۆبلاژ (٣.١٠٠$). (سیرەی غەم) کە ٢٩ زنجیرەیە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی)یە، نرخی کڕینی (٢٩.٠٠٠$)، تێچووی دۆبلاژ (٢.٩٠٠$)بووە. (دوودڵ) کە ٦٠ زنجیرەیە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی- ڕۆمانسی)یە نرخی کڕینی (٦٠.٠٠٠$)، تێچووی دۆبلاژ (٦.٠٠٠$)(ئادەم، ٢٠٢١/١١/٢٦).

(ئازاری عەشق) کە ٤٥ زنجیرەیە و لە جۆری ڕۆمانسییە نرخی کڕینی (٤٥.٠٠٠$) تێچووی دۆبلاژ (٤.٥٠٠$). درامای (بەرگە بگرە ئەی دڵ) کە ٤٣زنجیرەیە و لە جۆری (ڕۆمانسی)یە، نرخی کڕینی (٤٣.٠٠٠$)، تێچووی دۆبلاژ (٤.٣٠٠$). درامای (کەسێکم خۆشویست) کە ٨٣ زنجیرەیە و لە جۆری (ڕۆمانسی)یە، نرخی کڕینی (٨٣.٠٠٠$)، تێچووی دۆبلاژ (٨.٣٠٠$) بووە. (لە چاوەڕوانی خۆردا) کە ١٤٢ زنجیرەیە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی)یە، نرخی کڕینی (١٤٢.٠٠٠$) تێچووی دۆبلاژ(١٤.٢٠٠$) بووە. (مەریەم) کە ٩٣ زنجیرەیە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی)یە نرخی کڕینی (٩٣.٠٠٠$) تێچووی دۆبلاژ (٩.٣٠٠$) بووە، (٨ ڕۆژ) کە ١٨زنجیرەیە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی)یە، نرخی کڕینی (١٨.٠٠٠$)، تێچووی دۆبلاژ (١.٨٠٠$) بووە(ئادەم، ٢٠٢١/١١/٢٦ ).

(دەستم بگرە) کە ٢١٩ زنجیرەیە و لە جۆری کۆمەڵایەتییە نرخی کڕینی (٢١٩.٠٠٠$)، تێچووی دۆبلاژ (٢١.٩٠٠$)بووە. (بەڵێن) کە ٨٥ زنجیرەیە و لە جۆری (ڕۆمانسی)یە، نرخی کڕینی (٨٥.٠٠٠$) تێچووی دۆبلاژ (٨.٥٠٠$) بووە. هەروەها درامای (پارێزەر) کە ١٧ زنجیرەیە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی)یە نرخی کڕینی (١٧.٠٠٠$) تێچووی دۆبلاژ (١.٧٠٠$)بووە. درامای (کچی باڵیۆز) کە ١٥زنجیرەیە و لە جۆری (کۆمەڵایەتی)یە، نرخی کڕینی (١٥.٠٠٠$) تێچووی دۆبلاژ (١.٥٠٠$). هەژدەیەمین درامای تورکی (بەستەڵەک)ە کە ٣٤ زنجیرەیە و لە جۆری کۆمەڵایەتییە نرخی کڕینی (٣٤.٠٠٠$) تێچووی دۆبلاژ (٣.٤٠٠$). تەواوی دراما و فیلمەکان لە بەشی دۆبلاژی کەناڵەکەدا دۆبلاژدەکرێن و فلتەر بۆ هەڵبژاردنی دراما بیانییەکان لە نێو ئەم کەناڵەدا هەر بەشی دۆبلاژە و سانسۆریان هەیە بۆسەر دراماکان و لابردنی ئەو دیمەنانەی کە نەگونجاوە لەگەڵ کولتوور و دابونەریت و ئەمنی قەومی کۆمەڵگەی کوردیدا(ئادەم، ٢٠٢١/١١/٢٦).

## ٨. کوردماکس شۆ Kurdmax show

دامەزراندی ئەم کەناڵە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٧، هۆکاری کردنەوەی ئەم کەناڵە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی کەناڵی کوردماکس، هەر بۆیە بڕیاردرا بە کردنەوەی ئەم کەناڵە و دوابەدوای ئەمیش کوردماکس میوزیک دامەزرا، کە وەک تۆڕێکی میدیایی گەورە کارەکانی بکات. ئامانجی سەرەکی کوردماکس شۆ بەرهەمهێنانی بەرنامەی کاتبەسەربردنە، چونکە زۆرینەی ئەو کەناڵانەی کە هەبوون گرنگیان بە هەواڵ و دراما دەدا و کەناڵی تایبەتمەند بە بەرهەمهێنانی بەرنامە نەبوو. هەربۆیە ئەم کەناڵە دامەزرا و بڕگە و بابەتەکانی بریتی بوون لە فیلمە سینەماییە بیانییەکان بە دۆبلاژی کوردی و ڤیدیۆ کلیپ تەنها بە زمانی کوردی و پەخشکردنی دراما بیانییەکان، بە تایبەت دراما تورکییەکان بە زمانی کوردی، سێ بەشی پەخشی ئەم کەناڵە پەخشکردنی بەرنامە کاتبەسەربردنەکانە(ئیسماعیل، ٢٠٢١/١١/٢٨).

لە سەرەتای دامەزیاندنییەوە خاوەنی ١٨ بەرنامە بووە، ئەوانیش (چەرخی بەخت، شۆمەگەزین، چێژبڕکێ، ڕەنگ و ئاهەنگ، ماڵی ئێمە، گەڕیان، پێیکەنە، میوانی من، بەیەکەوە، مایکی تۆ، خۆم و خۆی، ڕۆژێک لەگەڵ شیلان، تەندروستیت، بیوتی شۆ، بەختی تۆ، دووری و دۆستی، میوزیک شۆ، ئێمە دەتوانین) . تا ئێستا زیاتر لە ٥٠٠ فیلمی سینەمایی هۆلیوود و بۆلیوود دۆبلاژکراون و بە زمانی کوردی و هەردوو دیالێکتی سۆرانی و کرمانجی پەخشکراون(ئیسماعیل، ٢٠٢١/١١/٢٨).

لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ٤٠ درامای بیانیان پەخشکردووە کە (تورکی، ئەمەریکی، کۆری، عەرەبی، هیندی)بووە و ٣٠ درامایان تورکی بوون. هۆکاری گرنگیدانی زۆریان بە دراما تورکییەکان گەڕاندەوە بۆ (داوای بینەران و لە ڕێگەی پێگەی ڕەسمی خۆیانەوە ڕای بینەران وەردەگرن و زۆرترین داواکاری لەسەر دراما تورکییەکانە و بە تایبەت جۆری درامای کۆمەڵایەتی و ڕۆمانسی، هەروەها هۆکارێکی تر لە گرنگیدان بە درامای تورکی دوای گەڕان و لێکۆڵینەوەی کەناڵەکە بۆیان دەرکەوتووە نزیکی کولتووری و کۆمەڵایەتی و دین لای ئێمە و ئەوان و بەرهەمهێنانی درامای زۆر کوالیتی بەرز، کە سەرنجی بینەران بە لای خۆیاندا ڕادەکێشێت)(ئیسماعیل، ٢٠٢١/١١/٢٨).

لەو دراما تورکیانەش (ئەشقی بەکرێگیراو) کە لە جۆری ڕۆمانسییە و کۆی زنجیرەکانی ٢٦٠ زنجیرەیە و ماوەی زنجیرەکە ٤٥ خولەکە. هەروەها درامای (دەریای نێو دڵم) کە ٢٠٠ زنجیرەیە. (شەوکەت) کە زنجیرەیەکە لە جۆری ڕۆمانسی و کۆمیدی و کۆمەڵایەتی و ماوەی زنجیرەکانی ١٥٨ زنجیرەیە. (بوێر و جوان) کە درامایەکی تورکییە لە جۆری ڕۆمانسی و ژمارەی زنجیرەکانی ٨٠ زنجیرە بووە. هەروەها درامای (گوڵپەری) درامایەکی کۆمەڵایەتییە و ژمارەی ئەڵقەکانی ٣٠ زنجیرە بووە. درامای (ئەم شارە بە دواتەوە دێ) درامایەکی کۆمەڵایەتییە و ژمارەی زنجیرەکانی ٩٨ بووە. (ئەشقی شێتانە) زنجیرەیەکی تری تورکییە و لە جۆری ڕۆمانسی و ژمارەی زنجیرەکانی ١٥٠ زنجیرە بووە. هەروەها درامای تورکی (عەشق و خەیاڵ) کە لە جۆری خۆشەویستی و کۆمیدییە و کۆی گشتی زنجیرەکانی ٨٠ زنجیرەیە(ئیسماعیل، ٢٠٢١/١١/٢٨).

درامای (ئەستێرەی بەرەبەیان) درامایەکی تورکییە لە جۆری (کۆمەڵایەتی)و باس لە کلتووری ئاغایەتی و دەوڵەمەندی بنەماڵەیەکی ڕەسەن دەکات، کۆی گشتی زنجیرەکان ٧٠ زنجیرە بووە. درامای (باسی خۆشەویستیم بۆ بکە) ئەم درامایە لە جۆری (ڕۆمانسی)یە و ٨٠ زنجیرە بووە. درامای (چاڵ) ئەم درامایە لە جۆری

(کۆمەڵایەتی)یە و چواربەشە، بەڵام کوردماکس شۆ تەنها دوو بەشی پەخشکردووە و کۆی ژمارەی زنجیرەکان ٧٠ زنجیرە بووە. درامای (دایک) درامایەکە باس لە دایکایەتی دەکات و لە جۆری (کۆمەڵایەتی)یە و ٥٨ زنجیرە بووە. درامای (ئەو ژیانە هی منە) کە درامایەکی (کۆمەڵایەتی-ڕۆمانسی)یە و ٧٥ زنجیرە بووە. (پێداگری عەشق) درامایەکی لە جۆری (ڕۆمانسی)یە و ٩٠ زنجیرە بووە.
توێژەر دوای هەوڵێکی زۆر تەنها ئەم زانیاریانەی دەستکەوت و ئامادەنەبوون نرخی کڕین و دۆبلاژی ئەو درامایانە ئاشکرا بکەن، چونکە بە بڕوای ئەوان ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی دراما تورکییەکان ڕەنگە لە داهاتوودا زیانی بۆ بزنس و لایەنی ئابووری کەناڵەکەیان هەبێت(ئیسماعیل، ٢٠٢١/١١/٢٨).

## ٩. ئاڤا میدیا AVA Entertainment

کەناڵێکی ئاسمانییە کە لە ٢٠١٩/٣/٢١ دەستی بە پەخشی خۆی کردووە بە ئامانجی بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک بابەتی فەرهەنگی و هونەری شیاو بە مەبەستی کاتبەسەربردن و چێژبەخشین بە بینەرەکانی، لە هەمان کاتدا گەیاندنی زانیاری و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکی کورد لە ڕێگەی بەرنامەکانەوە. پەخشی ئاڤا میدیا لەسەر شەپۆلی (٧ / ٢٧٥٠٠/ ١١٣٥٣)ە، لە ئێستادا ئەم کەناڵە حەوت بەرنامەی سەرەکی هەیە کە پەخشی دەکات و ٣ درامای بیانی لە پەخشدایە (تورکی- هیندی- ئەمەریکی)(وەتمانی، ٢٠٢١/١١/٢٠).
ئاڤا میدیا ئەو کەناڵە ئاسمانییەیە کە بایەخ و گرنگیداوە بە درامای بیانی بە تایبەت درامای تورکی، هۆکاری ئەو گرنگی پێدانەشیان گەڕاندەوە بۆ بەرزی کوالیتی و جوانی ناوەرۆکی ئەو درامایانە لە پاڵ توانای بەرزی نواندنی ئەکتەرەکانیان. لە ماوەی دامەزراندنیان ١٠ درامای بیانیان دۆبلاژکردووە و لە نێویاندا ٥ درامای تورکی هەبوون، ئەوانیش درامای تورکی (حەسار) (ئاڤلۆ) کە پێکهاتبوو لە ١٣٣زنجیرە و ماوەی هەر زنجیرەیەک ٤٥خولەک بووە لە جۆری (تراژیدی) بە هەردوو دیالێکتی سۆرانی- بادینی، نرخی کڕینی حەسار(١٣٣.٠٠٠$) و تێچووی دۆبلاژ(٢٩.٩٢٥$) بووە(ئاغا، ٢٠٢١/١١/٢٦).
درامای دووەم (چینی باڵا) کە ٦٢ زنجیرەی ٤٥ خولەکی بووە لە جۆری (ڕۆمانسی) بە دیالێکتی بادینی، نرخی کڕینی(٦٢.٠٠٠$) و تێچووی دۆبلاژی (١٣.٩٥٠$)بووە. درامای سێیەم (کچم) کە ٤٢ زنجیرەی ٩٩ خولەکی بووە لە جۆری (کۆمەڵایەتی- تراژیدی) بە دیالێکتی سۆرانی، نرخی کڕینی (٨٤.٠٠٠$) و تێچووی دۆبلاژی (٢٠.٧٩٠$) بووە. درامای چوارەم (قەلەڕەش) کە ٣٠ زنجیرە ی ٩٩ خولەکییە لە جۆری (ئاکشن-کۆمەڵایەتی)یە و بە دیالێکتی سۆرانی، نرخی کڕینی (٦٠.٠٠٠$) و تێچووی دۆبلاژی (١٤.٨٥٠$) بووە. درامای پێنجەم (پێکدادان) کە ٣٣ زنجیرەی ٩٩ خولەکە لە جۆری (ئاکشن-کۆمەڵایەتی)یە بە دیالێکتی سۆرانی، کە نرخی کڕینی (٦٦.٠٠٠$) و تێچووی دۆبلاژەکەی (٧.٤٢٥$). تەواوی ئەو درامایانەی کە پەخشکراوە لە لایەن کۆمپانیای ئۆری میدیاوە کاری دۆبلاژی بۆ کراوە(ئاغا، ٢٠٢١/١١/٢٦).
ئەم کەناڵەش فلتەری خۆی هەیە بۆ هەڵبژاردنی دراماکان، کە ئەویش بەڕێوەبەری کەناڵ و بەرپرسی بەرنامەکان تەماشای تەواوی دراماکان دەکرێت، دواتر بڕیار دەدرێت لەسەر کڕینی دراماکە و سانسۆر لەسەرتەواوی دیمەنەکان دادەنرێت و ئەو دیمەنانەی نەگونجاون لادەبرێن و ئەو دیالۆگانەی نەشیاون دەگۆڕدرێن، (ئاغا، ٢٠٢١/١١/٢٦).

## ١٠. ئێن ئاڕتی چوار NRT٤

کەناڵێکی ئاینی کۆمەڵایەتییە و لە ٢٠١٩/٥/١ دامەزراوە لەسەر شەپۆلی (٧ / ٢٧٥٠٠ /١١٦٣٦)، سەرەتا ٥ ڕۆژ ڕیکلام و سپۆتی بەرنامەکان پەخشکراوە تا لە ٢٠١٩/٥/٥ یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بووە پەخشی ڕەسمی کەناڵەکە، ئەم کەناڵەش سەر بە دامەزراوەی نالیایە، لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم کەناڵە خزمەتکردنە بە هەموو مسوڵمانان و تەواوی ماماۆستایانی گەورەی ئاییینی لە ڕەوتە جیاوازەکان، هەروەها خزمەتکردن بە دابونەریتەکانی نێوکۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی بەرنامەی کۆمەڵایەتی سوودبەخشەوە. هەروەها هەر هەفتەیەک بۆ مامۆستایەکی ئایyنی تەرخانکراوە لە ڕێگەی بەرنامەیەکی تایبەتەوە و دواتر زانیاریyەکان لەسەر مامۆستا ئایyنییە گەورەکان دەکرێتە کتێب و چاپدەکرێت و هەتاوەکو ئێستا ٥ کتێب چاپکراون(عوسمان، ٢٠٢١/١٠/٢٥).

لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ئەم کەناڵە گرنگی بە دراما و فیلمی ئاییینی داوە، بەجۆرێک ئەو درامایانە هەڵدەبژێرن کە خێزان بتوانێ تەماشایان بکات و تا ئێستا ٦ درامای بیانی دۆبلاژکردووە و زۆر گرنگی دەدات بە درامای فارسی و تورکی، لە نێو ئەو دراما بیانیانەدا ١ درامای تورکییە، ئەویش درامای (یونس ئیمرە) کە ٩٥ زنجیرە و ماوەی زنجیرەکە ٣٠ خولەک بووە لە جۆری (مێژوویی- ئایینی)یە، بە دیالێکتی سۆرانی دۆبلاژکراوە. ئەم درامایە بەشی دۆبلاژی دامەزراوەی نالیا دۆبلاژیکردووە و نرخی کڕینی (٢٨.٠٠٠.٠٠٠)ملیۆن دینارە و تێچووی دۆبلاژ (١٨.٠٠٠.٠٠٠) ملیۆن دیناربووە(تێبینی: نەتوانراوە دراوی عێراقی بەرامبەر بە دۆلاری ئەمەریکی بشکێنرێتەوە، چونکە دراوی عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی بەردەوام لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەدایە). ئەم درامایە سپۆنسەری هەبووە و سانسۆر و فلتەری ئەم کەناڵەش بۆ دراما بیانییەکان لە لایەن بەڕێوەبەری کەناڵ و بەڕێوەبەری بەشی دۆبلاژەوەیە و ئەو دیمەنانەی نەگونجاون لادەبرێن و ئەو دیالۆگانەی نەشیاون دەگۆڕدرێن (ساماڵ، ٢٠٢١/١٠/٢٦).

- لێرەوە توێژەر باس لە بڕی تێچووی درامای کوردی خۆماڵی و دۆبلاژکردنی دراما تورکییەکان دەکات و بەراوردیان دەکات، بەڕێوەبەری کەناڵی کوردماکس باسی لەو دوو درامایە کرد کە بەرهەمیان هێناوە لە (٢٠٢٠-٢٠٢١ ) دا، ئەوانیش درامای ( گورگەکان و دواشەو) بووە . (دواشەو) کە درامایەکی کوردی بوو لە جۆری (کۆمەڵایەتی-ڕۆمانسی)و پێکهاتبوو لە ٢٤ زنجیرە، کە ماوەی هەر یەک لە زنجیرەکان ٤٥خولەک بوون لە ساڵی ٢٠٢٠دا پەخشکراوە، نرخی بەرهەمهێنانی ئەم درامایە (٥٠٠.٠٠٠$) بووە. درامای (گورگەکان) کە درامایەکی (کۆمەڵایەتی– ئاکشن) بوو و پێکهاتبوو لە ٢٢ زنجیرەی ٤٥خولەکی لە ساڵی ٢٠٢١ دا پەخشکراوە(عەلی، ٢٠٢١/١١/٢٨).

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە نرخی بەرهەمهێنانی درامای کوردی چەندە زیاترە لە کڕین و دۆبلاژکردنی درامایەکی تورکی، لە کاتێکدا دراما کوردییەکان مانگێک کەمتر، یان زیاتر دەتوانن لە پەخش بەردەوام بن و ماوەی پەخشیان زۆر کەمترە بەراورد بە دراما تورکییەکان. بەڕێوەبەری کەناڵی کوردماکس ئاماژەی بە نرخی درامای (دواشەو)دا کە (٥٠٠.٠٠٠$) بووە، لە کاتێکدا تەنها ٢٤ شەو پەخشکراوە لە کەناڵەکەیاندا، بەڵام بەڕێوەبەری کەناڵی نێت تیڤی ئاماژەی بەوەدا دەتوانێت بە نرخی ئەو دراما کوردییەی کەناڵی کوردماکس، دوو ساڵ و یەک مانگ شەوانە پڕبکاتەوە، چۆن؟ نێت تیڤی هەفتانە پێنج ڕۆژ (یەک شەممە بۆ پێنج شەممە) درامای

تورکی پەخشدەکات، کە تێچووی کڕین و دۆبلاژکردنی (١٠٠٠ $) بۆ هەر٤٥خولەکێک واتە هەفتەی ٥ درامای تورکی کە پەخشدەکات دەکاتە (٥.٠٠٠ $) و مانگی (٢٠.٠٠٠ $) کەواتە بۆ ساڵێک(٢٤٠,٠٠٠ $)ە، دوو ساڵ پەخشی درامایەکی تورکی دەکاتە (٤٨٠.٠٠٠ $)، دوو ساڵ و یەک مانگ دەکاتە (٥٠٠.٠٠٠ $). کەواتە نرخی درامایەکی کوردی کە تەنها ٢٤ زنجیرەیە درامایەکی تورکی پێدەکڕێت و بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو زنجیرەیەکی ٤٥ خولەکە پەخشدەکات، هەربۆیە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پەنادەبەنە بەر دۆبلاژکردنی دراما تورکییەکان، نەک کوردی خۆماڵی(عەلی، ٢٠٢١/١١/٢٨).

یەکێک لە هۆکارەکانی دۆبلاژکردنی دراما بیانییەکان، بە تایبەت درامای تورکی بۆ ئەو جیاوازییە گەورەیە دەگەڕێتەوە کە لە نرخدا هەیانە لە کاتێکدا بە پێی داتا و ڕاپرسی (IPSOS) کە کۆمپانیایەکی جیهانییە ساڵانە داتا و زانیاری کۆدەکاتەوە لەسەر کەناڵە کوردییەکان، لە ساڵانی ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢١ کەناڵی کوردماکس زۆرترین بینەری هەبووە لە کاتژمێر ٧ ئێوارەدا، کە لەو کاتژمێرەدا درامای تورکی پەخشکراوە، بۆیە ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەو درامایانە بینەرێکی باشیان هەیە، بەڕێوەبەری کەناڵی نێت تیڤی ئاماژەی بەوەدا کە لەبەر هۆکاری مارکێتینگ و بڵاوکردنەوەی ڕیکلام و خواستی بینەران پێویستە کەناڵەکەیان درامای تورکی دۆبلاژ بکات(ئادەم،٢٠٢١/١١/٢٦).

## ٢- ٥- بەها و بەهای کۆمەڵایەتی لەنێو دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکاندا

**أ- چەمک و پێناسەی بەها:** وشەی بەها (قیمة) ئاماژەیە بۆ وشەی (value) لە زمانی ئینگلیزیدا و (valuer) لە زمانی فەڕەنسیدا و (Axios) لە زمانی گریکیدا (یۆنانی) و هاوسەنگی و ڕێکی و گەیشتن بە ئامانج دەگەیەنێت. ئەویش لە بنەڕەتدا داتاشراوە لە وشەی (قام) بە واتای ڕاوەستان و ڕێکبوونەوە، دابەستن وگەیشتن و ڕاستبوونەوە(بوعطیط، ٢٠١٢: ٦٤).

**ب/ زاراوەی بەها:** زاراوەی (بەها) یەکێکە لە زاراوەکان کە زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان لە بوارە جیاوازەکاندا گرنگیان پێداوە، هەروەها بە شێوازی جۆراوجۆر بەکارهێنراوە لەناو یەک تایبەتمەندیدا، لەبەرئەوە تێگەیشتنە جیاوازەکان بۆ بەها دەخەینەڕوو لە لایەن کۆمەڵێک لە لێکۆڵەران:

بەها بریتییە لە "بڕیاردانی مرۆڤ بەسەر شتێکدا، کە هەڵقوڵاوە لە کۆمەڵێک بنەما و بیروباوەڕ و پێوەر، مرۆڤ پەسەندی کردووە بۆ خودی خۆی و بە پێی ڕێنماییە یاساییەکان دیاریکراوە بۆ پەسەندکردن، یا پەسەندکردنی ڕەفتارەکان"(زاید، ٢٠٠٧: ٢٣٧).

بەها کۆمەڵێک فەرمانی پێوەرییە کە پەیوەندی هەیە بە ناوەرۆکی ژیانی ڕاستەقینەوە کە مرۆڤ بڵاویدەکاتەوە لە ڕێی کاریگەربوونی بە هەڵوێست و شارەزاییە جیاوازەکانەوە، مەرجە کە ڕەزامەندی کۆمەڵگەی لەسەر بێت بۆ ئەوەی بچەسپێت لە بوارەکانی ژیانی تاکی ڕەوشتی و زارەکیدا(أبومغلي، ٢٠٠٢: ١٦٥).

بەها ڕوانینێکی ڕونکراوەیە بۆ ئاڕاستەکردنی ئاکارەکان لە وێزگەی هەڵچووندا، کە یاساکانی وەرگرتن (قبول)، یان بەرپەرچدانەوە (رفض) دیاریدەکات، کە سەرچاوە دەگرێت لە کارکردن لە بواری کۆمەڵایەتیدا و کەسایەتی تیادا یەکدەگرێت و یەکەیەکی هاوبەشە بۆ پێکهێنانی بوونیادی کۆمەڵایەتی(المعماري و الظاهر، ٢٠١٤: ٣٣).

- بەها پێوەرێکە بۆ ئەو یاسایانە کە تاک و کۆمەڵ بەکاریدەهێنێت لە نێوان جێگرەوە جیاوازەکاندا لە هەڵوێستێکدا کە پێویستی بە بڕیاردان، یان ئاکارێکی دیاریکراوە(همشري، ٢٠٠٣: ٣٠٩).

**بەها (value)(valuer):** ئەو بیرە گشتیانەیە کە خەڵک هاوبەشن تیایدا دەربارەی ئەو شتانەی کە باشن یان خراپن یان ئەوانەی کە ڕاستن یان هەڵەن، یان ئەوانەی کە خوازراون یان نەخوازراون (الفار، ٢٠١٤: ٢٦٢).

هەروەها بەها بە هەموو ئەو شتانە دەوترێت کە شایانی بایەخپێدانن و گرنگن لە ڕووی مادی و مەعنەوی، یان کۆمەڵایەتی، یان ئاکاری، یان ئایینی و جوانییەوە(بۆکانی، ٢٠١٦: ٢٠٨).

بەها پابەندبوونە بە شتێکەوە کە بناسرێت و کاری پێبکرێت و پەیوەستبێت پێیەوە و پێداگری بکرێت لەسەری، یاخود ئەگەر پێویست بکات بەرگری لێبکرێت، بەها وەک چەمکی کۆمەڵایەتی بەواتای ئەو مانا و هەڵوێستە دێ کە خودی تاکێک هەڵیدەبژێرێت، بەمەبەستی گونجاندن لەگەڵ خودی خۆی و ئەوانەی بەشداری لەگەڵ دەکەن، کە لە هەمان کۆمەڵگەدا پێکەوە دەژین(خضر، ٢٠٠٦: ٣٥٢).

**ج- بەهاکان بە کردەییانە:** دەتوانرێت بەهاکان پێناسە بکرێن بەوەی کە بریتین لەو بیروباوەڕ و بناغە و ئاڕاستە و باوەڕانەی کە تاکەکان وەریدەگرن لە ڕێگەی کارکردنیانەوە لەگەڵ یەکتردا، هەروەها لەگەڵ چواردەوریان لە ڕێگەی ئامرازی جیاواز و بە ڕێگەی ڕاستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ، بە پێی پێوەرە کۆمەڵایەتییە گشتی و یەکانگیرەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، دادەنرێت بە یەکەیەکی سەرەکی لە پێکهاتەکانی دروستبوونی کۆمەڵگە بە هەموو بوونیادەکانەوە(الجبور،٢٠١٠: ١٠).

## ٢-٥-١- گرنگی بەها لە بوارە جیاجیاکاندا

چەمکی بەها یەکێکە لەو چەمکانەی کە توێژەران دیاریانکردووە بۆ زۆربەی بوارە جیاوازەکان وەک فەلسەفە، پەروەردە، ئابووری، دەروونناسی، کۆمەڵناسی و پسپۆڕی زانستەکانی تر، لەم نێوەندەدا جۆرێک لە تێکەڵبوون و شاراوەیی تێڕوانین و بەکارهێنان بۆ ڕونکردنەوەی چەمکی بەها لە پسپۆڕییەکەوە بۆ پسپۆڕییەکی تر دروستدەبێت، ئەم چەمکانە بەشێوەی جیاواز لەنێو تەنها پسپۆڕییەکیشدا بەکارهاتوون، یەکەمجار (وشەی بەها) بە واتا فەلسەفییەکەی لەلایەن ئەڵمانیاکانەوە بڵاویانکردووەتەوە، بەتایبەتی زانا لوتز(رشوان، ٢٠٠٢: ٨١).

بەها ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ژیانی تاک و کۆمەڵدا، ئەمەش بۆ تێگەشتنی تاک دەگەڕێتەوە کاتێک بەرژەوەندییەکان دەردەکەون لە هەندێک پیشەدا، وەک کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکان و پسپۆڕییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، یاخود گرنگە لە فێرکردنی خەڵکیدا بۆ بەهای بەرژەوەندی، کە کارێکی ئاڕاستەکراو و کۆنترۆڵکراوی ڕەفتاری مرۆییە، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ لە بەدەستهێنانی هاویەکسانی کۆمەڵایەتی و دەروونیدا دەگێڕێت. لە پرۆسە کردارییەکانی چارەسەری دەروونیدا، هاوبەشی ئەندامانی کۆمەڵگەکەی دەکا بۆ یەکگرتن، چونکە کاردەکات بۆ دانانی خاڵی بەیەکگەیشتنی ئاڕاستە کردارییەکانی مرۆڤ(ختاتنة، ٢٠١٠: ٢١١).

## ٢-٥-٢- سەرچاوەکانی بەها

بریتییە لە هەموو ئەو دامەزراوانەی نێو کۆمەڵگە کە دەبنە بنەمایەک بۆ دروستکردنی بەهاکان کە چەندین سەرچاوە هەن تاک لەڕێگایانەوە بەهاکان هەڵدەبژێرێت، وەک:

**١. خێزان:** خێزان بە یەکەم ژینگە دادەنرێت کە تاک لە ئامێز دەگرێت، سروشتی ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەن، وایلێدەکات ببێتە کاریگەرترین دەزگای کۆمەڵایەتی لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا (التنشئە الاجتماعیە)(معوض، ١٩٩٩: ٢٤٢)، لە خێزاندا تاک فێری بنەماکانی پەروەردە و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ڕێنماییەکانی پارێزگاری کردن لە مافەکان، ئەنجامدانی ئەرکەکان و بەرپرسیاریتی دەبێت(رشوان، ٢٠٠٢: ١٧٧).

**٢. خوێندنگە:** دەزگایەکی کۆمەڵایەتی پەروەردەییە، کە پێگە و جێگەی بەیەخی لێکۆڵینەوەیە، لەبەر قورسی ئەو ئەرکەی کە لەلایەن کۆمەڵگەوە پێیسپێردراوە، لەگەڵ گەورەیی ئەو کارانەی کە لە خوێندنگە چاوەڕێ دەکرێت، لەوکاتەی کە فێرخواز یەکەم هەنگاو دەنێتە ناو خوێندنگە و تا ئەو دەمەی لە چوارچێوەی تەمەنی گەورە بوونیدا لێیدەردەچێت، خوێندنگە ڕۆڵی گرنگی لە دەوڵەمەندکردنی ئەو بەهایانەی کە تاک لە نێو خێزانەوە وەریدەگرێت هەیە و چەندین بەهای تر کەڵەکە دەکات، ئەم ئەرکەی خوێندنگەش بە تەواوکەری ڕۆڵی خێزان دادەنرەت، کە پاڵپشتی زۆرێک لەو باوەڕ و ئاراستە و بەها باشانەی کە تاکێک لە ڕێگەی خێزانەوە وەریگرتووە، دەکات، بۆ نموونە کاتێک کە دێت بۆ خوێندنگە توانای قسەکردنی هەیە، بەزمانی دایک و بەپێی کۆمەڵێک بەهای کۆمەڵایەتی و ئایینی دیاریکراو هەڵسوکەوت دەکات، لەگەڵ ئەوەی خوێندنگە پێیدەبەخشێت لە زۆر ڕووەوە کەموکورتیان هەیە(عامر، ٢٠٠٢: ٨٥).

**٣. مزگەوت:** ئایین بە سەرچاوەی نموونەی کۆمەڵگە دادەنرێت، سەرچاوەی هەڵسوکەوتی ڕەفتارەکانیەتی، بۆیە بەیەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی بەها هەژمار دەکرێت، چونکە بەها ئایینییەکان، بە گشتی بناغەن و خەڵک پشتیان پێدەبەستێت بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتەکانی پەسەندبوون، یان بە ڕەتکردنەوە، لەم ڕووەوە (ئیمێل دۆرکیم) پێیوایە ئایین سەرچاوەی هەموو ئەو ڕۆشنبیرییە باڵایانەیە کە دەیزانێت، سەرچاوەی هەموو شێوە ڕۆشنبیرییە نموونەییەکانە، ئایینەکان بەگشتی بریتین لە کۆمەڵێک بەها کە ڕەفتاری تاک دیاریدەکەن، بە چەند ڕێگەپێدان و ڕێگرتن ئاڕاستەی دەکەن، لە ڕێی سزاکانەوە کە دەکەونە سەر ڕەفتار کردن، مزگەوتیش یەکێکە لەو دەزگا کۆمەڵایەتیانەی کە ئەرکی گەیاندنی ئەم بەها کۆمەڵایەتیانەی بۆ تاک لە ئەستۆ گرتووە(محاید، ٢٠٠٣: ٢٤٦).

**٤. کۆمەڵی هاوڕێیان:** کۆمەڵی هاوڕێیان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و هەستیار دەبینێت لە کارکردنە سەر تاکەکانی کۆمەڵگە، چونکە لە قۆناغەکانی گەشەی منداڵاندا قۆناغێکی یەکلاکەرەوەیە و تیایدا منداڵان لەدەرەوەی خێزان بەدوای خودی خۆیاندا دەگەڕێن و بەدوای تێرکردنی پێویستییەکانی ئەو پاڵنەرە کۆمەڵایەتیانە دەکەون، کە لەلایەن ژینگەی خێزانەوە ڕێگریان لێدەکرێت، بەمەش کۆمەڵی هاوڕێیان دەبێتە جێگرەوەیەکی گونجاوی لە ئامێزگرتن و دابینکردنی ویستەکانی منداڵان، کۆمەڵی هاوڕێیان بەشێوەیەکی سەرەکی بەشداری دەکەن لە دابینکردنی کەسێتی منداڵان، بەهاو ئاڕاستەکانی، لە ڕێی کارتێکردنی هەڵسوکەوتی هاوڕێیانەوە، بە شێوەیەکی هەستی و نەستی

پەیڕەوی چەندین جۆری هەڵسوکەوت دەکات، تەنانەت خۆی وا دەبینێتەوە کە لەخۆوە بەپێی نموونەیەکی ڕەفتاری دیاریکراو مامەڵە دەکات، ئەم پرۆسەی بە نموونەکردن و سەرنجدانە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە فێربوونی بەها و ئاراستە و بیروڕا، بەو پێیەی کە کۆمەڵێک لە هاوڕێیان دەسەڵاتێکی سەپێنەریان بەسەر یەکتریدا نییە، بەمەش کاریگەری بەشێوەیەکی هەرەمەکی و لە خۆوە دەبێت(مصطفى، ٢٠١٦: ٦٧).

**٥. ڕۆشنبیری سەرچاوەی بەهایە:** بەها یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیری، توێژەر (ئێدوار برینت تایلر) لە پەرتوکی (شارستانێتی سەرەتایی) (الحضارة البدائية)دا بەمجۆرە پێناسەی کردووە "بەها بریتییە لەو پێکهاتەیەی، کە باوەڕ و هونەر و ڕەوشت و یاسا و دابونەریت و توانا نەریتییەکانی تر لەخۆدەگرێت، لێرەوە مرۆڤ وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە بەدەستیدەهێنێت(زهران، ٢٠٠٠، ٧٥).

**٦. بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرچاوەی بەهایە:** یەکێک لەسەرچاوە گرنگەکانی تری بەها ئەو بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتیانەن کە لەگەڵ ئەو قۆناغە شارستانیانەدا دێن کە کۆمەڵگە پیایدا تێپەڕیوە و لە سەردەمەکانی پێشووەوە بۆی ماوەتەوە، لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابووریە نوێیەکان کە لە سایەی سەردەمی ڕێنیسانس هاتوونەتە ئاراوە. بەمەش ڕۆڵی کارای خۆیان بینیوە لە سەرهەڵدانی بەهای نوێدا وەک بەرپرسیارێتی و خۆشویستنی کاری دەستی و بەهەند وەرگرتنی ئەرکی چینی کرێکار و متمانە بەخۆبوون و ئارامگرتن و گەشبینی و ڕەخنە لەخۆگرتن لەگەڵ هێنانە کایەی ڕەگ و ڕیشەکانی دیموکراسی، لەگەڵ سەردەمی ڕێنیسانس هاتوون و ئەو ئازادیانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە پەسەندیان کردووە، پاش ئەوەی بووەتە ڕێبەر و ئاراستەکەری ڕەفتاری ڕۆژانەیان، ئەو بەهایانە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی و کەمکردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان و دژایەتیکردنی چەوساندنەوە و قۆرخکردن و خۆسەپاندن و کەم کردنەوەی جیاوازییە شارستانییەکان لە نێوان لادێ و شاردا دروستکردووە(الرشدان، ٢٠٠٢: ٧٥).

**٧. ئامرازی ڕاگەیاندن:** ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، سینەما، ئینتەرنێت، ڕۆژنامە، گۆڤار، پەرتوک و پڕوپاگەندە کاریگەری گەورەیان هەیە، لەو بابەتانەی کە بڵاویدەکەنەوە و ئەو زانیاری و ڕاستی هەواڵ و ڕووداو و بیروڕایانەی کە پێشکەشی دەکەن، تا خەڵکی لە هەندێک بابەتی دیاریکراوی هەڵسوکەوتەکانیان ئاگادار بن، گەشەی هزری و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی منداڵان و هەرزەکاران بە ئاستێکی زۆر لە ڕێی ئەو بابەتانەوە کاریان تێدەکرێت، لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە پێشکەش دەکرێن(درويش،١٩٩٩، ٥٩)، لە ئێستاشدا تەلەڤزیۆن ڕۆڵێکی گرنگ و هەستیار و بنەڕەتی لە چاو ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن هەیە، شان بەشانی تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت و مۆبایل ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە، وایلێهاتووە کێبڕکێ لەگەڵ خێزانەکان لە پرۆسەی پێگەیاندنی منداڵان و بەخشینی چەندین جۆری هەڵسوکەوتی دیاریکراو دەکات، لەبەر ئەوەی ئەم ئامرازە بێسنورە هەموو ماڵەکانی داگیرکردووە، بەو بەرنامە خۆش و سەرنجڕاکێشانەی کە پێشکەشی دەکات بەتایبەتی لای توێژی منداڵان و گەنجان، کاریگەری گەورە لەسەریان دروستدەکات(زعيمی،٢٠٠٤: ١٨٣).

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریان هەیە لەسەر دروستکردنی ڕایگشتی یەکگرتوو سەبارەت بە ڕووداوێک، یان بابەتێک، بەمەش دەبێت بە بەشێکی جیانەکراوە لە ڕۆشنبیری کۆمەڵگە، هەروەها هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی ئەو

بیرانەی کە پشتیان بە هیچ پێوەرێک نەبەستووە کە ئەمەش هەڕەشەیە بۆسەر یەکڕیزی کۆمەڵگە لە ڕووی بەها و ئەخلاقەوە، بۆیە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی بواری ڕاگەیاندن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت کارلێکێکی هۆشیارانە هەبێت لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەهەموو شێوەکانییەوە لەلایەن کۆمەڵگە و بە تایبەت تر لە لایەن خێزانەوە(مهدي، موقع اِعرابي، ٢٠٢٠).

## ٢-٥-٣- پۆلێنکردنی بەهاکان و جۆرەکانی

هەوڵەکانی زانایان زۆربووە و چەند پێوەر هەن کە فەیلەسوفەکان و زانایانی پەروەردە و دەروونناسی و کۆمەڵناسی هەریەکێکیان بە پێی بۆچوونی خۆیان بەهایان پێ پۆلێن و دابەشکردووە، دابەشکردنی بەهاکان بە جۆرێکی زۆر گەورە، مەبەست لە وشەی پۆلێن دابەشکردنی ڕوون و ئاشکرایە بۆ چەند جۆرێکی دیاریکراو بە پێی دووریەکی دیاریکراو، دەتوانریت بەهاکۆمەڵایەتییەکان پۆلێن بکرێن بە پێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە:

**یەکەم: پێوەری ناوەڕۆکی بەها**

زانا و دەروونناسی ئەڵمانی سبرانجر(Spranger) لە پەرتوکەکەیدا بە ناوی (تەرزی پیاو/ أنماط الرجال) بەهاکانی پۆلێن کرد بۆ ئەمانەی لای خوارەوە:

**١. بەهای ئابووری:** مەبەست لێی سوودمەندبوون وتێڕوانینی کەسایەتی مادییە، پەیوەندی تاکەکان لەگەڵ یەکتریدا ئامانجەکەی بەرژەوەندی و دەستکەوتی مادییە بەو ئاستەی کە بەدەستیدەهێنێت لە سوود و قانزانج ئەو کاتە پەیوەندییەکان بەهێزدەبێت. نموونەی ئەم جۆرەش پیاوانی کار و ئابوورین کە هەوڵدەدەن بۆ پارە و سامان و بەرهەم و وەبەرهێنان(آمیر، ١٩٩٩: ٣١).

**٢. بەهای ڕامیاری:** بنچینەی ئەم بەهایانە بریتییە لە هێز، بەها ڕامیارییەکان کەسایەتی ئەو کەسە دەنوێنێت کە هەوڵدەدات بۆ دەستبەسەرداگرتن و زاڵبوون و کارکردن لە کاروبارەکاندا، بە جۆرێک کە بتوانێت کاریگەر بێت لەسەریان، بەهۆیەوە دەتوانێت فەرماندەییان بکات و ئاڕاستەیان بکات(کماش و بلخلفة، ٢٠١٨: ١٠٩).

**٣. بەهای کۆمەڵایەتی:** مەبەست لێی کارێکی کۆمەڵایەتییە، ئالودەبوون لەگەڵ کەسانی دەوروبەر و توانای دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کەسانی جیاواز و بەشداری کردن لەگەڵیان لە هەست و ئەرک و بۆنەکانیان(شفیق، ١٩٩٩: ٢٠٩-٢١٠). هەروەها گرنگی بە مرۆڤ و خۆشەویستنی خەڵک و یارمەتیدانیان و خزمەتکردنیان و بە شێوەیەکی ئەرێنیانە تەماشایان دەکات، نموونەی ئەمجۆرەش تاکی کۆمەڵایەتییە(علی، ٢٠٠٥: ٢٦).

**٤. بەهای ئایینی:** بریتییە لە بەرزترینی بەهاکان و بڵندترینیان کە باوەڕی تاک دەنوێنێت بە ئایینێکی دیاریکراو، بە جێبەجێکردنی ڕێنموییەکانی ئەو ئایینەوە وێنای بکات و شوێنکەوتنی فەرمانەکانی و خۆدوورخستنەوە لە قەدەغەکراوەکانی(شفیق، ١٩٩٩: ٢٠٩-٢١٠). هەروەها گەڕان بە دوای ڕاستییەکانی بوون و نهێنییەکانی گەردوون(معتز، ٢٠٠١: ٣٥٣).

**٥. بەهای تیۆری:** بەهۆی گرنگیدانی تاکەوە دەچەسپێت، هەوڵەکانی بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان و سوودوەرگرتن لە جیهانی چواردەوری بە ئاڕاستەیەکی زانستی و هەنگاوێک بۆ زانینی یاساکان کاردەکات

لەسەر دیاردەکان، ئەو کەسانەی کە ئەو سیفاتانەیان تیادایە ئەو تێڕوانینەیان بۆ بەها هەیە. ئەو کەسانەی ئەو بەهایانەیان تیادایە دەناسرێنەوە بە ڕوانینێکی بابەتی زانستی ڕێکخراو و زیاتر ئەمانە توێژی زانستخوازان و فەیلەسوفەکان پێکدەهێنن(بلال، ٢٠٠٥: ١٩١-١٩٢).

**٦. بەهای جوانی:** لە بەرامبەر ئەمەدا تاکەکان سەرقاڵ دەبن بە گشت ئەو شتانەی کە لە شێوەیاندا جوانن، یان گونجاون، یان ڕێکخراون، ئەو کەسانەی کە ئەو بەهایانەیان تێدا بڵاوە جیادەکرێنەوە بەوەی کەسانێکن کە هونەر و داهێنان و چێژوەرگرتن لە جوانییەکان و داهێنانی هونەریان هەیە.(بلقيس و مرعي، ٢٠٠٠: ٤٥٣).

## دووەم: پێوەری بەهای بەمەبەست

**١. بەهای ئامڕازی:** بریتییە لەو بەهایانەی کە بە ئامڕازێک دادەنرێت بۆ ئامانجێکی دوورتر، مەبەستی خۆی نییە، بەڵکو بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دوورترە لە خۆی، بۆ نموونە هەوڵدان لە کۆتایی ساڵی خوێندندا و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکان، بە بەهایەک دادەنرێت لای فێرخواز، بەڵام بەهایەکی ئامڕازدارە، لە ڕێیەوە دەخوازرێت بەهایەکی باڵاتر لە ژیانیدا بەدیبهێنێت، ئەویش پلەوپایە و سامان و شتەکانی ترە(الزيود، ٢٠٠٦: ٢٣).

**٢. بەهای ئامانجی:** بریتییە لەو ئامانج و شتە بە باش زانراوانەی کە کۆمەڵ و تاکەکان بۆ خۆیانی دادەنێن. هەروەها ئەو بەهایانەیە کە بۆخۆیان ئامانجن، وەک کامەرانی لە ژیاندا و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە، بۆ نموونە مەبەست لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ نەخۆشێک کە بریتییە لە پاراستنی تەندروستییەکەی(همشري، ٢٠٠٣: ٣١٤).

## سێیەم: بەهاکان بە پێی بڵاوبوونەوە و بڵاویەکەی

**١. بەهای گشتی:** بریتییە لەو بەهایانەی کە بڵاودەبنەوە لەناو خەڵکیدا تا چەند زۆرتر بەها گشتییەکان لەناو کۆمەڵگەدا بڵاوبنەوە زیاتر بە ناویەکداچوون و یەکگرتنەکەی ئەو کۆمەڵگەیە دروستدەبێت لە نموونەکانی زانست، پاکوخاوێنی، ڕێگەی ڕاست گرتنەبەر، هاوسەرگیری و هاوکاری و سرووتە ئاینییەکان هتد.... (مصطفى، ٢٠١٦: ٧٧).

**٢. بەهای تایبەتی:** بریتییە لەو بەهایانەی پەیوەستە بە هەڵوێست و بۆنەی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، یان ناوچەیەکی سنوردار، یان توێژێک، یان کۆمەڵێکی تایبەت، لە چوارچێوەی کات و شوێنێکدا دیاریدەکرێت وەک زەکاتدان و ئاهەنگ گێڕان و بۆنە نیشتمانی و ئایینییەکان هتد.....(همشري،٢٠٠٣: ٢١٤).

## چوارەم: بەهاکان بە پێی توندوتۆڵی سەپێندراویەکەی

توندی بەها بەندە بە دوو شتەوە، ئەویش ئەو ئاستە پابەندییە کە بەسەر تاکدا دەسەپێنرێت، لەگەڵ توندی ئەو سزایەی کە ڕووبەڕووی ئەو کەسە دەبێتەوە کە سەرپێچی دەکات، لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێوەرەشدا بەهای توند دەتوانرێت جیا بکەینەوە لە نێوان سێ ئاستدا لە توندی و سەپێندراویەکەی، ئەویش ئەمانەن:

**١. بەهای پابەندکەر:** بەهای سەپێندراو و فەرمانی ڕەتنەکراوەیە(أبوجادو، ٢٠١٣: ٢١٠)، ئەو بەهایانەیە کە پەیوەستە بە قەوارەی بەرژەوەندی گشتی، نموونەی ئەوە ئەو بەهایانەیە کە پەیوەندی هەیە بە ڕێکخستنی

پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، بیروباوەڕە ئایینییەکان، ئازارنەدانی کەسانی تر، چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوک (اَبومغلي و اَخرون ، ٢٠٠٢: ١٧١).

**٢. بەهای بە باش زانین:** ئەو بەها بە باشبینراوانەیە کە تاکەکان هاندەدرێن کە پەیوەست بن پێوەی. ئاستی پابەندبوون و سزاکەی کەمە، یا سزای نییە وەک ڕێزگەتن لە میوان و چاکەکردن(زکریا،٢٠٠٢: ١٤٠).

**٣. بەهای نموونەیی:** ئەویش ئەو بەها نموونەییانەیە کە مرۆڤەکان هەست دەکەن بەدیهێنانی ئەستەمە بە شێوەیەکی تەواوەتی وەکو ئەو بەهایانەی کە بانگەدەکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خراپە بە چاکە، واتە لێبووردەیی(اَبومغلي و اَخرون ، ٢٠٠٢: ١٧١).

## پێنجەم: ڕوونی بەها: بەهاکان لە ڕووی ڕوونییەوە

**١. بەهای دیار:** بریتییە لەو بەهایانەی کە تاک ڕایدەگەیەنێت لە ڕێی قسەکردنەوە وەک بەها پەیوەستەکان بە خزمەتی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی گشتییەوە. لێرەدا تاک بە قسە ڕاشکاوانە دەریدەبڕێت وەک ڕاستگۆیی و سەربەلایەنێک بوون.

٢. **بەهای نادیار:** بریتییە لەو بەهایانەی ئاماژە دەکرێت بۆ بوونی لەگەڵ سەرنجدان و تێبینیکردن لە هەڵبژاردنی هەستەکان کە بڕیاردەدرێت لە هەڵسوکەوتی تاکدا بە شیوەیەکی نموونەیی نەوەکو بەشێوەیەکی بێ سەروبەرەیی، لێرەدا کەسەکە بە ڕاشکاوی قسەکان دەرنابڕێت، بەڵام لە ڕێی ڕەفتاری ڕێکخراوی تاکەکانەوە دەبینرێت، بۆیە بە ڕاستگۆیانە و ڕاستەقینە دادەنرێت، وەک حەزی مانەوە و سامان و بەناوبانگی(مصطفى، ٢٠١٦: ٧٨).

## شەشەم: پێوەری بەردەوامی بەهاکان

**١. بەهای کاتی:** بریتییە لە بەها کاتی و تێپەڕبووە ماوەکورتەکانن زۆر ناخایەنن و بە خێرایی لەناو دەچێت، وەک ئەو بەهایانەی کە پەیوەندی بە بابەت و ئارەزووەکانەوە هەیە. ئەم بەهایانە کاتین، چونکە پەیوەستن بە ڕووداوێک، یان دیاردەیەکی دیاریکراوەوە، وەک مۆدە.

**٢. بەهای هەمیشەیی:** بریتییە لەو بەهایانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژی جێگیر لە دەروونی مرۆڤەکاندا دەمێنێتەوە، نەوە بە نەوە بەکاریدەهێنن و باسیدەکەن، وەک ئەو بەهایانەی کە پەیوەستە بە دابوونەریتەکان، مەبەست لە بەردەوامی لێرەدا بەردەوامی ڕێژەیی هەیە، بۆ نموونە ڕاستگۆیی و ئەمانەت و دادپەروەری(الديب، ٢٠٠٥: ٤٥).

## حەوتەم: پێوەری ناوەندی بەها

## بەهاکان لە ڕووی ئەو ناوەندەی کە تیایدا پەیدا دەبن دابەشدەبن بۆ:

**١. بەهای تاکی:** ئەو بەهایانەن کە لای تاک دەردەکەون، تاک نوێنەرایەتیان دەکەن، ئەگەر تاکیش تەنها بێت وەک بەهای پاراستنی کات و بەرهەمهێنان.

**٢. بەهای کۆمەڵایەتی:** ئەو بەهایانەن کە تەنها لەڕێی تێکەڵبوونی تاک بە کۆمەڵگەوە بەرکەوتنییان بە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەوە، وەک بەهای هاوکاری و ڕێزگرتن و لایەنگیریی و چاکەکردن لەگەڵ کەسانی تر و ئەمەکداری و خۆبەختکردن و بەخشندەیی(الكافي، ٢٠٠٥: ٣٣-٣٤).

## ٢-٥-٤- بەها و پەیوەندی بە هەندێک دەستەواژەی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە

پێش باسکردنی بەهاکۆمەڵایەتییەکان، هەندێک چەمک و دەستەواژە هەیە بەهۆی گرنگیانەوە دەبێت پێی ئاشنا ببین و پەی بە ماناکانیان ببەین، زۆرێک لەو چەمکانەش تێکئاڵاون لەگەڵ دەستەواژەی بەهادا، زۆربەی کاتیش هەمان مانایان هەیە، لەڕێگای ئەم ڕەگەزەشەوە هەندێکیان دەخەینەڕوو تاوەکو چەمکی بەها و چەمکە لێکچووەکان، یان وابەستەکان، یاخود پەیوەندیدارەکان لە یەکدی جیابکەینەوە، ئەو چەمکانەش بریتیین لە (پێویستی، نەریتەکان، بۆچوون، هەڵسوکەوت، بایەخدان، پاڵنەر، چاکەکاری و پێوەرەکان).

**١. بەها و پێویستی:**

بوونەوەری زیندووی ناخمان دەوروژێنێت، بەجۆرێک کە کار لەسەر ڕێکخستنی بوارەکەی دەکات بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکی لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو، لای خۆشیەوە (مۆرفی) بەو شێوەیە پێناسەی پێویستی دەکات کە "هەستکردنە بە نەبوونی شتێکی دیاریکراو، گەر بدۆزرێتەوە تێربوون بەدیدێنێت، ئەم نەبوونییەش بوونەوەر وا لێدەکات بە دڵەڕاوکێوە لەگەڵیدا بژی، ئەمەش پاڵی پێوەدەنێت هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو ئەنجامبدات، کە بوونەوەرەکە بەرەو تێرکردنی پێویستییەکە دەبات، سەرەنجامیش دڵەڕاوکێکەی نامێنێت، یاخود کەم دەبێتەوە"(شاهین، ٢٠١٤: ٥٦).

لە بواری پەیوەندی نێوان بەها و پێویستییەکانیشدا، ماسلۆ پێیوایە چەمکی بەها یەکسانە بە چەمکی پێویستی، هاوکات هەندێک پێیانوایە بەها بنەمایەکی بایۆلۆژی هەیە، بەوپێیەی لەسەر پێویستییە بنچینەییەکان بوونیاد دەنرێت، بۆیە بەها لەلای تاک بوونی نابێت گەر پێویستییەکی دیاریکراوی نەبێت و هەوڵ بۆ بەدیهێنان، یاخود تێرکردنی نەدات(موسى، ٢٠٠٤: ٣٧)، بڕوانە شێوەی ژمارە (٣) کە گوزارشتە لە پەیکەری پێویستییەکان لە تیۆری (ماسلۆ)دا(العبد و العبد، ٢٠١١: ٣٠٨).




شێوەی ژمارە( ٣ )
پەیکەری پێویستییەکان لە تیۆری (ماسلۆ)دا

**هەندێک لە توێژەرانیش بەهای پێویستییەکان بۆ دوو جۆر دابەشدەکەن:**

- **بەهای لەپێشینە:** ئەم بەهایانە پەیوەستن بە پێویستییە بایۆلۆژییەکانەوە.
- **بەها لاوەکییەکان:** ئەم بەهایانە پەیوەستن بە لایەنی ئاکاری و کۆمەڵایەتییەوە.

لای بەها، پێویستییەکان زگماک نین، بەڵکو لەڕێگای ئەزموونی هەستبزوێنەوە بەدەستدێن (جا بەشێوەیەکی چەمکگەرایی بێت لە هەندێک پێویستیدا، یاخود بەشێوەیەکی نەرێنیی "کاملٚ" بێت لە هەندێکی دیکەدا)، بەهاش بەستەری نێوان پێویستی و کردارە، سوود بە دابەشکردنی ئاگایی و هەوڵدان دەگەیەنێت بۆ پێویستییە جیاوازەکان، بەوپێیەی بەها بریتییە لە وێناکردنی مەعریفی و مرۆڤیش تاکە بوونەوەرە کە ئەو جۆرە وێناکردنە مەعریفیانە ئەنجامدەدات، بۆیە بەها تەنها لەلای مرۆڤ بوونی هەیە.

بەکورتی، بەها بەرزتر و بەنرختره لە پێویستی، جۆرێک لە پەیوەندیش لەنێوانیاندا هەیە کاتێک بەها لەدایکدەبێت، بەڵام هەمیشە بەها ئاست بەرزترە لە پێویستی(کماش و بلخلفة، ٢٠١٨: ٩٥).

## ٢. بەها و نەریت:

بـریتییە لە ڕێسـا، یـاخود پێـوەری هەڵسـوکەوتی بەکـۆمەڵ، هێمـا بـۆ ئەو کـردەوە و هەڵسـوکەوتانەی خەڵـک دەکـات کە بەشـێوەیەکی نـیمچە ئۆتۆمـاتیکی بەهـۆی دووبـارەکردنەوەی بەردەوام و فێربـوون و ڕاهێنـانەوە لەسـەری ڕاهـاتوون، ئەو مۆرکە نیچمە ئۆتۆماتیکییەش برەو بەو هەستە نائارامە دەدات کە لە ئەنجـامی هەڵسوکەوتکردن لە دەرەوەی ئەو نەریتـانە هەسـتپێدەکەین، نەریتـیش بەشـێکی گرنـگ، یـاخود کـردارێکە لە دەسـتوورێکی نەنوسـراو، کە لە سـینەی تاکەکانـدا هەڵکۆڵراوە و لە پێکهاتەیانـدا بۆمـاوەییە، خـودی نەریتـیش خـۆی لە زمـان و ڕیـتمە ڕەمزییەکـانی دیـکەدا دەبینێتەوە، کە گوزارشت لە بیروباوەڕی تاک دەکەن(رشوان، ٢٠٠٣: ١٥٢).

پەیوەندی نێوان بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان "یەکەیەکی هەڵسوکەوتە کە خاوەنی دوو کۆڵەکەی بنچینەییە، کۆڵەکەیەکی مەعنەوی دەروونی نادیـارە کە بـریتییە لە بەهـا، هەروەهـا کـۆڵەکەیەکی مـادیی پراکتیکـی بەرجەسـتەکراوە کە بـریتییە لە هەڵسوکەوتێکی دیار و گوزارشت لە بەها دەکات"، لەسەر ئەو بنەمایەش دەگەینە چەندین دەرئەنجام، لەوانەش:

بەها هانی وابەستەیی بە نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەدات، هەروەها مانـای پێدەبەخشێت و ڕاڤەی دەکـات و پەردە لەسـەر بیرۆکەی پشتەوە و ئەو باوەڕە هەڵدەماڵێت کە پاڵنەری وابەستەبوونە پێوەی.

هەربۆیە چەمکی نەریتی کۆمەڵایەتی چەمکێکی بەرفراوان و گشتگیرە بۆ هەمـوو ئەو بابەتـانەی لەڕووی کـۆمەڵایەتییەوە پەسـەندن، بەوپێـیەی بەهـا بەوە جیـادەکرێتەوە کە بەو لایەن و بابەتـانەی کـردار و گوفتـاری خەڵکـی ڕێکـدەخات و ئەو پێوەرانەیان پێدەبەخشێت کە بۆیان دەشێت، هەرچـی نەریتیشـە، ئەوا پەیوەندیدارە بە لایەنەکـانی دیـکەی جیـا لەوان(زیـن، ٢٠١٥: ٧١-٧٢).

## ٣. بەها و بۆچوون:

هەندێک بۆچوونەکان بەوە پێناسە دەکەن کە "سیستمێکی بەردەوامی بەهای ئەرێنی، یـاخود نەرێنـی و هەسـت و سۆزی هەڵچوو و مەیلی بەدەنگەوەچوونە لەگەڵ، یاخود لەدژی بابەتگەلێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو".

لای خۆشییەوە "کاتز" بۆچوون بەوە پێناسە دەکات کە "مەیلی تاکە بۆ هەڵسەنگاندنی هەندێک بابەت و بـارودۆخ لە جیهانی خۆیدا بە شێوەیەکی جیاکاری، یاخود یەکسان" .

هەرچی "تریفرز"یشە، وەها پێناسەی دەکات کە "ئامادەیی تاکە بۆ بەدەنگەوەچوون بەشێوەیەک کە ئاڕاسـتەیەکی دیاریکراو بە هەڵسوکەوتی ببەخشێت"(القطان، ٢٠١٣: ١٩٥).

بەوپێیەی بۆچوون چەمکێکە گوزارشت لە هەڵسـوکەوتی ڕێکخـراو دەکـات، ئەویـش لای خـۆیەوە گوزارشـت لە پەیوەندی مرۆڤ بە بەشێکی دیاریکراوی ژینگە دەرەکییەکەی، یاخود بابەتگەلە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، هاوکات بۆچوون بریتییە لە پەسەندکردن، یاخود ڕەتکردنەوەی بیرۆکە، یـان بـابەت، یـاخود بارودۆخێـک، لەکاتێکدا ئەم بۆچوونە لاوەکیانە بە ئاڕاستەی ڕێکخستنی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان هەنگاودەنێن(خليفة، ٢٠٠٩: ١٧٧).

**هەریەک لە چەمکـی بەهـا و بۆچـوون لە هەنـدێک خاڵـدا لەیەکتـر جیـاوازن، کە دەکرێـت ئەو جیاوازیـانە بەمشێوەیەی لای خوارەوە دیاریبکەین:**

١- بۆچـوون لە کۆمەڵێـک بـارودۆخ پێکدێت، بەهـاش لەڕاسـتیدا کۆمەڵێـک بۆچـوونە، لێرەشـەوە دەردەکەوێـت بۆچـوون بەرتەسـکترە لە بەهـا، کە مەوداکەی بەرفراوانتـرە، بەو پێـیەی بۆچـوون ڕەنـگە لە سیاسـەت، یـان

کۆبوونەوە، یاخود خوێندن، یان لە بوارێک لە بوارەکانی ژیاندا خۆی ببینێتەوە، لەکاتێکدا بەها ئەو دۆخەیە کە تیایدا بۆچوونە جیاوازەکانی مرۆڤ لە ڕەهەند و بوارە جیاجیاکاندا دیاریدەکرێن(کماش و بلخلفة، ٢٠١٨: ٩٩).

٢- بەها ڕەگەزی بنچینەیی بۆچوونەکانە و کۆمەڵێک بۆچوون لەخۆدەگرێت.

٣- بۆچوون زیاتر بۆ گۆڕانکاری دەستدەدات وەک لە بەها، ئەویش بەهۆی جێگیری ڕێژەیی بەهاوە.

٤- ڕەنگە یەک بەها ژمارەیەک بۆچوونی جۆراوجۆر لەخۆبگرێت، واتا ڕەنگە بەمانای بەهای کارکردن لەپێناو کێبڕکێ، یاخود هەماهەنگی بێت، بەوپێیەی بەها بۆچوونێکی دیاریکراو جیاناکاتەوە، بەڵکو لەناو بۆچوونێکدا لە قاڵب دەدرێت کە لە تاکێک بۆ تاکێکی دیکە بە گوێرەی ڕاڤەکردنی بۆ بەها، هەروەها بەگوێرەی دیاریکردنی ئەو سەنگ و قورساییە دەگۆڕێت، کە بەهای تێدا بەرجەستە دەکات(سعید، ٢٠٠٨: ٢٣).

## ٤. بەها و هەڵسوکەوت:

هەڵسوکەوت بریتییە لە هەموو ئەوانەی مرۆڤ ئەنجامیاندەدات، لای خۆیەوە "جەمال خەتیب" پێیوایە هەڵسوکەوت بریتییە لە دیاردەیەی زانستی هەڵسوکەوتی مرۆیی بایەخ بە دیراسەکردنی دەدات و لەژێر کاریگەریی کارلێکی مرۆڤدایە لەگەڵ ژینگەدا .

هەڵسوکەوت بریتییە لە هەموو ئەو کردارانەی لە مرۆڤ (بوونەوەری زیندووەوە) دەردەچن، جا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تێبینی بکرێت، یاخود ناڕاستەوخۆ، بەپێی تیۆرەکانی کەسایەتییش، هەڵسوکەوتی مرۆیی گوزارشت لە کەسایەتییەکی دیاریکراوی تاک دەکات(عبدالمعطي، ٢٠١٣: ٣٣-٣٤).

بەهاش داشۆراوترە لە هەڵسوکەوت، بەو پێیەی تەنها هەڵسوکەوتێکی هەڵبژێراو نییە، بەڵکو ئەو پێوەرانە لەخۆدەگرێت کە لەسەر بنەماکەی جیاکاری دەکرێت، لای خۆشیەوە "لوک" پێیوایە هەڵسوکەوت بە بەها و ئامانج دیاریدەکرێت، هەروەک ئەو فۆرمەی خوارەوە: (الجموعي، ٢٠١٣: ٣٤).




شێوەی ژمارە (٤)

دیاریکردنی هەڵسوکەوت بە بەهاو ئامانج

## ٥. بەها و چاکەکاری:

چاکەکاری ئاستێکی بەرزی بەها ئەخلاقییەکانە، وەک دانایی و ئازایەتی و دادپەروەری و ئاکار و هەست و سۆز و ویست و بایەخدان. هاوکات چاکەکاری وەک ئاستی ئەخلاقی، یاخود پرەنسیپی ئەخلاقی کاردەکات(کماش و بلخلفة، ٢٠١٨: ١٠٢).

## ٦. بەها و پێوەر:

پێوەرەکان وەک بنەما و ئاستی هەڵسوکەوتی ئاسایی، یاخود بەهای بارودۆخەکانی ژیان بەکاردەهێنرێن، ئەمەش بە ئاگاداری کۆمەڵگە دادەنرێت، واتا بنەمای هەڵسوکەوت و ڕەگەزی بنچینەیی دیاریکردنی ڕۆڵە

کۆمەڵایەتییەکانە، بەو پێیەی ئەو پێشبینی و بوارانە فەراهەم دەکات کە تاک ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت، خۆی لەخۆیدا ڕەنگدانەوەی بەها بنچینەییەکانی کۆمەڵگەیە(خاطر، ٢٠٠٥: ٣١٦).

## ٧. بەها و بایەخدان:

یەکەم هەوڵەکان بۆ بەستنەوەی ئەو دوو چەمکە ئەوەیە کە هەریەک لە (ئالبێرت و فیرنون) ئەجامیاندا کاتێک پێوەرە بەناوبانگەکەیان بۆ بەها دانا، کە زیاتر پشت بە بایەخدان دەبەستێت نەوەک بەها، ئەویش پشت بەست بە تیۆری "سبرانجەر" لەبارەی جۆرەکانی خەڵکەوە، کە ئاماژە بەوە دەکات خەڵکی بەپێی زۆرینە، یاخود سەروەری هەر یەکێکیان شەش جۆرن، بەشێوەیەک کە دەکرێت تاک وەک بەهایەکی تیۆری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئیستاتیکی و ئایینی پۆلێن بکرێت(کماش و بلخلفة،٢٠١٨: ١٠٠)، بەپێی "رۆکسێت"یش بێت، سەرباری ناوبانگ و بەربڵاوییەکەی، بەڵام ئەو پێوەرە تەنها بۆ هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکان و بایەخدانە پیشەییەکان دەستدەدات، چونکە بایەخدان یەکێک لە ڕووکارەکانی بەهایە و گەرچی یارمەتی ئاراستەکردنی کردار و خۆبوونیادنان دەدات، بەڵام لە بەها بەرتەسکترە، بەوپێیەی ئامانج و حاڵەتە نموونەگەراییەکان لەخۆناگرێت، بۆیە بەها بەوە لە بایەخدان جیادەکرێتەوە کە دووەمیان پێویستی بە پابەندبوون نییە(النوعي، ٢٠٠٧: ٣٢).

## ٨. بەها و پاڵنەر:

پاڵنەر بریتییە لە حاڵەت، یاخود هێزێکی ناوخۆیی جەستەیی، یان دەروونی کە لە بارودۆخی دیاریکراودا هەڵسوکەوت دەجوڵێنێت و بە ئامانجێکی دیاریکراو کۆتایی دێت، واتا هێزێکی نادیارە و ڕاستەوخۆ هەستی پێناکەین، بەڵکو لە ئاراستەی گشتی هەڵسوکەوتیکەوە هەڵیدەهێنجین کە پاڵنەرێکی لە پشت بێت، بەو پێیەی گەر هەڵسوکەوتەکە بە ئاراستەی خواردن بوو، ئەوا پاڵنەری برسێتی هەڵدەهێنجین، گەر بەئاراستەی خواردنەوە بوو، ئەوا پاڵنەری تینوێتی هەڵدەهێنجین، خۆ ئەگەر بە ئاراستەی کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵک بوو، ئەوا پاڵنەری کۆمەڵایەتی هەڵدەهێنجین(الوافي، ٢٠٠٥: ٩٣).

بەگوێرەی "عبدالحمید الهاشمی"یش بێت، پاڵنەرەکان لە کۆمەڵێک فاکتەر پێکهاتوون، گرنگترینیان بریتییە لە : (هێزێکی بزوێنەری ناوەکیی تاکە، هەڵسوکەوتی لێدێتە بەرهەم، هەڵسوکەوتێک کە دڵەڕاوکێ و هەڵچوونی لەگەڵە، هەموو ئەمانەش هەوڵ بۆ ئامانجێکی ڕوون و دیار دەدەن(کماش و بلخلفة، ٢٠١٨: ١٠٢).

جۆرەکانی پاڵنەری مرۆڤیش دابەش دەبن بۆ دوو جۆر:

- **پاڵنەرە لەپێشینەکان:** ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە جەستەوە، وەک پاڵنەری گەڕان بەدوای خواردن و خواردنەوە و سێکس، ئەمانەش لەپێشینەن، چونکە پاڵنەری هاوبەشی هەموو مرۆڤایەتی و تاکێکن.
- **پاڵنەرە لاوەکییەکان:** ئەمەش تایبەتە، واتا پەیوەستە بەو جیاوازییە پەروەردەیی و گەشەکردن و بوونیادییەی تاک هەیەتی(خمیسي، ٢٠٠٧: ٢٢٦).

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان بەها و پاڵنەریش، دەکرێت پاڵنەر بەو دڵەڕاوکێ ناوخۆییە هەژمار بکەین کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو، لەکاتێکدا بەها وێناکردنی پشت ئەو دڵەڕاوکێیەیە، بەو پێیەی بەها دەبێتە سەرچاوەی پاڵنەر، هاوکات دەکرێت پێویستیش سەرچاوەی پاڵنەر بێت، کەواتە پاڵنەر بریتییە لەو دڵەڕاوکێ یاخود ئامادەییە ناوخۆییەی بەشدارە لە ئاراستەکردنی هەڵسوکەوت بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو، بەڵام

بەها خۆی لەخۆیدا پاڵنەرە، بگرە لەوانەیە پاڵنەر بەها بێت، هەردوکیشیان تێکەڵاوی یەکدی دەبن بەوپێیەی پاڵنەر هەستێکە هانی بوونەوەری زیندوو دەدات بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو و یەکێکە لە دیاریکەرە بنچینەییەکانی هەڵسوکەوت، لەکاتێکدا بەها جۆرێکە لە پاڵنەر و پابەندبوونی تێدایە، پاڵنەریش دەرئەنجامی بەهایە نەوەک خودی بەها بێت، چونکە هەرکەس باوەڕی بە بەزەیی هەبێت وەک بەهاء، ئەوا لەناو خۆیدا پاڵنەری پابەندبوون پێوەی دەدۆزێتەوە(سعید،٢٠٠٨: ٢١).

لەڕێی پێناسەی بەها لە ڕووی زمانەوانییەوە و زاراوەوە، لەبەر ئەوەی کە بەها کۆمەڵایەتییەکان لقێکە لە لقەکانی بەهـا و جـۆرێکە لە جۆرەکـانی پێناسـەکان بەیەکـدا دەچـن و لەیەکـدەچن بـۆیە لێـرەدا چەنـد پێناسـەیەکی بەهاکۆمەڵاییەتیەکان دەخرێتەڕوو.

## ٢-٥-٥- بەها کۆمەڵایەتییەکان

ئەو بەهایـانەیە کە تاکەکـانی کـۆمەڵگەیەکی پـێ جیـادەکرێتەوە کە تیایـدا دەژیـن و بەشـداردەبێت لە پێکهێنـانی و چەسپاندنی لە هۆکار و کاریگەرە چەندییەکان وەکو ئایین و ڕۆشنبیری بە پێکهاتەجیاوازەکانەوە لە دابوونەریت و سیستمی ڕامیاری و ئابوورییە دامەزراوەکان (اِیمان، ٢٠١٧: ٩)، بەهاکۆمەڵایەتییەکان پیناسە دەکرێت بەوەی کە بریتییە لە شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان کە لەلای کۆمەڵگە پەسەندکراوە بەهۆی بـاوەڕبوونی تاکەکـانی بەوەی کە بەژدارە لە ڕێنمونیکردنی ئاکاری مرۆیی بە ڕەوشت وئامانجە خوازراوەکان کە ڕێکدەکەوێت لەگەڵ بیروباوەڕ و بەهاکانی کۆمەڵگە. هەروەها بەشداردەبێت لە بەدەستهێنانی ژیانێکی باش و خۆشگوزەرانی بۆیان، وەدەبێتە هۆی فێربوونی ئاکارە ئەرێنییەکان لە وێستگە جیاوازەکاندا کە پێی کـاریگەر دەبـن هەریەک لەگەڵ ئەوەی تـردا لەنـاو کۆمەڵگەکاندا کە ئەوانیش بریتین لە ئاین، دابوونەریت و فەلسەفەی کۆمەڵگە (زین، ٢٠١٥: ٢١-٢٢).

**بەها کۆمەڵاییەتیەکان لە فەرهەنگی زاراوە پەروەردەییەکاندا بەم شێوە پێناسەکراوە:**

"بریتییە لە ڕێکخستنی بڕیارە هزری و هەڵچونییەکان بەرامبەر کەسەکان و شتەکان و مانا و لایەنەکانی چالاکی گشتێنراو، یان پێوەرێکە لەبەر ڕۆشنایی ئەودا دەتوانرێت بڕیار بەسەر چاکی و چاکە و باشی و باشە و ناشرینی و ناشرینە و ئەوەی دەبێت و ئەوەی نابێت و ئەوەی خوازراوە و ئەوەی نەخوازراوە، تاکەکان پێکەوە ببەستێتەوە و بۆچوونێکی گشتگیر لەناویاندا دروستبکات، کە بناغەیە تـا ئاسـتێکی چەسـپاو و بەردەوامـی هەیە و کـۆنترۆڵی ڕەفتارەکانیان بکات و قەوارەکەیان دەربخات"(شحاته و النجاح،٢٠٠٣: ٢٣٤).

جیاوازی لە نێوان پێناسەی زانایانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی بۆ بەها کۆمەڵایەتییەکان بـۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زانایانی کۆمەڵایەتی بایەخیان لە بەهاکانی کۆمەڵگەدا چـر کـردووەتەوە، لەکاتێکدا زانایـانی دەروونناسـی زیـاتر بایەخ بە بەهاکانی تاک دەدەن، ناکرێت کە بەهاکانی تاک و کۆمەڵگە لێکجودابکرێنەوە، چـونکە تـاک بەشـێکە لە کۆمەڵگە و ڕەنگی ئەوی گرتووە کاتێک کە چەندین بەها دەبینێت کە کـۆمەڵگە پەیـڕەوی دەکەن، ئەویش ناچـار دەبێت کە پەیڕەویان بکات ئەگەر بە سەرزارەکیش بێت، کەسێک لەناو کۆمەڵگەدا بژی ڕێز لە بەهای بەخشندەیی دەگرێـت و پەیـڕەوی دەکـات و بەرگـری لێـدەکات، بەمەش مـۆرکی ئەو بەهـایە وەردەگرێـت و ڕەفتـاری ئەو

کۆمەڵگەیە کاری لێدەکات، جۆرەکانی تری بەهاش بەهەمان شێوە، لەبەرامبەریشدا کۆمەڵگە بەهاکانی لەو بەهایانەوە وەردەگرێت کە تاکەکانی پەیرەوی دەکەن(الدیب،٢٠٠٥: ٤٨).
لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە بەها کۆمەڵایەتییەکان زۆرن و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازن، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣) لە نێو ئەم توێژینەوەیەدا جەختمان کردووەتە سەر چەند بەهایەک بە تێڕوانینمان بۆ توێژینەوەکانی پێشوو، هەروەها وەرگرتنی ڕای کەسانی پسپۆڕ لە بواری ئەکادیمی و ڕاگەیاندندا و ئەزموونی کارکردنمان لە بوارەکەدا. لە گرنگترین ئەو بەهاکۆمەڵایەتیانەی کە ئاماژەمان پێداوە لە فۆڕمی ڕاپرسییەکەدا (هاوکاری، پابەندبوون بە بەڵێنەکانەوە، خۆشەویستی، لێبوردەیی، بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕاستگۆیی، ڕێز، بەخشندەیی، خودپەرستی، ناپاکی، بەهای کۆمەڵایەتی نامۆ بە کۆمەڵگە).

## ٢-٥-٦- تایبەتمەندییەکانی بەهاکۆمەڵایەتییەکان

بەهاکۆمەڵایەتییەکان چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە کە هەندێک لە پەروەردەکاران باسیان لێوەکردووە و گرنگترین ئەو خاڵانەی کە بەهاکۆمەڵایەتییەکان لەوانی تر جیادەکاتەوە ئەمانەن:

### ١. خودی و کەسین:

بەهاکان بەشێوەیەکی پتەو پەیوەستن بە خودی تاک و کەسێتییەوە و لە چەندین شێوەی جیاوازدا وەک باش زانین و بایەخدان و هەڵبژاردن و پێویستی و ئاڕستە و بڕیاردان لای دەردەکەون، ئەمەش وای لێدەکات ببێتە کێشەیەکی خودیی، خەڵك سەبارەت بە گرنگیان ڕای جیاوازیان هەیە و بە پێی جیاوازی خود و کەسێتییەکانیان دەبینرێن، بەم پێیەش خەڵک لە بڕیاردانیان بەسەر شتەکانیاندا جیاوازن(محاید،٢٠٠٣: ٢٣٦-٢٣٧).

### ٢. ڕێژەیین:

بوونی بەها کارێکی ڕێژەییە، واتە بە پێی کات و شوێن و مرۆڤەکان دەگۆڕێت، نرخاندن و دەرخستنی سوود وگرنگیان لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت، کەواتە بەها ڕێژەییە و مایەی مشتومڕ و جیاوازییە لە نێوان کەسەکان وکولتوورەکان و کۆمەڵگەکاندا و ئەوەی کە نەتەوەیەک پێیوایە کە ئەرێنییە لەوانەیە نەتەوەیەکی تر بە بەهای نەرێنی دابنێت(الشناوي، ٢٠٠١: ٨٩).

### ٣. پلە بە پلەن (هەرەمین):

بەهاکان لای تاک بەشێوەیەکی هەرەمی ڕیزدەبن، هەندێک بەها بەسەر هەندێک بەهای تردا باڵادەستترە، لەبەر ئەوەی تاک کۆمەڵێک بەهای سەرەکی باڵادەستی هەیە، لە پلەیەکی بەرز و گرنگدایە و لە لوتکەی هەرەمی بەهاکاندایە، چەندین بەهای تریش هەن کە گرنگ نین، کە سیستمێکی بەهایی ناوخۆیی پلە بە پلە لای تاک دروستدەکەن، ئەم هەرەمی بەهایانە بە ئاشکرا لە هەڵوێستەکانی ژیاندا دەردەکەون و کاتێک بەها گرنگەکان پێچەوانەی ئەو بەهایانە دەبن کە کەمتر گرنگن و لێرەدا کار بۆ هەڵبژاردن لە نێوانیاندا دەکرێت و یەکێکیان بە باشتر دەزانرێت و دەخرێنە ژێر چاودێری یەکترییەوە(ابومغلی، ٢٠٠٢: ١٦٨).

**٤. بەها کۆمەڵایەتییەکان ئەبستراکن:**

بریتییە لە کۆمەڵێک مانا کە مۆرکێکی بابەتییانە و سەربەخۆیان هەیە و مانا ڕاستییەکانیان لەو ڕەفتارانەدا دەردەکەون کە نوێنەرایەتی دەکەن و لەو ڕەوشەی کە تیایدا دەژین، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵێک مانای گشتگیر و ڕەها و داماڵراون، بەڵام بەها دروست نابێت ئەگەر نەچێتە ناو ڕەوشی هەڵسوکەوتەکانەوە، واتە مرۆڤ وەک ئاراستەکەرێک خۆی باوەڕی پێبهێنێت و لە هەڵسوکەوتی خۆیدا لە ئامێزی بگرێت(دسوقی، ٢٠٠٠، ١١١).

**٥. مرۆیین:**

واتا تایبەتن بە مرۆڤ و لەبەر ڕۆشنایی پێناسەی گشتگیری بەهاکۆمەڵایەتییەکانەوە گەرچی لای ئاژەڵەکانیش کۆمەڵێک پێوەری باش هەن کە یاساکانی ژیانیان پێوەبەندە، بەڵام ناگاتە ئاستی چەمکی بەهاکۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ(مصطفی، ٢٠١٦: ٧٤).

**٦. دژەکین:**

ئەو بەهایانەن کە مۆرکێکی دژانەیان هەیە، چونکە هەر بەهایەکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی لە بەرامبەریاندا بەهایەکی نەرێنی هەیە، بۆ نموونە بەهای هاوکاری لە بەرامبەریدا بەهای خۆپەرستی و سوودپەرستی و خۆیی هەیە(عوض و ڕشاد، ٢٠٠٦: ٣١٦).

**٧. پەیوەستن:**

بۆ نەوە لە دوای نەوە دەمێننەوە، لە ناوخۆی مرۆڤایەتیدا دەگوێزرێنەوە بۆ یەکتر، لە ڕێی پێشەوا و فێرکردنی ڕاستەوخۆ و شێوازەکانی تری فێرکردنی بەهاکۆمەڵایەتییەکان(مصطفی، ٢٠١٦: ٧٤).

**٨. پابەندکردنێکی بەکۆمەڵ و پێکەوەیین:**

لێرەدا کۆمەڵگە تاکەکانی پابەند دەکات بە کۆمەڵێک بەهاوە بە پێی گرنگی و ڕیزبەندیان لە هەرەمی بەهایی و سیستمی بەهای تایبەت بەو کۆمەڵگەیە. هەموو کۆمەڵگەیەک سیستمێکی بەهایی گرێدراوی بەها کۆمەڵایەتییەکان تیادا هەیە، کە ناتوانرێت یەکێک لەو بەهایانە لاببرێت تا بەهایەکی تر شوێنیان بگرێتەوە، تەنها دوای کۆمەڵێک پرۆسەی ئاڵۆز و هەوڵی بەردەوام نەبێت، کە پێی دەوترێت ململانێی بەهایی(خالد، ١٩٩٩: ١٢٤).

## ٢-٥-٧- گرنگی بەها کۆمەڵایەتییەکان

گرنگی بەها کۆمەڵایەتییەکان لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا دەخرێتەڕوو:

١- بەها کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لە یەکخستنی حەز و ئارەزوو و تواناکانی کۆمەڵگە و نەتەوەکاندا دەبینین، کە لەسەرچاوەی ئاڕاستەکەر و یاسا و پێوەر و ڕێکخەری بیر و هەست و هەوڵ و توانا و داهاتی تاک و کۆمەڵگە و نەتەوەکانە.

٢- پتەوی و بەهێزیی کۆمەڵگە دەپارێزێت و ئامانج و نموونەباڵاکان و بنەما چەسپاوەکانی دیاریدەکات کە ئەمانەش زامنی ڕێکخستنی ژیانی تاک و کۆمەڵگەکانە کە بە ئاشتی و ئارامی بژین.

٣- کار لەسەر ڕێکخستن و ڕێنمایکردنی بیر و ڕۆشنبیری دەکات و دەیانخاتە خزمەتی ئامانجەکانی کۆمەڵگەوە.

٤- ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە، بەتایبەتی کاتێک کۆمەڵگە پەیڕەوی سیستمێکی بەهایی زۆر باش دەکات(جابر، ٢٠٠٤: ٢٨٨).
٥- ڕووداوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەیان سەلماندووە، کە هەر نەتەوەیەک سێ سەرچاوەی سەرەکی هەیە، ئەوانیش ( هێز و پوختی و توانایی ) بەردەوامبوونی دەپارێزێت، یەکەم ئەو سەرچاوانەش بریتییە لەو سیستمە بەهایانەی پەیڕەوی دەکات و پێی دەژی و ئاستی پابەندبوونی خەڵکەکەی پێوەی دیاریدەکات، ئەمەش بوونیادی کۆمەڵایەتی نەتەوەکەی دەپارێزێت.
٦- مانەوەو بەردەوامبوونی کۆمەڵگە دەپارێزێت.
٧- بەهاکان ناسنامە و تایبەتمەندیی کۆمەڵگە دەپارێزێت.
٨- کۆمەڵگە لە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتە خراپەکان دەپارێزێت(بیومي، ٢٠٠٤: ٢٠٩).

## ٢- ٦- ڕەنگدانەوەی پەیامە میدیاییەکان لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان

### ٢-٦-١- گەنج و تایبەتمەندییەکانی

مەبەست لە گەنجان کە بە پێی ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاریان کردووە ئەو کەسانەن کە تەمەنیان لە نێوان (١٥– ٢٤) ساڵە، بەڵام هەندێک وڵات تەمەنی گەنج بە (١٢-٣٥) ساڵ دیاریدەکەن بە پێی ئەو یاسایانەی کە لە وڵاتەکەدا هەیە، یان بە پشت بەستن بە بەرپرسیارێتی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەنجان(زین، ٢٠١٥: ٢٢-٢٣).
هەروەها هەندێک تەمەنی (١٦-٢٥) ساڵ دیاریدەکەن بۆ گەنج بە پێی ئەوەی کە لەم ماوەیەدا مرۆڤ گەشەی جەستە و فکری دەگاتە ئاستێک کە توانای ئەنجامدانی ئەرکە جیاوازەکانی هەیە(جرار، ٢٠١٢: ٩٠).
قۆناغی گەنجێتی بە قۆناغی پێگەیشتن دەناسرێت، ئەویش ئەو قۆناغەیە کە بە تەمەنی (٢٠ یان ٢١) ساڵ دەستپێدەکات تا تەمەنی ٤٠ ساڵ. ئەم قۆناغە بەوە جیادەکرێتەوە کە مرۆڤ لە ڕووی فکر و عەقڵەوە کامڵ دەبێت(خضر، موقع الموضوع، ٢٠١٩).
گەنجان بناغەی کارا و چالاکی هەموو کۆمەڵگەیەکن، گەلیش ئاواتی باشی خۆی لەسەر گەنجان بوونیاد دەنێت، بەشێوەیەکی گشتیش گەل چییە؟ منداڵن و بۆ قۆناغی گەنجی ئامادە دەکرێن، گەنجانیش خەون و ئاواتەکانیان لە ژیانەوە بەدەستدەهێنن و چالاکی و کارایی خۆیانی پێدەبەخشن، دواتریش بەساڵاچووەکان لەسایەی گەنجێتیاندا دەحەوێنەوە و لەسەر پاشماوەی خۆشییەکەی دەژین، کەواتە ژیان تەنها کۆششکردنە بەرەو قۆناغی گەنجێتی، یاخود چێژوەرگرتن لە خێر و بێر و ڕێبازەکانی گەنجێتی، یان مەیلە بۆ جوانییەکانی یادگاری گەنجێتی و پاشماوەی خێر و بێرەکانی(جلال،٢٠١٤: ٨٥).
گرنگترین تایبەتمەندی و ڕۆڵەکانیان وەک هێزی گۆڕینی کۆمەڵگە بریتین لەوەی: گەنجان لە هەموان زیاتر بەرژخوازن لە کۆمەڵگەدا پرۆسەی گۆڕانکاری و پێشکەوتن لای ئەوان بەربەستی نییە، بناغەی گۆڕانکاری و ئەو هێزەشی توانای ڕوودانی هەیە، پێویستی بەوەیە پەلکێشکردنی وزەیان و بەکارهێنانی ئەو وزەیە ببێتە کاری لەپێشینەی سەرجەم ئەو دامەزراوە و کۆمەڵانەی هەوڵی گۆڕانکاری دەدەن. ئەمە لەکاتێکدا گەنجان ئەو توێژەن کە لە هەموان زیاتر بۆ گۆڕانکاری دەستدەدەن، هەروەها لە هەموان زیاتر قسە وەردەگرن و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و داهێنانی تیادا دەکەن. هاوکات لە هەموان ئاسانتر خۆیان دەگونجێنن، ئەوەش وادەکات ڕۆڵی سەرەکیان هەبێت لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا. جگە لەوەی گروتینی فیکری وزەی بەرچاوی گەنجان

هاوكاريانە بە ئاراستەی پێشكەوتن و چوست و چالاک لە كارلێككردندا هەنگاو بنێن لەگەڵ سەرجەم پێشهاتە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان(عبدالحميد، موقع مقال، ٢٠٢١).
لە گەرنگترین جیاكەرەوەكانی گەنجان بریتییە لە وزەی گۆڕانكاری و پێكهێنان، حەزی بەدواداچوون، هەمیشە پرسیاردەكات و درک دەكات بە هەموو ئەو شتانەی كە لە دەوری ڕوودەدەن(المعايطة، ٢٠٠٧: ١٦٩).

**تایبەتمەندییەكانی قۆناغی گەنجێتی لە ڕووی:**

**- لە ڕووی جەستەییەوە:** لەم قۆناغەدا جەستە دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن و كامڵبوون، جەستە شێوەی تایبەتی خۆی وەردەگرێت. لەم قۆناغەدا جەستە بەهێز و جوان دەبێت(كاظم، موقع بلاغ، ٢٠١٧).

**- لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە:** مرۆڤ لە قۆناغی گەنجێتیدا ڕزگاری دەبێت لە فەرمانی گەورەكان كە پێشتر لە قۆناغی منداڵیدا جێبەجێیدەكرد بە بێ ئەوەی ڕای خۆی بڵێ، یان تانەی لێبدات. هەروەها گەنجان باوەڕبەخۆبوونیان زۆر دەبێ و لە كۆمەڵگەدا ڕۆڵێكی دیاری دەبێت و هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەكانی دەدات.

**- لە ڕووی دەروونییەوە:** لە ڕووی دەروونییەوە گەنجان ڕۆحی ڕەتكردنەوە و یاخیبوونیان تیادا دروستدەبێت بەرامبەر ئەو شتانەی كە لە چواردەوریاندان، كە ئەمەش كارێكی سروشتییە وەک پەرچەكردارێک وایە بەرامبەر ئەو فەرمانانەی كە دەكرا بەسەریدا لە لایەن دایک و باوكییەوە لە قۆناغی منداڵیدا. هەمیشە ڕەخنە لە دابونەریتی كۆمەڵگە دەگرێت بێئەوەی سەرپێچی بكات، لەبەرئەوەی گەنج دەیەوێت سەربەخۆ بژی و بێ هیچ كۆتوبەندێک.

**- لە ڕووی فیكرییەوە:** بیركردنەوەی مرۆڤ دەگۆڕێت، لەگەڵ داخڵبوونی بە قۆناغی گەنجێتی مێشكی دەكرێتەوە و تواناكانی دەردەكەوێت بە شێوەیەكی ورد بیردەكاتەوە، دەربارەی هەموو كاروبارێكی ژیان و كۆمەڵگە دەپرسێت، هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستییەكانی دەدات. گوێ بە بیروبۆچوونی كەسانی تر نادات، هەمیشە بیرێكی تایبەت بە خۆی هەیە(بريجية، موقع موضوع، ٢٠١٧).

## ٢-٦-٢- ڕۆڵی گەنجان لەنێو كۆمەڵگەدا

گەنجان ڕۆڵێكی مەزنیان هەیە لە گەشەپێدان و بوونیادی كۆمەڵگەدا، ڕۆڵەكەشیان تەنها لە یەک بواردا چڕنابێتەوە، بەڵام لەگەڵ سەرجەم مەیدانە كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەكان و كەرتە جیاوازەكانی گەشەكردندا یەكدی دەبڕن(عبدالحميد، موقع مقال،٢٠٢١).
گەلێک ڕۆڵ هەن گەنجان لە كۆمەڵگەدا دەیگێڕن، كە بە هۆكاری سەرەكی بوونیادنان و ڕاچڵەكینی نەتەوە دادەنرێن، لە گرنگترین ئەو ڕۆڵانە، ڕۆڵی بنچینەییان لە هەڵبژاردنەكاندا، بەو پێیەی ڕۆڵێكی گەورە و گرنگیان لە بەشداریكردنی هەڵبژاردنەكاندا هەیە، چونكە دەنگەكانیان یەكلاكەرەوەن و ئایندەی وڵات دیاریدەكەن، جگە لەوەی ڕۆڵێكی گەورەیان هەیە لە بەشداریكردنی پرسەكانی پەیوەست بە ڕایگشتی، گرنگیپێدانیشیان بەو پرسانە دەیانكاتە توێژێكی گرنگی كۆمەڵگە، كە دەزانن مافەكانیان چین و چۆن بەدەستیاندەهێنن(موقع محتوى، ٢٠٢١ ).
لە لایەكی دیكەوە گەنجان هێزێكی كۆمەڵایەتی گەورەیان هەیە، بەو پێیەی لە هەندێک وڵاتدا زۆرترین ڕێژە و زۆرترین چالاكیان هەیە، لەهەمان كاتدا دەتوانن لە سەروبەندی بەشداریكردنیان لە كارەكانی پەرەپێدانی

کۆمەڵگەدا گۆڕانکاری زۆر لەسەرجەم مەیدانەکاندا بێتە کایەوە دەستیان لە چاکسازیکردنیدا هەبێت وبارودۆخی باشتر بۆ نەوەکانی داهاتوو بڕەخسێنن، ئەمەش گیانی دەستپێشخەرییە لای گەنجان(الزهيري، موقع الجزيرة، ٢٠١٤).

گەنجان لە کۆمەڵگەدا دەکەونە ژێر کاریگەری کارکردنیان بەشێوەیەکی خۆبەخشانە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە هاوکارە لە زیادکردنی بەرهەمهێنان لە ڕێگەی زیادکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی لە دامەزراوەکەدا کاردەکەن، لەپاڵ ئەوەدا گەنجان دەتوانن لە ڕێگای هاوئاهەنگی نێوانیانەوە فیلمی دۆکۆمێنتاری لەسەر نیشتمانەکانیان بەرهەمبهێنن بە ئامانجی ڕیکلامی گەشتیاری، ئەویش بەهۆی ئەو گڕوتین و چوست و چالاکییەی کە تیایاندایە.

هاوکات گەنجان دەتوانن بەشداربن لە پەرەپێدانی ئابووریدا، ئەویش لە ڕێگەی کردنەوەی ئەو پێشانگایانەی بە بازاڕکردن بۆ بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتەکانیان دەکەن، کە دواجار ئەوەش هاوکارە لە پەرەپێدانی ئابووری و ڕاکێشانی سەرنجی گەلانی جیهان بەلای بەرهەمەکانی ئەو وڵاتەدا، بە جۆرێک ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر بواری گەشتیاری وڵاتەکە دەبێت(موقع محتوى، ٢٠٢١ ).

تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی گشتی لەسەر کۆمەڵگە و بەشێوەیەکی تایبەت لەسەر گەنجان کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی هەیە، بە جۆرێک کە ڕەنگە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بەشێوەیەکی نەرێنی کاریان تێبکات، ئەویش بەهۆی نمایشکردنی دیمەنی نەگونجاو، پڕ لە توندوتیژی، وشەی نەشیاو. لە بەرامبەریشدا دەکرێت گەنجان وانەی بەنرخ لەبارەی بنەما کۆمەڵایەتییەکان و نواندنی ئاکاری جوان، وەربگرن وئاشنای زانیاری بەسوود بن لە بوارە جیاوازەکانی وەک بیرکاری و زمان، هاوکات دەکرێت هەندێک بەرنامە هانی ئارەزووی بینەری گەنج بدات سەردانی کتێبخانە و مۆزەخانە و شوێنەکای تر بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بۆماوەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر ئەدای ئەکادیمی دروستدەکات(موقع مكتبة نور، ٢٠٢١).

لەناو کۆمەڵگەدا گەلێک داخوازی لە گەنجان هەیە، وێڕای جیاوازی لە داخوازییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا بەڵام هەندێک خاڵی هاوبەش هەیە هەموو کۆمەڵگەکان پێویستیان پێی هەیە، بەو پێیەی کۆمەڵگە پێویستی بە گەنجەکانی هەیە میانڕەو بن و لە دەمارگیری و توندڕەوی و ڕەگەزپەرستی دووربکەونەوە کاتێک ڕووبەڕووی هەر پرسێکی پەیوەست بە کۆمەڵگەکەیان دەبنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر گەنجان پێویستە پەرە بە بەها ئەرێنییەکانی ناخی خۆیان بدەن، وەک گیانی کێبڕکێ و هەڵوەستەکردن و پەلەنەکردن لە دۆزینەوەی چارەسەری خێرا لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگیدا. بە تایبەت لە کاتێکدا کۆمەڵگە داخوازی ئەوەی لە گەنجان هەیە سووربن لەسەر پارێزگاریکردن لە ناسنامەی نیشتمان، چونکە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی سەردەم و بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیادا ژیان بووەتە گوندێکی بچووک، بۆیە دەبێت پارێزگاری لە کەسایەتی کۆمەڵگە بکرێت(موقع محتوى، ٢٠٢١).

## ٢-٦-٣- ڕەنگدانەوەی میدیا لە سەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان

بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەی کە لە بوارەکانی تەکنەلۆژیدا ڕوویداوە بە تایبەت لە بوارەکانی ڕاگەیاندندا (ڕۆژنامە- ڕادیۆ- کەناڵە ئاسمانییەکان- ئینتەرنێت) کە ئەمانە هەموویان کاریگەریان هەبووە لە سەر گەنجان لەڕووی بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە، میدیا زیاتر هەڵدەستێت بە پاڵپشتیکردنی بەهاکۆمەڵایەتییەکان وەک لە گۆڕینی. هەروەها ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵگە و گوێزەرەوەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکانی ترە و ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتاری تاک لە کۆمەڵگەدا و ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دروستبوونی کارەکتەری کۆمەڵایەتی تاکەکان(جلال، ٢٠١٤: ٨٨).

گەشەسەندنی تەکنۆلۆژی لە میدیادا، کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەیە، ئەو گەشەسەندنەشی خۆی لە نەمانی بەربەستەکانی کات و شوێن لەنێوان تاک و گەلان و فەرهەنگی دەوڵەتە جیاوازەکاندا دەبینێتەوە، کاری لەسەر دۆزینەوەی بەهای نامۆ بە کۆمەڵگە کردووە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی لەسەر قەوارەی بەهای کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگە هەیە، بەجۆرێک گەنجان خۆیان لەبەردەم دوو جۆر بەهادا دەبیننەوە، بەهایەکی کلاسیکی بەجێماو لە فەرهەنگی باو، هەروەها بەهایەکی نوێ لەڕێگای گەشەسەندنی ئابووری و سیاسی و تەکنۆلۆژی، کە ئەمەش ململانێی بەهاکانی لەلای ئەو گەنجانە لێدەکەوێتەوە(راتب،٢٠٠٦: ٢٠٥).

میدیا کاریگەی هەیە لەسەر دروستکردنی ڕایگشتی یەکگرتوو سەبارەت بە ڕووداوێک، یان بابەتێک، بەمەش دەبێتە بەشێکی جیانەکراوە لە ڕۆشنبیری کۆمەڵگە، هەروەها هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی ئەو بیرانەی کە پشتیان بە هیچ پێوەرێک نەبەستووە، کە ئەمەش هەڕەشەیە بۆسەر یەکڕیزی کۆمەڵگە لەڕووی بەها و ئەخلاقەوە، بۆیە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی بواری ڕاگەیاندن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت کارلێکی هۆشیارانە هەبێت لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو شێوەکانییەوە لەلایەن کۆمەڵگە و بە تایبەتی تر لەلایەن خێزانەوە(مهدي، موقع اِعرابي، ٢٠٢٠).

لای خۆشیەوە میدیا هەڵدەستێت بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، ئەویش لەڕێگای باسکردنی ناوەرۆکە جیاوازەکانەوە، جا هەواڵی بێت، یان ڕۆشنگەری، یاخود کات بەسەربردن ، کە ئامانج لێیان بەدەستهێنانی بەهای نوێیە لەلایەن تاکەوە، یاخود پاڵپشتیکردنی بەهای کۆن و بەرهەڵستیکردنی بەهای نوێ، یان گۆڕینی بەهایەک بە بەهایەکی نوێ، کە زۆربەی کات ئەوەش بەبێ ئاگایی جەماوەر ڕوودەدات، لێرەشدا ئاماژە بە مەترسی ڕۆڵی میدیا وەک سەرچاوەی بەهای کۆمەڵایەتی دەکەین لەڕێگای گواستنەوەی فەرهەنگی کۆمەڵگەی دیکە کە هەڵگری بەها و داب و نەریتی بیانین و لەگەڵ کۆمەڵگەکانماندا گونجاو نین، ئەویش بەهۆی نمایشکردنی بەرنامە و دراما و فیلمی بیانی، کە وەک داگیرکارییەکی فەرهەنگی کاریگەری نەرێنی لەسەر بەهای کۆمەڵگە بەجێدەهێڵێت، لەکاتێکدا دەبێت ئەوە لەچوارچێوەی ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی نێوان دەوڵەتاندا بێت(عجوة،٢٠٠٤: ١٥).

میدیاش بە سەرچاوەی بەهای کۆمەڵایەتی دادەنرێت، ئەویش لەڕێگای هەڵسانی بە کاری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی، بەوپێیەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو پرۆسەیەی بەهۆیەوە تاک کولتووری کۆمەڵەکەی بەدەستدەهێنێت، هەروەها درک بە ئامرازە کۆمەڵایەتییەکانی دەکات و ڕەفتارێک دەگرێتەبەر کە لەگەڵ پێشبینی ئەوانی دیکەدا یەکدەگرێتەوە، پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیش لە منداڵییەوە تاوەکو بەساڵاچوون درێژدەبێتەوە(جلال، ٢٠١٤: ٨٤).

بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان بە تایبەت دراما بیانییەکان دەکرێت چەندین بەهای جیاواز لە بەها کۆمەڵایەتییەکان لەخۆبگرێت، هەندێکجار پێچەوانەی بەها و دابوونەریتەکانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە گەنجان کە بینەری ئەمجۆرە درامایانەن ئەم بەهایانە وەردەگرن لە ژێر دروشمی لاساییکردنەوەی شارستانێتی بیانی(طه، موقع جريدة كنوز عربية، ٢٠١٩).

هەروەها میدیا ڕۆڵێکی گرنگ لە تێرکردنی پێویستییەکانی گەنجان و مامەڵەکردن لەگەڵیان و هاوکاریکردن لە چەسپاندنی کەسایەتی گەنجدا دەگێڕێت، بەو پێیەی لە بواری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵدەگێڕێت، بەتایبەت کە تەلەڤزیۆن لە گەنجانەوە نزیکترە، بەو پێیەی کاتێکی زۆریان دەبات و بەوشێوەیەش جڵەوی حەز و مێشکیان دەکات و دواجار تەلەڤزیۆن دەبێتە هاوبەشی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی(جلال،٢٠١٤: ٨٤).

هەموو ئەمانە کاردەکەنە سەر گەنجان بە تایبەت لەسەرپێکهاتەی دەروونی و کاردانەوەکانیان، هەروەها کاردەکاتە سەر ڕێژەی ئامادەباشیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژیانی واقیعیدا کە ئەمەش وادەکات هەندێکیان ڕابکەن و بکشێنەوە لە واقیعی ژیان. لە لایەکی ترەوە کاردەکات لەسەر قووڵبوونەوەی هەست و سۆزی خود، زیاتر لە پەیوەستبوونە کۆمەڵایەتی و قووڵبوونەوەی هەست بە نامۆبوون(طه، موقع جريدة كنوز عربية، ٢٠١٩).

توێژی گەنجانیش زیاتر لە توێژەکانی دیکە شوێن بەها و ڕەفتاری نێو دراما دۆبلاژکراوەکان دەکەون، چونکە چاویان لەوەیە کە لە جیهاندا ڕوودەدات و هەوڵدەدەن لاسایی نەریتەکان بکەنەوە و چاوی لێبکەن و دژە باو بن، ئەوەش بە مەترسی بۆسەر کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی دادەنرێت(المصري، ٢٠١٣: ٣٦٥).

لێرەشەوە ڕادەی گرنگی میدیا و بەتایبەت تەلەڤزیۆن لەو ڕۆڵە گرنگەدا ڕووندەبێتەوە کە لە گواستنەوەی بەها و ڕێباز و بیروباوەڕەکانی گەنجاندا دەیگێڕێت، حاڵەتی سروشتییش ئەوەیە فەرهەنگی گەنجان لقێک بێت لە فەرهەنگی کۆمەڵگە کاتێک فەرهەنگی کۆمەڵگە بەدەستدەهێنن، بەڵام ئەوە پێویستی بە فەراهەمکردنی بارودۆخی دیاریکراو هەیە کە خۆی لە نمایشکردنی ئەو ناوەرۆکە میدیاییە دەبینێتەوە کە بەشێوەیەکی ڕۆتینی بیر و بەها و ڕەفتار و ڕێبازی تێدایە، واتا بەشێوەیەکی بەردەوام لە بەرنامەکاندا بوونی هەیە، لەگەڵ فەراهەمبوونی بەرکەوتنی چڕی گەنجان بە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان و کارلێکی سنورداری گەنجان لەگەڵ خێزان و دامەزراوەکانی پێگەیاندنی دیکە(جلال،٢٠١٤: ٨٦).

# بەشی سێیەم

## چوارچێوەی پڕاکتیکی توێژینەوەکە

## پێگە و ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی

**٣-١- پێگەی درامای تورکی دۆبلاژکراو لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا**

**٣-٢- دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان لە پارێزگای سلێمانیدا**

# بەشی سێیەم

# چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکە

## پێگە و ڕەنگدانەوەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی

لەم بەشەدا توێژەر هەوڵدەدات بەشێوەیەکی پراکتیکی بچێتە نێو ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بە درامای تورکی دۆبلاژکراو و ئەو بەهایانەی لەناو کۆمەڵگەدا بڵاویدەکەنەوە، کە لە دوو بوار پێکدێت، بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

### ٣-١- پێگەی درامای تورکی دۆبلاژکراو لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

مەبەست بەئاگابوونە لە پێگەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەڕووی (ژمارە، جۆر، جۆری فلتەر و ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە پەخشی ئەو درامایانەوە). توێژەر لە ڕێگەی ئامرازی چاوپێکەوتنی زانستییەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری کەناڵ و بەڕێوەبەری بەشی دۆبلاژی ١٠ کەناڵی ئاسمانی کوردی گەیشتووە بەم ئەنجامانە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٦).

### - ژمارەی درامای تورکی دۆبلاژکراو لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

خشتەی ژمارە (٢) کە گوزارشتە لە ژمارەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لە نێو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بۆمان دەردەکەوێت کە بە درێژایی دە ساڵی ڕابردوو لە نێو ئەم دە کەناڵە ئاسمانییەدا، دراما تورکییەکان گرنگی زۆریان پێدراوە، بە تایبەت کەناڵی (کوردماکس) کە لە پلەی یەکەمدایە، بەڵام کەناڵی (کوردسات) و (ئێن ئارتی چوار) کەمترین درامای تورکیان دۆبلاژکردووە و کەناڵی (کوردسات) لە پلەی دەیەمدایە. هەردوو کەناڵ لە ساڵی (٢٠١٩)ەوە بڕیاری ڕاگرتنی دۆبلاژکردنی درامای تورکیان داوە بە هەموو جۆرێک.

**خشتەی (٢)**

**ژمارەی درامای تورکی دۆبلاژکراو لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا**

| کەناڵی ئاسمانی | ژمارەی درامای تورکی | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| کوردماکس | ٩٠ | ٤٩.١٨ | ١ |
| کوردماکس شۆ | ٣٠ | ١٦.٣٩ | ٢ |
| نێت تیڤی | ١٨ | ٩.٨٣ | ٣ |
| وارتیڤی | ١٣ | ٧.١٠ | ٤ |
| سپێدە | ١١ | ٦.٠١ | ٥ |
| ئێن ئارتی دوو | ٨ | ٤.٣٧ | ٦ |
| ئاڤا تیڤی | ٥ | ٢.٧٣ | ٧ |
| پەیام | ٤ | ٢.١٨ | ٨ |
| کوردسات | ٣ | ١.٦٣ | ٩ |
| ئێن ئارتی چوار | ١ | ٠.٥٤ | ١٠ |
| کۆی گشتی | ١٨٣ | ١٠٠٪ | |

**- پێگەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان بەراورد بە دراما بیانییەکانی تر لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا**

لە خشتەی ژمارە (٣)ەوە کە گوزارشتە لە پێگەی دراما دۆبلاژکراوەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا کە ژمارەیان دە کەناڵی ئاسمانییە، دەبینین کە دراما بیانییەکانی تری وەک (کۆری، چینی، ئەمەریکی، هیندی، ڕووسی، ژاپۆنی، پۆڵەندی، فارسی، سوری) لە پلەی یەکەمدان و درامای تورکی لە پلەی دووەمدایە. لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە درامای تورکی لە نێو دراما بیانییەکاندا گرنگی زۆری پێدراوە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا لە لایەن کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە.

**خشتەی ژمارە (٣)**

**پێگەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان بەراورد بە دراما بیانییەکانی تر لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا**

| دراما | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| تورکی | ١٨٣ | ٢٤.١٤ | ٢ |
| دراما بیانییەکانی تر | ٥٧٥ | ٧٥.٨٥ | ١ |
| کۆی گشتی | ٧٥٨ | ١٠٠٪ | |

**- جۆری درامای تورکی دۆبلاژکراو لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا**

لە خشتەی ژمارە (٤)ەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان گرنگی زۆریان داوە بەو دراما تورکیانەی لە جۆری (ڕۆمانسی)ن و لە پلەی یەکەمدایە، ئەو دراما تورکیانەی چیرۆکەکانیان کۆمەڵایەتین و لە نێو دراماکەدا دیمەنی (ڕۆمانسی و ئاکشن و کۆمێدی) بەدیدەکرێت، بینەرێکی زۆریان هەیە، هەربۆیە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان گرنگی زۆر دەدەن بەو درامایانەی لە جۆری (کۆمەڵایەتی- ڕۆمانسی)ن، بەڵام ئەو درامایانەی لە جۆری (پەروەردەیی – مێژوویی – ئایینی)ن لە پلەی شەشەمدان و گرنگیان زۆر کەمتر پێدەدرێت لەلایەن کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**جۆری درامای تورکی دۆبلاژکراو لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا**

| جۆری دراما | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| کۆمەڵایەتی | ٣١ | ١٦.٣ | ٢ |
| پەروەردەیی | ٢ | ١.٠٩ | ٦ |
| ڕۆمانسی | ١٢٠ | ٦٥.٥٧ | ١ |
| تراژیدیا | ٢ | ١.٠٩ | ٦ |
| ئاکشن | ١١ | ٦.٠ | ٣ |
| کۆمێدی | ١٠ | ٥.٤٦ | ٤ |
| مێژوویی | ٢ | ١.٠٩ | ٦ |
| مێژوویی – ئایینی | ٣ | ١.٦٣ | ٥ |
| ئایینی | ٢ | ١.٠٩ | ٦ |
| کۆی گشتی | ١٨٣ | ١٠٠٪ | |

### - شێوازی دەستنیشانکردنی درامای تورکی بۆ دۆبلاژکردن لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

خشتەی ژمارە (٥) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ هەڵبژاردنی هەر درامایەکی تورکی تا دۆبلاژ بکرێتە سەر زمانی کوری بە فلتەرێکدا تێدەپەڕێت، یەکێک لەو فلتەرانەی زۆرترین کەناڵی ئاسمانی کوردی پەیڕەوی دەکەن بریتییە لە (ئەندامانی بۆردی کەناڵ) کە لە پلەی یەکەمدایە و بڕیاردەدەن لە دەستنیشانکردنی ئەو دراما تورکیانەی کە گونجاون بۆ پەخش. بەشێکی تر لە کەناڵە کوردییەکان (لیژنەی تایبەت) پێکدەهێنن بۆ هەڵسەنگاندنی دراما تورکییەکان تا چەند گونجاوە لەگەڵ کولتوور و دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا. (بەشی دۆبلاژ) لە بەشێک لە کەناڵە کوردییەکاندا هەڵدەستن بە دیاریکرن و هەڵبژاردنی دراما تورکییەکان، بەڵام (ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی و ئایینی) یەکێکی ترە لەو فلتەرانەی کە بەشێکی زۆر کەم لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەڵبژاردنی دراما تورکییەکاندا پەیڕەوی دەکەن و لە پلەی سێیەمدایە، لە کاتێکدا زۆر گرنگە ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی و ئایینی ببنە فلتەر بۆ هەڵبژاردنی درامای گونجاو بۆ پەخش و پێویستە تەواوی زنجیرە دراماکە سەیر بکرێت دواتر بڕیار بدرێت تا چەند گونجاوە لەگەڵ دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێوکۆمەڵگەی کوردی، چونکە بەشێکی زۆرلە خێزانەکان پێکەوە تەماشای ئەو درامایانە دەکەن و بوونی دیمەنی نەگونجاو و نەشیاو بۆ خێزان و بە تایبەت منداڵان و هەرزەکاران ڕەنگە کاریگەری نەرێنی بەجێبهێڵێت.

**خشتەی ژمارە (٥)**

**شێوازی دەستنیشانکردنی درامای تورکی بۆ دۆبلاژکردن لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا**

| جۆری فلتەرلە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا | ژمارەی کەناڵ | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| لیژنەی تایبەت | ٢ | ٢٠ | ٢ |
| بەشی دۆبلاژ | ٢ | ٢٠ | ٢ |
| ئەندامانی بۆردی کەناڵ | ٣ | ٣٠ | ١ |
| بە هاوبەشی بەشی دۆبلاژ و ئەندامانی بۆرد | ٢ | ٢٠ | ٢ |
| ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی و ئایینی | ١ | ١٠ | ٣ |
| کۆی گشتی | ١٠ | ١٠٠٪ | |

### - جۆری دیالێکتە کوردییەکان لە پەخشکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکاندا

خشتەی ژمارە (٦) ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەو زۆرترین ئەو دراما تورکیانەی کە دۆبلاژدەکرێنە سەر زمانی کوردی جۆری دیالێکتی ناوەڕاستە (سۆرانی)، کە لە پلەی یەکەمدایە، بەڵام کەمترین درامای تورکی دۆبلاژدەکرێتە سەر دیالێکتی کرمانجی ژوورو (بادینی)، کە لە پلەی سێیەمدایە، بەشێک لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دۆبلاژی دەکەنە سەر هەردوو دیالێکت هەتاوەکو زۆرترین بینەری هەبێت لە کوردستاندا.

**خشتەی ژمارە (٦)**

**جۆری دیالێکتە کوردییەکان لە پەخشکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکاندا**

| جۆری دیالێکت | ژمارەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| کرمانجی ناوەڕاست | ١٥٠ | ٨١.٩٦ | ١ |
| کرمانجی ژووروو | ١٣ | ٧.١٠ | ٣ |
| هەردووکیان | ٢٠ | ١٠.٩٢ | ٢ |
| کۆی گشتی | ١٨٣ | ٪١٠٠ | |

## - ناوەندی دۆبلاژکردنی دراما تورکییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

لە خشتەی ژمارە (٧)ەوە دەبینین کە زۆرترین کەناڵی ئاسمانی کوردی پەنا دەبەنە بەر دۆبلاژکردنی دراما تورکییەکان لە (بەشی دۆبلاژی کەناڵ) و لە پلەی یەکەمدایە. ئەوەی توێژەر تێبینی کردووە دوای وەرگرتنی نرخی دۆبلاژی دراماکان کە لە بەشی دۆبلاژی کەناڵ بە نرخێکی زۆر کەمتر دۆبلاژ دەکرێت بەراورد بە کۆمپانیاکانی دۆبلاژ، بەڵام (کۆمپانیاکانی دۆبلاژ) و (بە هاوبەشی دۆبلاژی کەناڵ و کۆمپانیاکان) لە پلەی سێیەمدایە. هەر بۆیە بەشێکی زۆر لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەشێکیان بە ناوی بەشی دۆبلاژ پێکهێناوە و خۆیان کاری دۆبلاژی دراما تورکییەکان دەکەن. بە نزیکەیی بۆ هەر زنجیرەیەکی (٤٥) خولەکی دۆبلاژی درامای تورکی بۆ زمانی کوردی لە بەشی دۆبلاژی کەناڵ ١٠٠$ تێدەچێت، بەڵام بەراورد بە نرخی دۆبلاژی دراما تورکییەکان لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی دۆبلاژەوە بۆ هەر (٤٥) خولەکێک بە گشتی ٤٠٠$ تێدەچێت، ئەم جیاوازییە زۆرەی نرخی دۆبلاژ هۆکارێکە بەشێکی زۆری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەشی دۆبلاژ لە نێو کەناڵەکانیاندا دادەمەزرێنن (ئادەم، ٢٠٢١ ).

**خشتەی ژمارە (٧)**

**ناوەندی دۆبلاژکردنی دراما تورکییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا**

| ناوەندی دۆبلاژ | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| کۆمپانیاکانی دۆبلاژ | ٣ | ٣٠ | ٢ |
| بەشی دۆبلاژی کەناڵ | ٤ | ٤٠ | ١ |
| بە هاوبەشی دۆبلاژی کەناڵ و کۆمپانیاکان | ٣ | ٣٠ | ٢ |
| کۆی گشتی | ١٠ | ٪١٠٠ | |

## - دەستکەوتی مادی لە ڕێگەی پەخشی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکانەوە

خشتەی ژمارە (٨) لەم خشتەیەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ڕێگەی بوونی سپۆنسەرەوە دەستکەوتی مادیان دەستدەکەوێت، کە کۆمپانیاکان دەبنە سپۆنسەر و لە پلەی یەکەمدایە. درامای تورکی بازاڕێکی زۆری هەیە و بەشێکی زۆر لە کەناڵە کوردییەکان هۆکاری زۆری درامای تورکی دەگەڕێننەوە بۆ مارکێتینگ و داوای زۆری بینەران و کۆمپانیاکان لەسەر دراما تورکییەکان(عەلی،٢٠٢١).

ڕیكلام هۆكارێكی گرنگە بۆ دەستكەوتی مادی بۆ كەناڵەكان، ڕیكلامەكان لە ناوبڕی دراما توركییەكاندا دادەنرێت. دانانی ستیكەریش لە كاتی پەخشكردنی دراماكاندا بەم ساڵانەی دوایی بەكاردەهێنرێت لە لایەن كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكانەوە، بە تایبەت لە كاتی دراما و ئەو بەرنامانەی بینەری زۆریان هەیە، كۆمپانیاكان داوا دەكەن لۆگۆكانیان پیشانبدرێت بە شێوازی ستیكەر لە بەشی خوارەوەی شاشەكەدا و لە پلەی سێیەمدایە.

**خشتەی ژمارە (٨)**

**دەستكەوتی مادی لە ڕێگەی پەخشی دراما توركییە دۆبلاژكراوەكانەوە**

| دەستكەوتی مادی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| سپۆنسەر | ٦ | ٦٠ | ١ |
| ڕیكلام | ٣ | ٣٠ | ٢ |
| ستیكەر | ١ | ١٠ | ٣ |
| كۆی گشتی | ١٠ | ١٠٠٪ | |

## - جۆری سانسۆر لەسەر دراما توركییە دۆبلاژكراوەكان بەر لە پەخشكردنیان

ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە كە ئەو كەناڵانەی وەك نموونە وەرگیراون لە كاتی پەخشكردنی دراما توركییە دۆبلاژكراوەكاندا چەندین جۆری سانسۆریان بەكارهێناوە، هەندێكیان هاوبەشن، بەڵام دیارترین سانسۆر كە زۆرترین بەكارهێنانی هەبووە لەلایەن كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكانەوە، كە گۆڕینی دیالۆگە بۆ ئەو دیمەنانەی كە سوكایەتی و بێڕێزی تیادایە و نەگونجاوە لەگەڵ دابونەریتی كۆمەڵگەی كوردیدا. مەبەست لە گۆڕینی دیالۆگ، ئەوەیە كاتێک دیمەنێكی نێو دراما توركییەكان دەگۆڕدرێت بۆ دیالۆگێكی گونجاو لەگەڵ كولتوور و دابونەریت و بەهای كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی كوردیدا. بە جۆرێک لە نێو دیمەنەكەدا بێڕێزی بەرامبەر بە ئایین بكرێت، یان سوێندخواردنی تیادا بێت، یان بوونی ئاماژەیەكی سیاسی، هەروەها بڕینی سڕكەر و كحول، واتە بڕینی ئەو دیمەنانەی كە (خواردنەوە كحولییەكان وجگەرەكێشان)یان تیادایە لە پلەی یەكەمدایە. پاشان سانسۆری تاوانی تۆقێنەر كە بڕینی ئەو دیمەنە نەشیاوانەیە، وەک ئەو دیمەنانەی كە كوشتن و خوێنڕشتنیان تیادایە، كە دەبنە هۆی تۆقاندن و ترساندنی بینەران لە پلەی دووەمدایە. یەكێكی تر لەو سانسۆرانەی لە بەشێک لە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان بەكاریانهێناوە بریتییە لە بڕینی ئەو دیمەنانەی كە وروژاندنی سێكسی تیدایە وەک (ماچ و باوەش و سێكس) لە پلەی سێیەمدایە، هەروەها بڕینی ئەو دیمەنانەی پێشاندان و ئاماژەدانە بە هاوڕەگەزخوازی لە پلەی چوارەمدایە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩) كە تیایدا جیاواز لە خشتەكانی دیكە (٤١) دووبارە هەبووە لەبەر ئەوەی بەرتوێژان زیاتر لە سانسۆرێكیان دیاریكردووە.

**خشتەی ژمارە (٩)**

**جۆری سانسۆر لەسەر دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان بەر لە پەخشکردنیان**

| جۆری بڕین | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| سوکایەتی و بێڕێزی | ١٠ | ٢٤.٣٩ | ١ |
| سڕکەر و کحولی | ١٠ | ٢٤.٣٩ | ١ |
| تاوانی تۆقێنەر | ٩ | ٢١.٩٥ | ٢ |
| وروژاندنی سێکسی | ٧ | ١٧.٠٧ | ٣ |
| هاوڕەگەزخوازی | ٥ | ١٢.١٩ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٤١ | ٪١٠٠ | |

## ٣-٢- ئەنجامی وەڵامی بەرتوێژان سەبارەت بە دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان لە پارێزگای سلێمانیدا (ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی)

### ٣-٢-١- تایبەتمەندی دیمۆگرافی لێتوێژراوانی توێژینەوەکە:

دوای هەڵاوێردکردنی زانیارییە بنەڕەتییەکانی تایبەت بە لێتوێژەران، دەردەکەوێت کە لە ڕووی ڕەگەزەوە مێ لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (٦٠,٦٪) و نێر پلەی دووەمی بەدەستهیناوە بە ڕێژەی (٣٩,٤٪)، لە ڕووی تەمەنەوە بە پلەی یەکەم ئەوانە دێن کە تەمەنیان لە نێوان (١٨-٢٥)ساڵدایە بە ڕێژەی (٥٥,٦٪) و پلەی سێیەم ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان (٢٦-٣٣) ساڵدایە بە ڕێژەی (٢٠,٥٪). سەبارەت بە ئاستی خوێندەواری لێتوێژەرانیش، دەرچوانی ( پەیمانگا و زانکۆ) بە پلەی یەکەم دێن بە ڕێژەی (٧١,٥٪)، ئەو لێتوێژەرانەی (نەخوێندەوارن) لە پلەی پێنجەمدان بە ڕێژەی (١,٥٪). لە ڕووی پیشەوە بێکارلە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (٣٩,٧٪) و کاری سەربەخۆ لە پلەی چوارەمدایە بە ڕێژەی (١٧,٢٪). لە ڕووی باری خێزانیشەوە بە پلەی یەکەم ئەو لێتوێژەرانە دێن کە (سەڵتن) بە ڕێژەی (٥٧,٩٪) و (جیابووەوە) بە ڕێژەی (٤,٦٪) لە پلەی سێیەمدایە. لە ڕووی خەرجی مانگانەوە کەمتر لە (٢٥٠) هەزار لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (٣٦,٨٪) و زیاتر لە (یەک ملیۆن) دینارلە پلەی پێنجەمدایە بە ڕێژەی (١٣,٦)، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠).

## خشتەی ژمارە (١٠)

## خستنەڕووی زانیارییە دیمۆگرافییەکانی لێتوێژەران

| گۆڕاوەکان | بژاردەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ١١٩ | ٣٩,٤ | ٢ |
| | مێ | ١٨٣ | ٦٠,٦ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٣٠٢ | ١٠٠ % | |
| تەمەن | ١٨-٢٥ ساڵ | ١٦٨ | ٥٥,٦ | ١ |
| | ٢٦-٣٣ ساڵ | ٦٢ | ٢٠,٥ | ٣ |
| | ٣٤-٤١ ساڵ | ٧٢ | ٢٣,٨ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٣٠٢ | ١٠٠ % | |
| ئاستی خوێندن | نەخوێندەوار | ٣ | ١,٥ | ٥ |
| | بنەڕەتی | ١٣ | ٤,٣ | ٤ |
| | ئامادەیی | ٤٣ | ١٤,٢ | ٢ |
| | پەیمانگاو زانکۆ | ٢١٦ | ٧١,٥ | ١ |
| | خوێندنی باڵا | ٢٧ | ٨,٩ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٣٠٢ | ١٠٠ % | |
| پیشە | بێکار | ١٢٠ | ٣٩,٧ | ١ |
| | کارمەندی حکومی | ٧٧ | ٢٥,٥ | ٢ |
| | کارمەندی کەرتی تایبەت | ٥٣ | ١٧,٥ | ٣ |
| | کاری سەربەخۆ | ٥٢ | ١٧,٢ | ٤ |
| | کۆی گشتی | ٣٠٢ | ١٠٠ % | |
| باری خێزانی | سەڵت | ١٧٥ | ٥٧,٩ | ١ |
| | خێزاندار | ١١٣ | ٣٧,٤ | ٢ |
| | جیابووەوە | ١٤ | ٤,٦ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٣٠٢ | ١٠٠ % | |
| خەرجی مانگانە | کەمتر لە ٢٥٠ هەزار دینار | ١١١ | ٣٦,٨ | ١ |
| | ٢٥٠بۆ ٥٠٠ هەزار دینار | ٥٣ | ١٧,٥ | ٢ |
| | ٥٠٠بۆ ٧٥٠ هەزار دینار | ٥١ | ١٦,٩ | ٣ |
| | ٧٥٠بۆ کەمتر لە ١ ملیۆن دینار | ٤٦ | ١٥,٢ | ٤ |
| | زیاد لە ١ ملیۆن دینار | ٤١ | ١٣,٦ | ٥ |
| | کۆی گشتی | ٣٠٢ | ١٠٠ % | |

## ٣-٢-٢- تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەلایەن گەنجانەوە

### ١. کاتژمێری تەماشاکردنی درامای تورکی دۆبلاژکراو لەلایەن گەنجان لە ڕۆژێکدا

دوای هەڵاوێردکردنی وەڵامی لێتوێژەران سەبارەت بەوەی لە ڕۆژێکدا چەند کاتژمێر بە تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکانەوە بەسەردەبەن، بڕگەی (کەمتر لە یەک کاتژمێر) لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (٤٨.٧٪) و (٣-٤ کاتژمێر) لە پلەی پێنجەمدایە بە ڕێژەی (٤.٠٪) لە نێو بڕگەکانی دیکەی کاتژمێری تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان. ئەم ئەنجامە هاوشێوەی ئەنجامی توێژەر(جلال،٢٠١٤: ١٦٣)ە کە ڕۆژانە گەنجان تەماشای دراما دۆبلاژکراوەکان دەکەن و (کەمتر لە یەک کاتژمێر) لە ڕۆژێکدا بە ڕێژەی (٢٢.٩٪)ە و (زیاتر لە ٣ کاتژمێر) بە ڕێژەی (١٢.٢٪)بوو. ئەمە ئاماژەیە بۆئەوەی کە گەنجان لە پارێزگای سلێمانیدا ڕۆژانە تەماشای دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان دەکەن بە لایەنی کەمەوە یەک زنجیرە درامای تورکی لە ڕۆژێکدا، بڕوانە خشتەی ژمارە (١١).

**خشتەی ژمارە (١١)**

**کاتژمێری تەماشاکردنی درامای تورکی دۆبلاژکراو لە لەلایەن گەنجان لە ڕۆژێکدا**

| کاتژمێرەکانی تەماشاکردن | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە ١ کاتژمێر | ١٤٧ | ٤٨.٧ | ١ |
| ١-٢ کاتژمێر | ٨٥ | ٢٨.١ | ٢ |
| ٢-٣ کاتژمێر | ٤١ | ١٣.٦ | ٣ |
| ٣-٤ کاتژمێر | ١٢ | ٤.٠ | ٥ |
| ٤ زیاتر | ١٧ | ٥.٦ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٣٠٢ | ١٠٠.٠٪ | |

### ٢. تەماشای درامای تورکی دۆبلاژکراو لەگەڵ دەوروبەر

دوای هەڵاوێردکردنی وەڵامی لێتوێژەران بۆمان دەردەکەوێت ئەو گەنجانەی تەماشای دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان دەکەن لەگەڵ ئەندامانی خێزان بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (٤٩.٧٪)، لەگەڵ هاوڕێکان بە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (٦.٠٪). ئەم ئەنجامە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی توێژەر(جلال، ٢٠١٤: ١٧٣) کە بەرتوێژەکانی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ خێزانەکانیاندا تەماشای دراما دۆبلاژکراوەکان دەکەن بە ڕێژەی (٣٤.٧٪) و لە پلەی یەکەمدایە ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی خێزانەکان درکیان نەکردووە بەو مەترسیانەی کە ئەم زنجیرانە هەیانە لەسەر بەهای خێزانی و کۆمەڵایەتی.

ئەم ئەنجامە پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی توێژەر(زین، ٢٠١٤: ١٣٧)ە کە گەنجان ئارەزوو دەکەن بە تەنها تەماشای دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان بکەن بە ڕێژەی (٦٥.٣٠٪) و لەگەڵ خێزان بە ڕێژەی (٢٨.٥٧٪) و لەگەڵ هاوڕێیاندا بە ڕێژەی (٦.١٢٪)، گەنجانی کۆمەڵگەی جەزائیر دەیانەوێت بە تەنها تەماشای ئەو درامایانە بکەن، لەبەرئەوەی ئەو درامایانە هەندێ دیمەنی ڕۆمانسی لە خۆدەگرێت کە گونجاو نییە و ناتوانن لەگەڵ خێزاندا تەماشای بکەن. هەروەها ئەم ئەنجامەی خشتەی ژمارە (١٢) ئاماژەیە بۆ نەبوونی چاودێری خێزانی بەسەر

منداڵ وهەرزەکارانەوە. لە کاتێکدا تەمەنی منداڵان و هەرزەکاران گونجاو نییە بۆ تەماشاکردنی ئەو درامایانەی کەسوکار تەماشای دەکەن، تەنانەت گەر کەناڵەکە دیمەنە سێکسییەکانیش پەخش نەکەن، ئەوا دواجار هەندێک چەمک هەن ڕۆدەچنە نێو هزری منداڵەوە کە بێگەردییەکەی لەڕێگای سروشتی ژیان و دەستەواژە دزەکراوەکانی نێو دیمەنەکانەوە لەدەستدەدات، تەنانەت نیگاگۆڕینەوە و ئەو دیمەنە سۆزداریانەشی لەکۆتاییەکەیدا دەپچڕێنرێت، وا لە منداڵ دەکات پرسیاری ئەوە بکەن لەپشت دیمەنە پچڕاوەکانەوە چی ڕوودەدات. لە لایەکی ترەوە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕەچاوی دیاریکردنی تەمەنی ئەو بینەرانە ناکەن کە گونجاوە تەماشای ئەو جۆرە درامایانە بکەن و کاتی پەخشکردنی ئەو دراما تورکیانە لە کاتێکدایە کە خێزانەکان پێکەوە کۆدەبنەوە لە ماڵەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٢).

**خشتەی ژمارە (١٢)**

**تەماشای درامای تورکی دۆبلاژکراو لەگەڵ دەوروبەر**

| بژاردەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بە تەنیا | ١٣٤ | ٤٤.٤ | ٢ |
| لەگەڵ ئەندامانی خێزان | ١٥٠ | ٤٩.٧ | ١ |
| لەگەڵ هاوڕێکان | ١٨ | ٦.٠ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٣٠٢ | ١٠٠.٠ | |

## ٣- ئامرازی بەکارهاتوو بۆ تەماشاکردنی درامای تورکی دۆبلاژکراو لەلایەن گەنجان

دوای هەڵاوێردکردنی داتاکان بۆمان دەردەکەوێت کە گەنجان تەماشای دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان دەکەن لە ڕێگەی ئامرازی تەلەڤزیۆنەوە، تەلەڤزیۆن بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (٧١.٢٪) . لە ڕێگەی (تابلێت) بە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (١.٣٪) و کەمترین بەکارهێنەری هەیە. ئەم ئەنجامەی کە توێژەر پێیگەشتووە لەم بڕگەیەدا هاوتایە لەگەڵ ڕاپۆرتی شیکاری (ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٩)(حکیم،٢٠١٩: ٢٦) کە لەم ڕوپێویەشدا گەنجان متمانەیەکی زۆریان بە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن هەیە بەراورد بە ئامرازەکانی تر و پێش تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کەوتووە، کە مەزەندە دەکرا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانی مۆبایل پێش ئامرازەکانی تر بکەون، بەڵام بەکارهێنانی تەلەڤزیۆن بە ڕێژەی (٤٩٪) دێت و لە پلەی یەکەمدایە، هەروەها لە نێو هەمان ڕاپۆرتی شیکاری گەنجان لە نێو ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنیانەی پەخشدەکرێن لە تەلەڤزیۆنەوە ( دراما و فیلم) زۆرترین بینەریان هەیە لە لایەن گەنجانەوە و بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (٦٧.٧٪). هەروەها ئەم ئەنجامە هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەی توێژەر(کماش و بلخلفة،٢٠١٨: ١٣٦) کە گەنجان بۆ تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان ئامرازی تەلەڤزیۆن بە باشترین ئامراز دادەنێن و ئەویش بە ڕێژەی لە (٥٤.٢٪) پاش ئەو ئامرازی مۆبایل بە ڕێژەی (٢٣.٣٪) دێت. پاشتر ئامرازی کۆمپیوتەر بە (١٦.٨١٪) پاشان تابلێت بە (٥.٦٪) دێت، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە تەلەڤزیۆن ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە جیاکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە کەناڵەکان پەخشی دەکەن، بە جۆرێک کە بینەر هەمیشە تامەزرۆی بینینی ئەو کەناڵانە دەبێت کە دراما تورکییە دۆبلاژکراوە دڵخوازەکانیان پەخشدەکەن، لەبەرئەوەی ئامرازی تەلەڤزیۆن

چێژبەخشترە لە ئامرازەکانی تر و دەتوانرێت بە تەنها، یان لەگەڵ ئەندامانی خێزاندا تەماشای بکەن، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٣).

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**ئامرازی بەکارهاتوو بۆ تەماشاکردنی درامای تورکی دۆبلاژکراو لەلایەن گەنجان**

| بژاردەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| تەلەڤزیۆن | ٢١٥ | ٧١.٢ | ١ |
| کۆمپیوتەر | ١٤ | ٤.٦ | ٣ |
| مۆبایل | ٦٩ | ٢٢.٨ | ٢ |
| تابلێت | ٤ | ١.٣ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٣٠٢ | ١٠٠.٠٪ | |

## ٤- دیارترین ئەو کەناڵانە ئاسمانییە کوردیانەی گەنجان تەماشای دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکانی لێوە دەکەن

دوای هەڵاوێردکردنی داتاکان بۆمان دەردەکەوێت کە کەناڵی ئاسمانی ( کوردماکس) لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (٤٠.١٪) و پڕبینەرترینە لەلای گەنجان، بەڵام ئاڤا میدیا لە پلەی پێنجەمدایە بە ڕێژەی (٧.٩٪). کوردماکس لە ماوەی ڕابردوودا یەکێکە لەو کەناڵە ئاسمانییە کوردیانەی کە زۆرترین درامای تورکی دۆبلاژ کردووە بەپێی بەدواداچوونی توێژەر* بۆ کەناڵەکان. لە نێو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا زۆرترین درامای تورکی دۆبلاژکردووە، کە سەروو (١٥٠) درامای تورکییە. درامای (لێم ببورە) کە لە کوردماکس پەخشدەکرا، بۆ ماوەی چوار ساڵ بەردەوام بووە و توانیبووی بینەریکی زۆر بۆ خۆی ڕابکێشیت بەهۆی زۆری زنجیرەکان و جۆری دراماکە لە جۆری (کۆمەڵایەتی– ڕۆمانسی) بوو، زیاتر ڕووداوەکانی تیشکی دەخستە سەر پەیوەندییە سۆزدارییەکان و پیشاندانی دیمەنی ڕۆمانسی. توێژەر تێبینی کردووە کە ئەم کەناڵە گرنگی زۆر بە جۆری درامای (کۆمەڵایەتی و ڕۆمانسی) دەدات بەراورد بە جۆرەکانی تری دراما، کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی گەنجان و کۆکردنەوەی بینەرێکی زۆر بەهۆی ناوەرۆک و چیرۆکی ئەو درامایانە کە بەهای کۆمەڵایەتی نامۆ لەخۆدەگرێت بۆ گەنجان، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٤) (تێبینی؛ توێژەر تەنیا ئاماژەی بەو کەناڵە ئاسمانییە کوردیانە کردووە کە لە ئێستادا درا تورکییە دۆبلاژکراوەکان پەخش دەکەن).

**خشتەی ژمارە (١٤)**

**دیارترین ئەو کەناڵانە ئاسمانییە کوردیانەی کە گەنجان تەماشای دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکانی لێوە دەکەن**

| کەناڵە ئاسمانییەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| کوردماکس | ١٢١ | ٤٠.١ | ١ |
| کوردماکس شۆ | ٤٢ | ١٣.٩ | ٤ |
| نێت تیڤی | ٧٠ | ٢٣.٢ | ٢ |
| ئاڤا میدیا | ٢٤ | ٧.٩ | ٥ |
| ئێن ئاڕتی دوو | ٤٥ | ١٤.٩ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٣٠٢ | ١٠٠.٠٪ | |

## ٥- تەماشاکردنی درامای تورکی دۆبلاژکراو لە لەلایەن گەنجان لە ڕۆژێکدا

دوای هەڵاوێردکردنی داتاکان بۆمان دەردەکەوێت کە گەنجان لە ڕۆژێکدا تەماشای ١ دراما دەکەن و لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (٥٠.٠٪)، بەڵام (لە ٣ دراما زیاتر) لە پلەی چوارەمدایە بە ڕێژەی (٨.٦٪). ئەمەش لەگەڵ خشتەی ژمارە (١١) یەکدەگرێتەوە کە گەنجان ڕۆژانە کەمتر لە یەک کاتژمێر تەماشای دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان دەکان. ئەمە ئاماژەیە بۆ ڕاستگۆیی وەڵامی گەنجان، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٥).

**خشتەی ژمارە (١٥)**

**تەماشاکردنی درامای تورکی دۆبلاژکراو لە لەلایەن گەنجان لە ڕۆژێکدا**

| ژمارەی دراماکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ١ دراما | ١٥١ | ٥٠.٠ | ١ |
| ٢ دراما | ٨٥ | ٢٨.١ | ٢ |
| ٣دراما | ٤٠ | ١٣.٢ | ٣ |
| لە ٣ دراما زیاتر | ٢٦ | ٨.٦ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٣٠٢ | ١٠٠.٠٪ | |

## ٦- دیارترین جۆری ئەو دراما تورکییە دۆبلاژکراوانەی گەنجان تەماشای دەکەن

دوای هەڵاوێردکردنی داتاکانی پەیوەست بە دیارترین جۆری ئەو درامایانەی کە گەنجان تەماشای دەکەن درامای (کۆمەڵایەتی) لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (٣٢.٥٪) و جێی سەرنج و بایەخی گەنجانە، بەڵام درامای (دینی) لە پلەی دەیەمدایە بە ڕێژەی (٢.٣٪) و کەمترین بینەری هەیە لە نێو گەنجاندا. ئەم ئەنجامە هاوتایە بە ئەنجامی توێژینەوەی توێژەران (کماش وبلخلفة،٢٠١٨: ١٤٤) کە جۆری ئەو دراما تورکیانەی دڵخوازی گەنجانن جۆری کۆمەڵایەتییە بە ڕێژەی (٢٩.٣٧٪)، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی قۆناغی گەنجێتی قۆناغێکی هەستیار و پڕ لە گۆڕانکارییە فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژیەکانە کە وایکردووە دراما ڕۆمانسییەکان بەشێک لە حەز و ئارەزووی گەنجان پڕبکەنەوە بەهۆی چیرۆکی ئەو جۆرە درامایانە کە باس لە دروستکردنی پەیوەندی خۆشەویستی و هاوڕێیەتی دەکات و سەرنج و هەست و سۆزی گەنجان ڕادەکێشێت لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا، وەک کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە ئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی زانست و کرانەوەی بە ڕووی جیهاندا، کەناڵە ئاسمانییەکان یەکێکن لە هۆکارەکانی ئەو کرانەوەیە لە دراماکان بوونەتە هۆی هەناسەدانێکی سۆزداری بۆ گەنجان کە بەهۆی کۆمەڵگە داخراوەکانەوە هەست و سۆزەکانیان شاردووەتەوە. کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە گشتی زۆر گرنگی بە دراما کۆمەڵایەتی و ڕۆمانسییەکان دەدەن و بینەرانیش دەیانەوێت تەماشای ئەو جۆرە درامایانە بکەن، بە تایبەت گەنجان وەک لەم ئەنجامەوە دەردەکەوێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٦).

**خشتەی ژمارە (١٦)**

**دیارترین جۆری ئەو دراما تورکییە دۆبلاژکراوانەی گەنجان تەماشای دەکەن**

| جۆری دراما | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| کۆمەڵایەتی | ٩٨ | ٣٢.٥ | ١ |
| ڕۆمانسی | ٧٤ | ٢٤.٠ | ٢ |
| ئاکشن | ٢٢ | ٧.٣ | ٥ |
| کۆمیدی | ٣٢ | ١٠،٦ | ٣ |
| سیاسی | ٩ | ٣.٠ | ٩ |
| ئایینی | ٧ | ٢.٣ | ١٠ |
| مێژوویی | ١٢ | ٤.٠ | ٧ |
| جەنگی | ١٠ | ٣.٣ | ٨ |
| پۆلیسی- تاوان | ٢٥ | ٨.٣ | ٤ |
| تراژیدی | ١٣ | ٤.٣ | ٦ |
| کۆی گشتی | ٣٠٢ | ١٠٠.٠٪ | |

## ٧- گفتۆگۆی گەنجان لە کاتی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا

دوای هەڵاوێردکردنی داتاکان ڕووندەبێتەوە کە (بەڵێ) گەنجان لەگەڵ خێزانەکانیاندا گفتوگۆ لەسەر ڕووداوەکانی نێو دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان دەکەن لە کاتی تەماشاکردن و دوای تەماشاکردنی ئەو درامایانە لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (٥٦.٣٪)، بەڵام (نەخێر) لە پلەی دووەمدایە بە ڕێژەی (٤٣.٧٪)، ئەم ئەنجامە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی توێژەر (همیسي، ٢٠١٤: ٩٥) کە بەرتوێژەکان گفتوگۆ لەگەڵ خێزانەکانیان دەکەن لە کاتی تەماشاکردنی دراما دۆبلاژکراوەکان بە ڕێژەی (٨٧.٦٪) و بەرزترین ڕێژەی بەرتوێژەکان لەم توێژینەوەیەدا تەماشای درامای تورکی دۆبلاژکراو دەکەن بە ڕێژەی (٥١.٣٪)، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٧).

**خشتەی ژمارە (١٧)**

**گفتۆگۆی گەنجان لە کاتی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا**

| وەڵامەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٧٠ | ٥٦.٣ | ١ |
| نەخێر | ١٣٢ | ٤٣.٧ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٣٠٢ | ١٠٠.٠٪ | |

## ٨- ئەو بابەتانەی کە گەنجان گفتوگۆی لەسەر دەکەن پاش تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان

دوای هەڵاوێردکردنی داتاکانی پەیوەست بە ئەو بابەتانەی گەنجان گفتوگۆی لەسەر دەکەن لە کاتی تەماشاکردن و دوای تەمەشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان دەرکەوتووە کە پەیوەندییە سۆزدارییەکانیان لە پلەی یەکەمدایە بە

ڕێـژەی (٢١.٩٪) و نـاو و نازنـاوی ئەکتەرەکـان لە پـلەی هەشـتەمدایە بە ڕێـژەی (٥.٠). ئەم ئەنجـامە پـێچەوانەی ئەنجـامی تـوێژینەوەی تـوێژەر (همیسـي،٢٠١٤: ٩٧) کە گەنجـان گفتوگـۆدەکەن لەسـەر ئەو گرفتـانەی کە توشـی ئەکتەرەکان دەبێت و چۆن چارەسەری دەکەن لە پلەی یەکەمدایە بە ڕیژەی (٤٤.٢٪) و شێوازی ژیانکردنیان بە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (٣٢.٥٪). ئەمە ئامـاژەیە بـۆ ئەوەی کە گەنجـان شـێوازی پیشـاندان و چنینـی ڕووداوەکـان و پەیوەندییە سۆزدارییەکانی نێوان ئەکتەرانی نێو دراما تورکییەکان سـەرنجی گەنجـان زیـاتر ڕادەکێشێت و هەر بـۆیە تەماشای دراما کۆمەڵایەتی و ڕۆمانسییەکان زیاتر دەکەن. هەربۆیە کەنـاڵە ئاسمانییە کوردییەکـان زیـاتر گرنگـی بە دراما تورکییەکان دەدەن لە جـۆری (کـۆمەڵایەتی و ڕۆمانسـی) تـا سـەرنجی بینـەران بە گشـتی و گـەنجان بەتـایبەتی بەلای دراماکاندا ڕابکێشێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٨). (*تێبینی، هۆکاری بەرزی ڕێژەی وەڵامەکـان بەراورد بە ژمارەی بەشداربوان کە ١٧٠ کەسە ئەوەیە کە زیاتر لە بژاردەیەکیان هەڵبژاردووە).

**خشتەی ژمارە ( ١٨)**

**ئەو بابەتانەی کە گەنجان گفتوگۆی لەسەر دەکەن**

| بابەتەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| پەیوەندییە سۆزدارییەکانیان | ٦٦ | ٢١,٩ | ١ |
| جوانی ئەکتەرەکان | ٦٣ | ٢٠,٩ | ٢ |
| پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان | ٥٥ | ١٨,٢ | ٣ |
| شێوازی ژیانکردنیان | ٢١ | ٧,٠ | ٤ |
| ستایل و جلوبەرگی ئەکتەرەکان | ٢٠ | ٦,٦ | ٥ |
| دیکۆرات و بەکارهێنانی ڕەنگەکان | ١٩ | ٦,٣ | ٦ |
| ئەوگرفتانەی کە تووشی ئەکتەرەکان دەبێت | ١٨ | ٦,٠ | ٧ |
| ناو و نازناوی ئەکتەرەکان | ١٥ | ٥,٠ | ٨ |
| کۆی گشتی | *٢٧٧ | ١٠٠,٠ | |

## ٣-٢-٣- درامای تورکی دۆبلاژکراو و بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان

بۆ ئاشکراکردنی ئەنجامی لایەنی پراکتیکی تایبەت بە لایەنی پێوانەکردن لەم تـوێژینەوەیەدا، تـوێژەر مـامەڵەی لەگەڵ وەڵامـی ئەو لێتـوێژەرانەدا کـرد کە تەماشـای درامـا تـورکییە دۆبلاژکراوەکـان دەکەن و وەڵامـی فـۆڕمی پێوانەکردنەکەیان داوەتەوە کە ژمارەیان (٣٠٢) گەنج بوو. بۆ گەیشتن بە چارەسـەرە ئامارەییەکـان و دەرهێنـانی نێوەندی ژمێرەیی ولادانی پێوەری و بڕگەکـان و پلەبەنـدکردنیان، تـوێژەر پرۆگرامـی(SPSS)ی بەکارهێنـاوە بـۆ دیاریکردنی ئاستی ڕەنگدانەوە و کاریگەری ئەو دراما تورکییە دۆبلاژکـراوانە، هەربـۆیە تـوێژەر ئەم ڕێگـایەی گرتووەتەبەر:

بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە بژاردەی لیکتەری سیانی بەکارهێناوە، بژاردەی ( لەگەڵیدام) بەهای ٣ وەردەگرێت، بژاردەی (بێلایەنم) بەهای ٢ وەردەگرێت، بژاردەی (لەگەڵیدا نیم) بەهای ١ وەردەگرێت، لەسەر ئەم بنەمایە بۆ دەرهێنانی مەودا (range)، زۆرترین بەها، کەمترین بەهای لێدەردەکەین و دابەشی کۆی بژاردەکانی دەکەین تا

ئەنجامی مەودا بەردەست دەكەوێت، واتە: (٣-١=٢) (٢÷٣= ٠.٦٦) واتە مەودا دەكاتە ٠.٦٦ بۆیە ڕادەی كاریگەرێتی لەسەر پلەی بژاردەكان بەمشێوەیە دەبێت (١ تا ١.٦٦) كاریگەرێتی لاواز دەبێت، (١.٦٧ تا ٢.٣٣) كاریگەرێتی مامناوەند دەبێت، (٢.٣٤ تا ٣) كاریگەرێتی بەهێز دەبێت، ئەنجامی لایەنی پراكتیكی توێژینەوەكە بەگوێرەی فۆرمی پێوانەییەكە بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

## یەكەم / پاڵنەرەكانی تەماشاكردنی دراما توركییە دۆبلاژكراوەكان

### - پاڵنەرە دەروونییەكانی تەماشاكردنی دراما توركییە دۆبلاژكراوەكان:

دوای هەڵاوێردكردنی بڕگەكانی تەوەرەی تایبەت بە پاڵنەرە دەروونییەكانی تەماشاكردنی دراما توركییە دۆبلاژكراوەكان لە لایەن گەنجانەوە دەركەوت بەگشتی لە ئاستێكی مامناوەندایە، لەسەر ئاستی بڕگەكان بڕگەی (خووپێوەگرتن) بە پلەی یەكەم دێت بەراورد بە تێگڕای بڕگەكانی دیكەی پاڵنەرە دەروونییەكان بە نێوەندی ژمێرەیی (٢.٤٩) و لادانی پێوانەیی (٠.٨٠٦) كە ئاماژەیە بۆ ئاستێكی بەهێز، بەڵام بڕگەی (هەڵاتن لە ڕاستییەكانی ژیان) بە پلەی حەوتەم دێت بە نێوەندی ژمێرەیی (٢.٠٣) لادانی پێوانەیی (٠.٨٨٧) كە ئاماژەیە بۆ ئاستێكی ناوەند، ئەم ئەنجامە پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی توێژەر(أسامة،٢٠١٧: ٧٨) كە بەهێزترین پاڵنەرە دەروونییەكانی تەماشاكردنی دراما توركییە دۆبلاژكراوەكان بریتییە لە (هەڵاتن لە ڕاستییەكانی ژیان) و بە پلەی یەكەم دێت بەڕێژەی (٣٦٪) و (نزیكی ژیانم لە ڕووداوەكانی نێو دراماكە) بە پلەی پێنجەم دێت بە ڕێژەی (٠.٠٥٪)، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٩).

## ژمارەی خشتە (١٩ )
## پاڵنەرە دەروونییەکانی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان

| | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ئاست | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| برگەکان/دەروونییەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | | | | |
| هەڵاتن لە ڕاستییەکانی ژیان | ١٢٣ | ٤٠.٧ | ٦٥ | ٢١.٥ | ١١٤ | ٣٧.٧ | ٢.٠٣ | ٠.٨٨٧ | مامناوەند | ٧ |
| پڕکردنەوەی بۆشاییە دەروونییەکان | ١٢٣ | ٤٠.٧ | ٨١ | ٢٦.٨ | ٩٨ | ٣٢.٥ | ٢.٠٨ | ٠.٨٥٣ | مامناوەند | ٦ |
| هەستکردن بە تەنیایی | ١٤٤ | ٤٧.٧ | ٦٥ | ٢١.٥ | ٩٣ | ٣٠.٨ | ٢.١٧ | ٠.٨٧١ | مامناوەند | ٤ |
| خووپێوەگرتن | ٢٠٧ | ٦٨.٥ | ٣٥ | ١١.٦ | ٦٠ | ١٩.٩ | ٢.٤٩ | ٠.٨٠٦ | بەهێز | ١ |
| نزیکی ژیانم لە ڕووداوەکانی نێو دراماکە | ١٣٨ | ٤٥.٧ | ٨٩ | ٢٩.٥ | ٧٥ | ٢٤.٨ | ٢.٢١ | ٠.٨١٥ | مامناوەند | ٣ |
| چاولێکەری ( شێوازی پۆشینی جلوبەرگ- شێوازی قسەکردن- گرنگیدان بە ڕووکەش) | ١٣٥ | ٤٤.٧ | ٦٥ | ٢١.٥ | ١٠٢ | ٣٣.٨ | ٢.١١ | ٠.٨٨١ | مامناوەند | ٥ |
| چارەسەرکردنی گرفتە دەروونییەکان | ١٥٤ | ٥١.٠ | ٧٠ | ٢٣.٢ | ٧٨ | ٢٥.٨ | ٢.٢٥ | ٠.٨٤١ | مامناوەند | ٢ |
| کۆی گشتی | دووبارە | | | ڕێژەی سەدی | | | ٢.١٩ | ٠.٨٥٠ | مامناوەند | ٤ |
| | ٣٠٢ | | | ١٠٠% | | | | | | |

**- پاڵنەرە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان:**

دوای هەڵاوێردکردنی بڕگەکانی تەوەرەی تایبەت بە پاڵنەرە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لە لایەن گەنجانەوە دەرکەوت بەگشتی لە ئاستێکی بەهێزدایە، لەسەر ئاستی بڕگەکان بڕگەی (پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان) بە پلەی یەکەم دێت بەراورد بە بڕگەکانی دیکەی پاڵنەرە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان بە نێوەندی ژمێرەیی (2.58) و لادانی پێوانەیی (٠.٧٥١) کە ئاماژەیە بۆ ئاستێکی بەهێز و ئەم بڕگەیە ئەوە دەردەخات کە گەنجانی کورد بێکارن و کاتی بەتاڵیان زۆرە، بەڵام بڕگەی (ئاشنابوون بە ژیانی کەسایەتییە مێژووییەکانی وڵاتی تورکیا) بە پلەی حەوتەم دێت بە نێوەندی ژمێرەیی (2.١٦) لادانی پێوانەیی (٠.٨٤٧) کە ئاماژەیە بۆ ئاستێکی مامناوەند، بە پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی توێژەر(أسامة،٢٠١٧: ٧٩) کە بەهێزترین پاڵنەرە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان بریتییە لە (ئاشنابوون بە کولتوور و دابونەریتی کۆمەڵگەی تورکی) کە لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (٣٠٪)، بەڵام لاوازترین پاڵنەری کولتووری و کۆمەڵایەتی بریتییە لە (ئاشنابوون بە ژیانی کەسایەتییە مێژووییەکانی وڵاتی تورکیا) کە بە پلەی حەوتەم دێت بە ڕێژەی (٠.٠٦٪)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٠).

## ژمارەی خشتە (٢٠)
## پاڵنەرە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان

| بڕگەکان/ پاڵنەرە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدا نیم | | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ئاست | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | | | | |
| ئاشنابوون بە کولتوور و دابونەریتی کۆمەڵگەی تورکی | ١٩٥ | ٦٤.٦ | ٣٦ | ١١.٩ | ٧١ | ٢٣.٥ | ٢.٤١ | ٠.٨٦٥ | بەهێز | ٥ |
| ئاشنابوون بە جوانی پۆشاکە تورکییەکان | ١٩٥ | ٦٤.٦ | ٣٥ | ١١.٦ | ٧٢ | ٢٣.٨ | ٢.٤١ | ٠.٨٤٩ | بەهێز | ٤ |
| ئاشنابوون بە شێوازی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی تورکیا | ١٨٨ | ٦٢.٣ | ٤١ | ١٣.٦ | ٧٣ | ٢٤.٢ | ٢.٣٨ | ٠.٨٤٩ | بەهێز | ٦ |
| دۆزینەوەی هەندێک ناوچەی گەشتیاری و مێژوویی | ٢٢٣ | ٧٣.٨ | ٣٢ | ١٠.٦ | ٤٧ | ١٥.٦ | ٢.٥٨ | ٠.٧٤٦ | بەهێز | ٢ |
| ئاشنابوون بە ژیانی کەسایەتییە مێژووییەکانی وڵاتی تورکیا | ١٣٥ | ٤٤.٧ | ٧٩ | ٢٦.٢ | ٨٨ | ٢٩.١ | ٢.١٦ | ٠.٨٤٧ | مامناوەند | ٧ |
| نەبوونی درامای کوردی خۆماڵی | ٢١١ | ٦٩.٩ | ٣٨ | ١٢.٦ | ٥٣ | ١٧.٥ | ٢.٥٢ | ٠.٧٧٦ | بەهێز | ٣ |
| پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان | ٢٢٢ | ٧٣.٥ | ٣٢ | ١٠.٦ | ٤٨ | ١٥.٩ | ٢.٥٨ | ٠.٧٥١ | بەهێز | ١ |
| کۆی گشتی | دووبارە | | | ڕێژەی سەدی | | | ٢.٤٣ | ٠.٨١٢ | بەهێز | ٤ |
| | ٣٠٢ | | | %١٠٠ | | | | | | |

**- پاڵنەرە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان:**

دوای هەڵاوێردکردنی بڕگەکانی تەوەرەی تایبەت بە پاڵنەرە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لە لایەن گەنجانەوە، دەرکەوت بەگشتی لە ئاستێکی بەهێزدایە، لەسەر ئاستی بڕگەکان بڕگەی (زانینی سروشت و جوگرافیای وڵاتانی تر) بە پلەی یەکەم دێت بەراورد بە بڕگەکانی دیکەی پاڵنەرە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بە نێوەندی ژمێرەیی (٢.٣٩) لادانی پێوانەیی (٠.٨٣١) کە ئاماژەیە بۆ ئاستێکی بەهێز، بەڵام بڕگەی (چارەسەکردنی کێشەکۆمەڵایەتییەکان بە ڕێگای نوێ و مۆدێرن) بە پلەی پێنجەم دێت بە نێوەندی ژمێرەیی (٢.٠٤) لادانی پێوانەیی (٠.٨٤٤)کە ئاماژەیە بۆ ئاستێکی مامناوەند، ئەم ئەنجامە هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەی توێژەر (أسامة،٢٠١٧: ٨١) کە بەهێزترین پاڵنەرە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی تەماشاکردنی درامای تورکی دۆبلاژکراوەکان بریتییە لە (زانینی سروشت و جوگرافیای وڵاتانی تر) کە بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (٣٥٪)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢١).

## ژمارەی خشتە (٢١)
## پاڵنەرە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان

| بڕگەکان/ پاڵنەرە پەروەردەیی و فێرکارییەکان | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدا نیم | | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاست | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | | | | |
| زانینی سروشت و جوگرافیای وڵاتانی تر | ١٨٦ | ٦١.٦ | ٤٨ | ١٥.٩ | ٦٨ | ٢٢.٥ | ٢.٣٩ | ٠.٨٣١ | بەهێز | ١ |
| ئاشنابوون بە ڕادەی پێشکەوتنی تورکیا لە بوارە جیاجیاکاندا | ١٨٤ | ٦٠.٩ | ٤٢ | ١٣.٩ | ٧٦ | ٢٥.٢ | ٢.٣٦ | ٠.٨٥٨ | بەهێز | ٢ |
| ئاشنابوون بە ئەویندارى بێگەردی نێوان پاڵەوانەکان | ١٠٣ | ٣٤.١ | ١١١ | ٣٦.٨ | ٨٨ | ٢٩.١ | ٢.٠٥ | ٠.٧٩٥ | بەهێز | ٤ |
| ئاشنا بوون بە ناوی ئەکتەر و هونەرمەندانی تورکیا | ١٣٩ | ٤٦.٠ | ٦٨ | ٢٢.٥ | ٩٥ | ٣١.٥ | ٢.١٥ | ٠.٨٧٠ | مامناوەند | ٣ |
| چارەسەکردنی کێشەکۆمەڵایەتییەکان بە ڕێگای نوێ و مۆدێرن | ١١٣ | ٣٧.٤ | ٨٧ | ٢٨.٨ | ١٠٢ | ٣٣.٨ | ٢.٠٤ | ٠.٨٤٤ | مامناوەند | ٥ |
| کۆی گشتی | دووبارە: ٣٠٢ | | | ڕێژەی سەدی: ١٠٠% | | | ٢.٢ | ٠.٨٤٠ | بەهێز | ٣ |

**- پاڵنەری جوانیناسی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان:**

دوای هەڵاوێردکردنی بڕگەکانی تەوەرەی تایبەت بە پاڵنەرە جوانیناسییەکانی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان لە لایەن گەنجانەوە دەرکەوت بە گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە، لەسەر ئاستی بڕگەکان بڕگەی (جوانی دیکۆری ناوماڵەکانی دراماکە) بە پلەی یەکەم دێت بەراورد بە بڕگەکانی دیکەی پاڵنەرە جوانیناسییەکان بە نێوەندی ژمێرەیی (٢.٦٦) لادانی پێوانەیی (٠.٦٧٦) کە ئاماژەیە بۆ ئاستێکی بەهێز، بەڵام بڕگەی (یەکسانی جێندەری) بە پلەی هەشتەم دێت بە نێوەندی ژمێرەیی (١.٨٣) لادانی پێوانەیی (٠.٨١٣) کە ئاماژەیە بۆ ئاستێکی مامناوەند، ئەم ئەنجامە نزیکە لە ئەنجامەکانی توێژینەوەی توێژەر (أسامة،٢٠١٧: ٨٢) کە بەهێزترین پاڵنەری جوانیناسی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان بریتییە لە (سەرنجڕاکێشی ڕووخساری ئەکتەرەکان) بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (٢٤٪) و (جوانی دیکۆری ناوماڵەکانی دراماکە) بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (١٨٪).

هەروەها یەکێک لە گرنگترین پاڵنەرەکانی تری جوانیناسی بۆ تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان بریتییە لە ڕەگەزە هونەرییە پێشکەوتووەکان لەڕووی سەرنجڕاکێشی ڕووخساری ئەکتەرەکان و بەرزی کوالێتی (وێنە و دەنگ و ڕەنگی) دراماکە و بەرزی ئاستی دەرهێنان و بەرهەمهێنانیان بەرزترین ڕێژەی بەدەستهێناوە کە لە پلەی دووەم و سێیەمدایە و یەکێکە لە بەهێزترین پاڵنەرەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەر و گەنجان. هەروەها گرنگیدانی دەرهێنەر بە ڕیزبەندی دیمەنەکان و وێنەگرتنی دیمەنەکان بە شێوازێک کە نزیکترە لە واقیع نەوەک خەیاڵاوی، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٢).

## ژمارەی خشتە( ٢٢ )
## پاڵنەری جوانیناسی تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان

| برگەکان/ پاڵنەری جوانیناسی | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدا نیم | | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ئاست | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | | | | |
| سەرنجڕاکێشی ڕوخساری ئەکتەرەکان | ٢٣٣ | ٧٧.٢ | ٣٢ | ١٠.٦ | ٣٧ | ١٢.٣ | ٢.٦٥ | ٠.٦٨٩ | بەهێز | ٢ |
| تەلارسازی باڵەخانەکان | ٢٠٧ | ٥٨.٥ | ٥٢ | ١٧.٢ | ٤٣ | ١٤.٢ | ٢.٥٤ | ٠.٧٣١ | بەهێز | ٦ |
| سەرنجڕاکێشی چیرۆکی دراماکان | ١٨١ | ٥٩.٩ | ٤٨ | ١٥.٩ | ٧٣ | ٢٤.٢ | ٢.٣٦ | ٠.٨٤٦ | بەهێز | ٧ |
| جوانی دیکۆری ناوماڵەکانی دراماکە | ٢٣٥ | ٧٧.٨ | ٣٢ | ١٠.٦ | ٣٥ | ١١.٦ | ٢.٦٦ | ٠.٦٧٦ | بەهێز | ١ |
| بەرزی کوالێتی (وێنە و دەنگ و ڕەنگی) دراماکە | ٢٢٧ | ٧٥.٢ | ٣٨ | ١٢.٦ | ٣٧ | ١٢.٣ | ٢.٦٣ | ٠.٦٩٣ | مامناوەند | ٣ |
| چێژبینین لە میوزیک و گۆرانییەکانی نێو دراماکە | ٢١٧ | ٧١.٩ | ٣٧ | ١٢.٣ | ٤٨ | ١٥.٩ | ٢.٥٦ | ٠.٧٥٢ | بەهێز | ٥ |
| بەرزی ئاستی نواندنی ئەکتەرەکان | ٢١٤ | ٧٠.٩ | ٤٨ | ١٥.٩ | ٤٠ | ١٣.٢ | ٢.٥٨ | ٠.٧١٥ | بەهێز | ٤ |
| یەکسانی جێندەری | ٧٨ | ٢٥.٨ | ٩٤ | ٣١.١ | ١٣٠ | ٤٣.٠ | ١.٨٣ | ٠.٨١٣ | مامناوەند | ٨ |
| کۆی گشتی | دووبارە | | | ڕێژەی سەدی | | | ٢,٤٨ | ٠.٧٤٠ | بەهێز | ٤.٥ |
| | ٣٠٢ | | | ١٠٠% | | | | | | |

**دووەم/ تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی و کەسێتی گەنجان**

**- تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان:**

دوای هەڵاوێردکردنی بڕگەکانی تەوەرەی تایبەت بە تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان دەرکەوت بەگشتی لە ئاستێکی مامناوەندایە، لەسەر ئاستی بڕگەکان بڕگەی (دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ناپاکی لە نێوان هاوسەرەکان)دا بە پلەی یەکەم دێت بە نێوەندی ژمێرەیی (٢.٧٢) لادانی پێوەری (٠.٦٣٠) کە ئاماژەیە بۆ ئاستێکی بەهێز، بەڵام بڕگەی (دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕاستگۆیی لە نێوان تاکەکان)دا بە پلەی سیانزەیەم دێت بە نێوەندی ژمێرەیی (١.٥٨) لادانی پێوەری (٠.٧٦٨) کە ئاماژەیە بۆ ئاستێکی لاواز.

کەواتە بەپێی ئەو ئەنجامانە دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان کاریگەری نەرێنیان هەیە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و دەبنە هۆی لە ناوچوونی بەها کۆمەڵایەتییە ڕەسەنەکانی نێوکۆمەڵگە بە تایبەت لەو کۆمەڵگانەدا کە لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە لاوازن، ئەمە کاری داگیرکاری ڕۆشنبیری ئاسان دەکات، بە تایبەت کە دەبێتە هۆی ئەوەی گەنجان لاسایی شێوازی پۆشینی جلوبەرگ و قسەکردن و ڕێکخستنی قژ و دیکۆرات بکەنەوە، کە ئەمە وادەکات گەنجان بکەونە ژێر کاریگەری بەها کۆمەڵایەتییە نامۆکانەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٣).

## خشتەی ژمارە (٢٣ )

## تەماشاکردنی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان

| برگەکان | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدا نیم | | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ئاست | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | | | | |
| دەبێتە هۆی زیادکردنی هاوکاری نێوان تاکەکان | ٧٣ | ٢٤.٢ | ٨٩ | ٢٩.٥ | ١٤٠ | ٤٨.٤ | ١.٧٨ | ٠.٨١١ | مامناوەند | ٨ |
| دەبێتە هۆی زیاتر پابەندبوون بە بەڵێن و پەیمانەکانەوە | ٥٩ | ١٩.٥ | ٧١ | ٢٣.٥ | ١٧٢ | ٥٧.٠ | ١.٦٣ | ٠.٧٩٢ | لاواز | ١١ |
